ژماره
40
ساڵی چوارەم
ئایار ٢٠٢٠
جۆزەردان ٢٧٢٠

# ئازادیی کۆمەڵگە

Azadî Komelge

www.komelge.com
Political, Intellectual and Social monthly Magazine
گۆڤارێکی سیاسی، هزری، جڤاکی مانگانەیە

## باشووری کوردستان و وەرچەرخانی مەزن



**د. محەمەد ئەمین**
دەسەڵاتی میلیشیایی
هەموو دامەزراوە
ئابوورییەکانی تاڵانکرد ٤

**تەحسین قادر**
بەکارهێنانی کەرتی گشتی بۆ
ملیاردێرکردنی کەمینەیەک ٣٠

**ئێڤا ئیللۆز**
سەرۆکە ژنەکان باشتر
لە دژی پەتای کۆرۆنا
جوڵاونەتەوە؟! ١٢

**د.کامەران مەنتک**
ڕووداوەکانی زینی وەرتێ، پەکەکەو
نیوەی هەرێمی کوردستان ٥٤




هەرنووسینێك گوزارە لە رای نووسەرخۆیەتی

ناوەڕۆک

**دیدگە**

باشووری کوردستان و وەرچەرخانی مەزن.................................. 3

**دیدار**

د. محەمەد ئەمین: دەسەڵاتی میلیشیایی هەموو دامەزراوە
ئابوورییەکانی تاڵانکرد.................................................................... 4

ئێڤا ئیللۆز؛ سەرۆکە ژنەکان باشتر لە دژی پەتای کۆرۆنا جوڵاونەتەوە؟!... 12

**ڕاپۆرت**

تورکیا نەوتی هەرێم بۆ ئەوە دەبات تەنها دەسەڵاتی پارتیی بپارێزێت... 17

ئەنفلۆنزای ئیسپانی؛ جیهان دوای پەتاکەی ١٩١٨ چی لێهات ؟...... 23

**وتار**

تەحسین قادر: بەکارهێنانی کەرتی گشتی بۆ ملیاردێرکردنی کەمینەیەک 30

سەردار ستار: پرسە سیاسی و جڤاکییەکان لە ئاین و مەزهەبە عیبرانیەکاندا 34

ئومێد ناسیح: کیمیابارانکردنی هەڵەبجە........................................ 41

نیوار ئەمین: دو هەلویستێن جودا د ڤێ ڕەوشێ دا....................... 50

د.کامەران مەنتک: ڕووداوەکانی زینی وەرتێ............................ 54

عەبدوڵڵائۆجالان:تازەگەری دیموکراتی بەرانبەر مۆدێرنیتەی سەرمایەداری 68

**خاوەنی ئیمتیاز**
**محمد کیانی عبدالرحمن(د.محەمەد کیانی)**

**سەرنووسەر**
**گۆران علی حسن(گۆران پێنجوێنی)**

**نەخشەسازیی**
**سەرنووسەر**

**دەستەی نووسەران**
**پ.د.سالار باسیرە**
**نەجیبە قەرەداغیی**

**پەیوەندییەکان لە ڕێگەی سەرنووسەرەوە دەبن**
**٠٧٧٠٢٢٢٧٢٧٤**
goran.a.hesen@hotmail.com
www.komelge.com
facebook.com/ Azadi Komelge

**چاپ: چاپخانەی کارۆ**
**تیراژ: ١٠٠٠ دانە**
**نرخ: ١٥٠٠ د.ع**

**ناونیشان: نووسینگەی سەرەکی، سلێمانی، شەقامی سالم، نزیك پردی خەسرەوخاڵ**

## باشووری کوردستان و وەرچەرخانی مەزن

ئەو دۆخەی باشووری تێیدا دەگوزەرێ، دۆخی گێژاوە، دۆخی گێژاویش بەهیچ جۆرە ئەقڵییەت و چالاکییەکی ریفۆرمیستی و پینەوپەڕۆ چارەسەرنابێت، دۆخەکە لەوە تێپەڕیوە بە لۆژیکی چاکسازی و ووردە چالاکی چینێك یان توێژێك تێپەڕێنرێت، بەڵکو تەنیا بە بزاوتێکی کۆمەڵایەتی ئازادیخوازی سەرتاپاگیری کۆمەڵگە، کە وەرچەرخان و گۆڕینی ریشەیی بە ئامانجی خۆی دابنێت، تێدەپەڕێنرێت. ئەگەرنا ئەم گێژاوە هەر قووڵتر و فراوانتر دەبێت و دەسەڵاتیش لە هەڵلوشینی هەموو بەهاکانی کۆمەڵگەدا بەردەوام دەبێت، تا هەموو شتێك نغرۆ دەکات.

مسۆگەر پێویست ناکات کۆمەڵگە چاوەڕێی فریادڕەسێك لە دەرەوەی خۆی بکات، بەڵکو تەنیا خۆی فریادڕەسی خۆیەتی و دەتوانێت بەو بزاوتە کەشتی ئاسایەی کە خۆی دروستی دەکات، خۆی لەم گێژاوە کوشندەیە رزگار بکات. هەر خۆی کەشتینشینە و دەبێ هەر خۆیشی کەشتیەوانی خۆی، رێبەر و پێشرەوی ئەم کەشتییە بخوڵقێنێت.

بێگومان پێداویستییە بناخەییەکانی ئەم بزاوتە کۆمەڵایەتییە وەرچەرخێنەرە بەر لەهەموو شتێك لەدایکبوونی هزر و رۆحێکی وەرچەرخێنەری ئازادیخوازە. ئەمەش زۆر بەسادەیی بریتییە لەوەی ئەم دۆخە گێژاودارە شیدەکاتەوە و بەر رەخنەی دەدات، لەبەرامبەریشیدا جێگرەوە (ئەلتەرناتیڤ) ی ئەم دۆخە و ئەو سیستەمەی ئەم دۆخەی دروست کردووە دەخاتەڕوو و رێگا و میکانیزمەکانی ئەو وەرچەرخاندنە دەستنیشان دەکات. بە کورتی هزر و رۆحی ئازادیخوازیی واتا پارادیگما (جیهانبینی)یەکی ئازادیخواز بۆ وەرچەرخان و گۆڕانگاریی ریشەیی.

ئەم پارادیگما ئازادیخوازییە پێویستی بە دوو پایەی بنچینەیی هەیە، یەکیان: کەسێتی پێشڕەو و وەرچەرخێنەرە، دووەمیشیان: مۆدێلێکی نوێی رێکخستنیی تۆکمەی کۆمەڵگەیی ئاسۆییە. بەبێ ئەم دوو پایەیە پارادیگمای ئازایخوازیی لە هەوادا دەمێنێتەوە و ناچێتە ناو کۆمەڵگەوە، هەروەها بەبێ پارادیگمای ئازادی، بەبێ کەسێتی پێشڕەو و رێکخستنی ئاسۆیی گەل تێکۆشانی ئازادیخوانەش سەرناگرێت و بەڕێوەناچێت.

لە باشووری کوردستاندا پۆتانسێلێکی گەورەی وەرچەرخان و گۆڕانکاریی ریشەیی هەیە. کۆمەڵگە بە گشتی لە دەسەڵات و حزب و رێکخراوەکانی سێبەری دەسەڵات ناڕازیین و هیچ متمانەیەکیان پێ نەماوە، بەشداریی کەمی خەڵك لە دوا هەڵبژاردندا ترۆبوونی ئەو ئەقڵییەت و سیستەمەی دەسەڵاتداریێتی دەرخستەڕوو. دەسەڵات لەمێژە لە رووی سیاسی، ئابووری، ئەخلاقی و نەتەوەیی و نیشتمانییەوە لە گێژاو دایە. خەڵك بە جیاوازی بیر و باوەڕییان ناڕازیین لەم دۆخە. بەڵام گرفتی گەورەی چین و توێژە زیانمەندەکانی خەڵك لەوە دایە کە نەیانتوانیوە خۆیان لە پەرشوبڵاوی و بێ رێکخستنی رزگار بکەن. بێگومان ئەم دۆخە تەنیا توێژێك یان چینێکی کۆمەڵگە لێی زیانمەند نییە، بەڵکو زۆرینەی هەرە زۆری کۆمەڵگە لێی زیانمەندە.

کەواتە پێویستە زۆرینەی کۆمەڵگە، وزە و توانستەکانیان لە ئاستی هەموو باشووری کوردستان بکەنە یەك و خۆیان بە رێکخستن بکەن، واتا بەرەیەکی ئازادیخوازیی گەل یان بڵێین بزاوتێکی ئازادیخوازیی گەل گەشە پێبدەن بۆ ئەوەی ئەم دۆخە بە کەمترین زیان و زۆرترین دەسکەوت بۆ گەل تێبپەڕێنرێت. ئەمەش سەرەتا خەڵك لە شار و شارۆچکەکانی خۆیاندا خۆیان بە رێکخستن بکەن و ئەنجوومەنی ئازادیخوازانەی خۆیان لە کەسێتییە بوێر و دڵسۆز و هوشیارەکان رێکبخەن و بەدوایشیدا بەرنامە و میکانیزمی تێکۆشانی دیموکراتیانەی خۆیان دەستنیشان بکەن، پاشان ئەنجوومەنی ئەو شار و شارۆچکانە دەتوانن پەیوەندی بەیەکەوە بکەن و ئەنجوومەنێکی گشتی گەل لە ئاستی باشووردا دابمەزرێنن و لە کۆی باشووری کوردستاندا «چالاکی جەماوەریی دیموکراتیی بەردەوام» دەستپێبکەن. بەم شێوەیە دەکرێ بەبێ توندوتیژی گۆڕانکاریی لە سیستەمی سیاسیدا بکرێت و سیستەمێکی دیموکراتی ئازادیخوازی دادپەروەری نیشتمانی لە باشووردا بونیاد بنرێت و کۆتایی بەم دۆخە گێژاوییە بهێنرێت.

دیدار

# د. محەمەد ئەمین: دەسەڵاتی میلیشیایی هەموو دامەزراوە ئابوورییەکانی تالانکرد



سازدانی: ئازادیی کۆمەڵگە

د. محەمەد ئەمین، مامۆستای زانکۆ و نووسەر، بە ئازادیی کۆمەڵگەی رایگەیاند، ئەمڕۆ گرووپە چەکدارە میلیشیاکان بوون بە خاوەنی کەرتەکانی ئابووریی، ئەو دەسەڵاتەش کە بەناوی حکومەتەوە هەیە لە باشوور، لە روانگەی ئابووریی دەوڵەتیی و هەم لە روانگەی ئابووریی بازاڕی ئازاد شکستێکی گەورەی هێناوە!

محەمەد ئەمین، لەم چاوپێکەوتنەدا جەختیشدەکاتەوە: ئێمە نە دامەزراوەی نیشتمانیی کارامان هەیە و نە دامەزراوەی ئابووریی کارا، بەڵکو ئەمەی هەیە ئابووریی حیزبیی/خێڵەکییە یان میلیشیاییە.

**- سیاسەت و سیستمی ئابووریی هەرێمی کوردستان، چۆن بەڕێوە دەچێت لە سایەی دوو حیزبی سیاسیی هەرێمی کوردستان، بۆچی فەشەلی سیاسیی و ئابووریان هەر بەردەوامە؟**

**- محەمەد ئەمین:** هەڵبەتە سیاسەتی ئابووریی پەیوەندیی بە سیاسەتی جیهانبینیی هەردەوڵەت، حکومەت و دەسەڵاتێکەوە هەیە، جا هەر دەسەڵاتێک بێت، هەتا هەر کۆمپانیایەک یان دامەزراوەیەک کە لە ئەنجامدا لە ژیان و رەوشی ئابووریی دا ئە م سیساسەتە رەنگ دەداتەوە کە هەمووان لە ژیانی رۆژانەدا هەستی پێدەکەن. بەداخەوە لە کوردستان سیاسەتێکی ئابووریی روون و خاوەن ناسنامە نییە بۆیە، ئەمڕۆ ئابووریی

باشووری کوردستان نە لەسەر بنەمای سیستمی ئابووریی دەوڵەتییە، نە لەسەر بنەمای سیستمی بازاڕی ئازاد، هەتا هەلی یەکسان و دادپەروەرانە بۆ هەمووان فەراهەم بکات و هەمووان بتوانن بە توانا و دارایی تێیدا سەرمایەگوزاریی بکەن، بەڵکو بازاڕ بەتەواویی قۆرغ کراوە بە گوێرەی بەرژەوەندیی ئابووریی قۆرغ کاران بازاڕی ئازاد بەکاردێت و سوودی لێوەر دەگیرێت بەجۆرێک کە تاڵانیی، فەساد و تاوانی ئابووریی بووەتە سیما و ناسنامەی ئابووریی وڵات. نەبوونی ئابووریی دەوڵەتیی و ناکارابوونی ئابووریی بازاڕی ئازاد و فەشەلی سیاسەت و ئابووریی نەوت، کارەساتی دارایی و ئابووریی و بژێوییان بۆ خەڵك و وڵات دروستکردوە کە هەڕەشەی جددییە لەسەر هەموو کایەکانی ژیانی خەڵك، هەموو شتێك بەرەو هەڵوەشاندنەوە و داڕمانی بەردەوام دەبات ئیتر پرسیار ئەمەیە چیی بکرێ بۆ ئەوەی رەوشی ئابووریی راستبکرێتەوە لەسەر بنەمای نیشتمانیی و دابینکردنی ژیانێکی شەرەفمەندانە و سەربەخۆییانە کە باسێکی ترە کە پێویستە هەرچی زووتره بەجددیی کار بۆ وەڵامەکەی بکرێت لەسەر هەموو ئاستەکان؟ وەڵام هەرچییەك بێ، بوونی سیستمێکی دیموکراتیك، بەشداریی خەڵك لە بڕیاری سیاسیی، ئابووریی، پرسە چارەنووسسازەکان و گەڕانەوەی خاوەنداریەتیی وڵات و سامان بۆ خەڵك، مەرجە بۆ چارەسەریی بنەڕەتیی و هەمیشەیی هەموو گرفتەکان.

سیستمی بەڕێوەبردن لێرە، لەسەر بنەمای کاروبەرنامەی پارتێکی سیاسیی نییە بەڵکو لەسەربنەمای بەشدارییە کە دەبینی هەموو پارتەکان بەشدارن، ئیتر کێ بڕوا وەک شکستخوارد و کێش دەسەڵات بگرێتە دەست

”

## سیستمی ئابووریی لە باشووری کوردستان، ئەم پێناسەی نییە کە لەسەر بنەمای نیشتمانیی و لەسەر بنەماکانی ئابووریی دروست بووبێت

وەک هێزی ئۆپۆزسیۆن؟ وەڵامی ئەمە بۆ خۆی نیشاندەری ئەوەیە کە سیستمی بەڕێوەبردن هەڵەیە و هەر ئەم هەڵەیەشە کە ئێمەی تووشی ئەم رۆژگارە کردوە.

- **سیاسەتی ئابووریی هەرێم چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ داڕمانی ئابووریی هەرێمی کوردستان بۆچی روویدا؟**

- **محەمەد ئەمین:** لە ژێر رۆشنایی هەموو ئەو باسانەی سەرەوە، دەتوانین بڵێین کە سیستمی ئابووریی لە باشووری کوردستان، ئەم پێناسەی نییە کە لەسەر بنەمای نیشتمانیی و لەسەر بنەماکانی ئابووریی دروست بووبێت.

ئەگەر لە روانگەی ئابووریی دەوڵەتییەوە (سۆسیالیی)، تەمەشای بکەین، شتێك نەماوە و نییە بەناوی ئابووریی دەوڵەتیی کە رۆڵی هەبێت لە بەخۆگرتنی هێزی کار لە بواری بەرهەمهێنانی نیشتمانییدا، ئەو دامەزراوە ئابوورییانەی کە لەکاتی رژێمی روخاوی پێشوودا، وەکو ئابووریی

**یەکێك لە هۆکار و هەڵە کوشندەکانی باشوور، ئەمە بوو کە لە دوای 1991 وڵات کەوتە دەست چەکدارانی حیزبیی کە نەك هیچ هیوا و ئامانج و مەبەستی نیشتمانییان نەبوو بۆ دروستکردنی پایەی ئابووریی نیشتمانیی، بەڵکو زیاتر وەك دەرفەتێك و فرسەتێك تەماشای وڵاتیان کرد**

دەوڵەتیی یان کەرتی دەوڵەتیی/گشتیی بوونیان هەبوو، دوای روخانی رژێم هەموویان بە ناوی بازاڕی ئازاد و کەرتی تایبەت هەموویان تاڵان کران لەلایەن دەسەڵاتی میلیشیایی. ئەمڕۆ گرووپە چەکدارە میلیشیاکان بوون بە خاوەنی کەرتەکانی ئابووریی دەوڵەت، ئەوەی کە سوودی راستەوخۆ و خێرای هەبووبێت بۆخۆیان بەکاریان هێنان، ئەوەی تریشی تەواو وێران بوو یان فرۆشتیان بە ئەرز و ئامێر و هەموو دەزگاکانەوە و پارەکەشی بۆ حیزب و گرووپە چەکدارەکان بوو، نەك بۆ خەڵك و دەوڵەت، هەتا بۆ ئەوەی کە لەبوارێکی تردا بەکاربێتەوە بۆ سوودی خەڵك .

کاتێك کە کەرتی ئابووریی دەوڵەتیی، ئەوەی کە هەبوو تاڵان کراو نەما، لە هەمان کاتیشدا کەرتی تایبەت نەیتوانی ببێتە بنەما بۆ ئابووریی نیشتمانیی و جێگەی کەرتی گشتیی بکرێتەوە، بە شێوەیەکی کاراو گونجاو کە ببێتە سەرچاوەی شوێنی کار بۆ لاوان و خەڵك و هەروەها ببێتە سەرچاوە بۆ داهاتی نیشتمانیی کە بتوانێت پێویستییە داراییەکانی وڵات دابین بکات، وەکو مووچە و پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و دروستکردن و پەرەپێدان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەهۆی گەندەڵیی و داگیرکردنی بازاڕ لەلایەن میلیشیاکانەوە. ئەو دەسەڵاتەی کە بەناو حکومەتەوە هەیە لە باشوور، هەم لە روانگەی ئابووریی دەوڵەتیی هەم لە روانگەی ئابووریی بازاڕی ئازاد شکستێکی گەورەی هێناوە! بەڵگەی ئەم شکستەش وێران بوونی تەواوی کەرتەکانی ئابووریی وڵاتە، هەر لە کەرتی کشتوکاڵ، پیشەسازیی، خزمەتگوزارییەوە تا پشتگوێخستن و لە ناوچوون و بیرچوونەوەی هەموو پیشەیەکی کوردەواریی، وەکوو: چنیین، رستن، جۆڵایی و دەرمانسازیی و... هتد. بۆ زیندوو کردنەوەی ئەم کەرتە گرنگانەی ئابووریی، هەر لە کشتوکاڵەوە بگرە تا دەگاتە پیشەسازیی، خزمەتگوزاریی و گەشتوگوزاریی تواناویست، بەرنامە، کار، دڵسۆزیی، روونیی (شفافیەت)ی زۆری پێویستە کە بەداخەوە! ئەمڕۆ ئەمانە هیچیان نیین.

- **هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم شکستە گەورەیەی ئابوورییە چیی بوو؟ ئایا رۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم شکست و داڕامەندا چیی بوو؟**

**محەمەد ئەمین:** یەکێك لە هۆکار و هەڵە کوشندەکانی باشوور، ئەمە بوو کە لە دوای

١٩٩١ وڵات کەوتە دەست چەکدارانی حیزبی کە نەك هیچ هیوا و ئامانج و مەبەستی نیشتمانییان نەبوو بۆ دروستکردنی پایەی ئابووریی نیشتمانیی، بەڵکو زیاتر وەك دەرفەتێك و فرسەتێك تەماشای وڵاتیان کرد، مەغۆل ئاسا و هەتا ئێستاش لەهیچ تاوان و تاڵانییەکی ئابووریی دەستیان نەپاراستوە، بەرهەمی ئەمەیش ئا ئەمەیە کە ئەمڕۆ دەیبینین وڵات بەرە و تاریکیی و ئاییندەیەکی نادیار دەڕوات؟!

دوای رووخانی رژێم و رژانی پارەی زۆر لە بەغدادەوە، ئەمجار قۆناغی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت و دەست کەوتنی پارەی نەختینە (cash) / نقد/ی زۆر وایکرد کە ئەم هەستە لای بەناو بەرپرسان/میلشیاکان دروست بێت کە مادام پارەی نەوت هەیە و پارە لە بەغدادەوە دێت پێویست بە کەرتەکانی تری ئابووریی ناکات. هەرئەم هەستە هەڵەیەش بوو کە وایکرد خەڵکی کوردستان تووشی ئەم حاڵە بێدەرامەتییەبن کە ئەمڕۆ هەمووان توشی بوون، لە ئەنجامی فەشەلی سیاسەتی نەوت و هەڵەی کوشندە لە گرێ بەستە نەوتییەکان. هەڵەیەکی تری کوشندە ئەوەیە کە هیچ سیاسەت و ستراتیجییەك نەبووە لەسەر مامەڵە و داهاتی نەوت کە بتوانێ بەکاربێ بۆ دروست کردنی ژێرخانی ئابووریی، بۆ کەرتەکانی تری ئابووریی وەکو کشتوکاڵ، پیشەسازیکردن، پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ، دامەزراندنی بنەما و دامەزراوە و دامەزراندنی نەخشەی بە پیشەسازیکردن وڵات و پەرەپێدانی کەرتی خزمەتگوزاریی و بە پیشەسازیکردنی، ئەمجار پەرەپێدان و چاککردنی و فراوان کردنی کەرتی گەشتوگوزار لەگەڵ ژێرخانەکەی.

**”ئێستا نەوت، وەك کەرەستەیەکی یان کاڵایەکی بازرگانیی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ و بەکاردێ، تا لەزوترین کاتدا زۆرتریین بڕ بفرۆشرێ و زۆرتریین داهاتی تیێدا دەست بکەوێت، ئەمیش نەك بۆ حکومەت و خەڵك، بەڵکو بۆ ئەوانەیە کە بەهێزی میلشیایی خۆیان کردوەتە خاوەنی نەوت**

**- سیاسەتی فرۆشتنی نەوتی هەرێم و رێككەوتنەكەی لەگەڵ توركیا چیی کاریگەرییەکی لەسەر شکست و داڕمانی ئابووریی هەرێمی کوردستان هەبوو؟**

**محەمەد ئەمین:** ئێستا نەوت، وەك کەرەستەیەکی یان کاڵایەکی بازرگانیی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ و بەکاردێ، تا لەزوترین کاتدا زۆرترین بڕ بفرۆشرێ و زۆرترین داهاتی تیێدا دەست بکەوێت، ئەمیش نەك بۆ حکومەت و خەڵك، بەڵکو بۆ ئەوانەیە کە بەهێزی میلشیایی خۆیان کردوەتە خاوەنی نەوتی وڵات و دەستیان

بەسەر هەموو کایەکانی نەوتدا گرتووە. هەر لە دۆزینەوە، گرێ بەست، پشکەکانی نەوت، دەرهێنان و فرۆشتنی و تا دەگاتە داهاتەکەی کە ئێستاش نە خەڵك و نە هیچ دامەزراوەیەکی بەناو حکومی دەزانێ بڕی داهاتەکەی چەندە؟ بەچەند فرۆشراوە و کێ خاوەنی پشکەکانی نەوتە، لە پشکەکانی بازاڕی جیهانیی کێ بەچ مافێ خۆی کردوەتە خاوەنی نەوت و سامانی وڵات؟

هەر ئەم ناڕوونیی، گەندەڵییە گەورە و ترسناکە و نەبوونی سیاسەتی نیشتمانیی لەمەڕ نەوت بووەتە هۆی ئەوەی کە هەموو کایەکانی ژیان بوەستێت وە ژیان و گوزەرانی خەڵك و وڵات لە ئێستا و داهاتوودا لێڵ و تاریك بێت. ترسناکیی ئەم حاڵە هەر بۆ ئەمڕۆ نییە، بەڵکو کاریگەریی راستەوخۆی هەیە لەسەر ژیان، ئاستی عەقڵ، فیکر، فەرهەنگی نەوەکانی داهاتووش. کاتێک کەرتەکانی ئابووریی وێران دەبێ، ئەوا کەرتی پەروەردە، فێرکردن، تەندروستیی و کایەکانی هونەریی، فەرهەنگیی، ئەدەبیی و کۆمەڵایەتییش لەگەڵ خۆیا وێران دەکات و تاك و کۆمەڵگە دەگێڕێتەوە بۆ سەردەمەکانی کۆمەڵگەی سەرەتایی/فطریی کە ئەمەش بۆخۆی هەڕەشەی جددییە لەسەر بوون و مانەوەی نەتەوە و وڵات وەك یەکەیەکی بەردەوامی ژیانی مرۆیی و شارستانیی. ئەمەی ئێستا روودەدات دژی خەڵکی کوردستان، بە هەموو پێوەرێ ئەنجامدانی تاوانی کۆمەڵکوژیی ئابوورییە، بەدەستی تاوانی کورد خۆی.

بێگوومان گرێبەستی ٥٠ ساڵەی نەوت لە گەڵ تورکیا، کێشەی هەرە سەرەکییە بۆ کوردستان، چونکە ئەمە لە چاوی کورد و نەک هەر دژی بە رژەوەندیی سیاسیی و ئابووریی کوردیی دەبینرێ،

> ئەم ناڕوونیی، گەندەڵییە گەورە و ترسناکە و نەبوونی سیاسەتی نیشتمانیی لەمەڕ نەوت بووەتە هۆی ئەوەی کە هەموو کایەکانی ژیان بوەستێت وە ژیان و گوزەرانی خەڵك و وڵات لە ئێستا و داهاتوودا لێڵ و تاریك بێت

بەڵکو وەک سوکایەتیی بە کورد دەبینرێت کە ئەمەش لاوازیی و بێدەسەڵاتیی و زەلیلیی و زەبوونی دەسەڵاتدارانی هەرێم دەردەخات بەرامبەرهێزە دەرەکییەکان کە ناتوانن بەرگریی لە بەرژەوەندییەکانی کورد بکەن. جگە لەمەش ئەم گرێبەستە ٥٠ ساڵەیەی نەوت لە گەڵ تورکیا وەک دەبینین لە رووی ئابوورییەوە کارەساتی بە سەر کوردوستان هێناوە لەو ساتەوە کە ئەم گرێبەستە ٥٠ ساڵەی نەوت لەگەڵ تورکیا کراوە، لەژێرناوی ئابووریی سەربەخۆ، کورد لە باشوور ١٠٠ ملیارد دۆلاری لە بودجە و ئیمتیازاتی دارایی عێراقیی لە دەستداوە کە بە ئەمە دەتوانرا موعجیزەی پێدروست بکرێت، لە پێشکەوتن، بەڵام لەبری ئەمە وەک دەبینی کابووسی

ئێمە لە دەوڵەتی ناوەند هەندێك مافی سیاسیی - ئابووریی و نەتەوەیی-مان مسۆگەر کردبوو، لە ڕێگەی دەستوورەوە و هەر ئەو ماوەیەش کە لەگەڵ ناوەنددا گرفتمان نەبوو، کوردستان گەشەیەکی باشی بە خۆوە بینی

دروەستکردوە بۆ تاکی کورد و کوردەستان، ئەمە لەرووی ئابووریەوە. لە رووی سیاسییشەوە، ئەم گرێبەستە ٥٠ ساڵەییە نەوت لە گەڵ تورکیا بووە هۆی دروست بوونی ناکۆکیی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەند لە بەغداد کە ئەنجامەکەمان بینی بەکوێ گەیشت و هەروەها بووە هۆی ناکۆکیی لەگەڵ هیزە رۆژئاواییەکان بەهینانی تورک تا بیێتە هاوبەشیان لەنەوت و گازی کوردستان کە هەرئەم هێزە رۆژئاواییانە پێش ١٠٠ ساڵ تورکیان لەم ناوەدەرکرد، جا چۆن رێگە دەدەن جارێکی تر لە پەنجەرەی حکومەتی هە رێمەوە بێنەوە و دەست بەسەرنەوت و گازی کوردستان دا بگرن؟

**- سیاسەتی پاشکۆیەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەبوونی خاوەن بڕیاری سیاسیی، چیی کاریگەریی هەبووە لە سەر ئەم شکستە ئابووریە؟**

**محەمەد ئەمین:** بێگومان ئەم رەوشەی ئێستا هە مووەمان دەی بینین، ئەنجامی پاشکۆ بوونە، لە رووی ئابووریەوە، لە کاتێکدا دەتواندرا ئەواها نەبێ بەڵکو بەپێچەوانەوەبێ، ئێمە لە دەوڵەتی ناوەند هەندێک مافی سیاسیی - ئابووریی و نەتەوەیی-مان مسۆگەر کردبوو، لە رێگەی دەستوورەوە و هەر ئەو ماوەیەش کە لەگەڵ ناوەنددا گرفتمان نەبوو، کوردستان گەشەیەکی باشی بە خۆوە بینی، لە هەموو روویەکەوە، بەڵام برادەران هاتن هەموو ئەمەیان لە دەست خۆدا بۆ خۆ پاشکۆ کردن بۆ وەڵاتان، جگە لەمەی دەستکەوتەکانی عێراقمان دۆڕان، ئەو وڵاتانەی کە بوونە پاشکۆیان نەک هەرهیچیان نەبوو بیدەن، بەڵکو ریسوایان کردن وەک دەبینین سفر بەستەوەن.

**- زۆربەی فەرمانبەرانی هەرێم مووچەی خۆیانیان بە کورتهێنانەکەیشیەوە وەرنەگرتووە، ئاستێکی بەرزی هەژارییش دروستبووە، ئایا ئەمە چۆن بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت؟**

**محەمەد ئەمین:** رەوشی کەمکردنەوەی مووچە، بێ مووچەیی، زۆربوونی رێژەی هەژاریی، لەگەڵ نەبوونی پرۆژەی گەشەپێدانی کەرتەکانی ئابووریی و خزمەتگوزاریی هەمووی لە ئەنجامی ئەمەوە دروست بوو کە لە سەرەوە باسمان کرد، لە سەروی هەمووشیانەوە نەبوونی بەشداریی راستەقینەی خەڵک لە بڕیاری سیاسیی و ئابووریی. هەڵبەتە ئەگەر ئەم رەوشە بەردەوامبێت و دەسەڵات هەروا داماو و دەستە وەستان و بێ دەسەڵات بێ لە وەڵام نەدانەوەی




داواکارییە ڕەواکانی خەڵک کە نان و مانەوە لە ژیانە، لە دەست نەدانی کە رامەتی مرۆییانە، ئەوە خۆپیشاندان و مانگرتن لە شەقام و هەتا کرداری توندوتیژیی چاوەڕوان کراوە.

**- دەستوەردانی حیزبەکان و بەرپرسەکان لە ئابووریی و کەرتە گرنگەکانی وەک نەوت و بازرگانیی و بەرهەمهێنان، چۆنە و زیانەکانی چیین؟**

**محەمەد ئەمین:** نەبوونی دامەزراوەی دەوڵاتیی و جیانەکردنەوەی دەسەڵاتەکان وایکردوە، هەر گرووپێکی چاکداری حیزبیی بتوانێ دەست بەسەر کایەکانی ئابووریی دا بگرن، لە وانە نەوت کە لە سەرەوە ئاماژەمان بە زیانەکانی ئەم رەوشە کرد کە ئێستا لە وڵات بوونی هەیە.

**- ئایا سیستمی ئابووریی لە هەرێمی کوردستان دا، لەسەر بنەما نیشتمانییەکان دروست بووە؟**

**محەمەد ئەمین:** بۆ ئەوەی ئابووریی نیشتمانیی بێ، دەبێ دامەزراوەی نیشتمانیی کارا هەبن، لەم رووەوە دەبینی ئێمە نە دامەزراوەی نیشتمانیی کارامان هەیە و نە دامەزراوەی ئابووریی کارا، بەڵکو ئەمەی هەیە ئابووریی حیزبیی/خێڵەکییە یان میلیشیاییە، وەک زۆر شوێنی تری دونیا کە دواکەوتوون لە سیستمی بە رێوەبردندا وەک: سۆماڵ، ئەفغانستان و هەتا لوبنان و زۆر شوێنی تر.




**- ئایا توانا هەیە، ئابووریی هەرێمی کوردستان، لەم شکست و فەشەلە دەرباز بکرێت و بەرنامەڕێژیی و نەخشەرێگەی بۆ دابنرێت و گەشەی پێبدرێت؟**

**محەمەد ئەمین:** ئابووریی رووی ئەو دیوی سیاسەتە، تا سیستمی سیاسیی بەم جۆرەی ئێستا بێت، بە دڵنیایی رەوشی ئابووریش هەر بەم جۆرە دەبێت، چونکە هەمیشە ئەوە سیاسەتە کە فۆرم و ئاستی قەبارەی ئابووریی دیاریی دەکات.

**- ئەو پرۆژە ئابووریی و بازرگانییانە چین کە نەتواندراوە بکرێنە نەخشەڕێگەیەک بۆ ئابووریی نیشتمانیی؟**

**محەمەد ئەمین:** لێرە دا ئێمە گرفتی نەبوونی دامەزراوەی نیشتمانییمان هەیە، بۆ ئەوەی نەخشەی ئابوورییەکی نیشتمانیی داڕێژین، دەبێت ولائی بۆ خزمەتی نیشتمان و خەڵک بێت، کەرتی پەیوەندی بیستن هەیە وەک ئاسیا سێل و کۆرەک و دەیان کۆمپانیای جۆراوجۆر، بەڵام ئایا ئەوانە لەرۆڵی خراپ زیاتر رۆڵی تریان هەبووە بۆ خزماتی گەل و نیشتمان؟ بێگوومان لە زیان زیاتر خێریان نە بووە، بەڵگەش ئەم هەموو بەڵگانەن کەچۆن بە دەیان ملیارد دۆلار لە کوردستان بە قاچاغ دەرێتە دەرەوە.

دیدار

# ئێڤا ئیللۆز؛ سەرۆکە ژنەکان باشتر لە دژی پەتای کۆرۆنا جوڵاونەتەوە؟!



سازدانی:ئێلیزابێت ڤۆن تادێن
لەئەڵمانییەوە: زاهید حەنبەڵی

**ئێڤا ئیللۆز تەمەنی پەنجاو نۆ ساڵە کۆمەڵناسی بەناوبانگی ئیسرائیلیە، کە مامۆستای زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە زانکۆی *der École des hautes études* پاریسە. دوابەرهەمی بە ناوی "*Das Glücksdiktat*" لە ساڵی ٢٠١٩ چاپ بووە.**

– ئەم وتووێژە لە لایەن (ئێلیزابێت ڤۆن تادێن) وەک بەشێک لە پرۆژەی رۆژنامەی ئاڵمانی (زەمەن – دی تسایت) بە ناوی "ئێستا بیر لە چی دەکەنەوە" کە زنجیرە وتووێژێکە لەگەڵ زانایانی بواری جیاواز لە زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیەکان، دەربارەی ڤایرۆسی کرۆنا و دەرکەوتە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی و لایەنە جیاوازەکانی.

ئێڤا ئیللۆز*؛ ژنان زیاتر ئاگایان لە مرۆڤەکان و باشکردنی دۆخی ژیانیانە. لە بەرئەوەی هەر ئەوان دەتوانن لە ڕووی ئابووری و دەرمانی و کۆمەڵایەتییەوە دوور و بڕ بڕوانن و ژیرانە بجولێنەوە.

**دی تسایت: ئێستا بیر لە چی ئەکەنەوە؟**

**ئێڤا ئیللۆز:** ڕاستت دەوێت، هاوکات بە زۆر شتەوە سەرقاڵم و حەزیش ناکەم هەموویان لە بابەتێکدا کورتبکەمەوە. لانیکەم پێنج پرس هەن کە من بیریان لێدەکەمەوە، ئەگەر ڕات لەسەر بێت ئەمەوێ گشتیان لێرە (بەجیا) بخەمە بەر باس.

## جێی سەرنجە کە لە وڵاتانی وەکوو ئیسلەند، نەرویژ، ئەڵمانیا، تایوان یان فێنلاند، خەریکن تاوەکو رادەیەك، بە باشی و وریاییەوە رووبەڕوی ئەم قەیرانە دەبنەوە. سەرۆکی حکومەتی ئەو وڵاتانەش گشتیان ژنن.

**دی تسایت: بە دڵنیایەوە**

**ئیڤا ئیللۆز:** یەکەم بابەت ئەو ئاڵۆزیەوە و تێکەڵ و پێکەڵییەی بواری سیاسی و دەرمانەیە پێکەوە. دەبوایە ئەم دوو بوارە لە ڕاستیدا لەیەکتر جیا و سەربەخۆ بوونایە، بەڵام ئیتر ئەم شتە لە هەندێك وڵاتدا وا نەماون. من ئەم هەڵمەت و پاشاوڵەی سیاسەت لە نێو زانست دا بەتایبەت لە (ئیسرائیل) بە (ژەهراویکردن) یاخود پیسکردنێکی میکرۆبی دەشوبهێنم. ئەم شوبهاندنەشم تەواو بە ئانقەست هەڵبژراد.

لە ئیسرائیل زۆر کەس پێی وایە ؛کە (نەتانیاهوو) ئەو قەیرانەی لە بەرژەوەندی خۆی بەکار هێناوە. ئەمەش لەگەڵ خۆیدا بێ بڕوای جەماوەر دژ بە هێزی بەرێوەبەری وڵاتی لێدەکەوێتەوە. بەڵام وڵاتی وەهاش هەیە کە زۆرینەیان لە لایەن ژنانە بەرێوە دەچن، بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم پەتایەدا کردووە.

**دی تسایت: ئەمە پرسی دووهەمە؟**

**ئیللۆز:** لە ڕاستیدا جێی سەرنجە کە لە وڵاتانی وەکوو ئیسلەند، نەروێژ، ئەڵمانیا، تایوان یان فێنلاند، خەریکن تاوەکو رادەیەک، بە باشی و وریاییەوە رووبەڕوی ئەم قەیرانە دەبنەوە. سەرۆکی حکومەتی ئەو وڵاتانەش گشتیان ژنن.

خەڵکی ئەم وڵاتانە زوو ئاگادار و هۆشیار کرانەوە، کە ژیانی گشتی بە شێوازێکی ڕوون وبە وریاییەوە بەرەو داخران دەچێت. ڕێوشوێنی هەمەلایەنەیان تا ئەو شوێنەی دەکرا زوو گرتە بەر. هەربۆیە، لەو شوێنانە حاڵەتی مردن تا ڕادیەک لە پلەیەکی نزمدایە.

ئەم قەیرانەی ئێستام وەکو تاقیگەیەک هاتە بەرچاو کە تێدا شێوازێکی بەڕێوەبەری ژنانەی لێ دەرکەوتن کە ڕێک بە پێچەوانەی حاڵەتە پیاوانەوەکەیەوە بوو، کە زۆری پێ چوو تا لە ڕژدی باردودۆخەکە تێگەیشتن یان حاشایان لێدەکرد.

(شی جینپینگ) هەوڵیدا ماوەیەک ئەمە بشارێتەوە، (ترامپ) بە داهێنانی دیمۆکراتەکانی (ڕکابەری) لە قەڵەمدەدا، (مەکرۆن) لە شازدەی مارسدا بۆ خۆنواندن و وەکو ئەوەی هیچ لەگۆڕێدا نەبێت سەردانی شانۆی ئەکرد. (نەتانیاهوو) بە شەودا دادگاکان و یاسای ڕائەگرت و (بۆلسۆنارۆی دەیگووت: خەڵکەکەی لەبەرانبەر ڤایرۆس دا بەهێزن!... بەڕاستی سەرم لەم جیاوازیە رەگەزیە سوڕماوە.

**دی تسایت: چۆن ئەتوان ئەو شتە شیبکەنەوە کاتێک ئەم ڕاستیە لەبەرچاو بگرین کە ئەمانە**

وادیارە ژنان دەتوانن لە بەستراوەیی دوولایەنەی ئەم فاکتەرانە باشتر لەیەکتر تێبگەن.

**دی تسایت: ئەی سێهەمیان؟**

**ئیللۆز:** ئێمە خەریکین شکستێکی ئانترۆپۆلۆژی لە پەیوەند بە؛ ڕەنج، مردن و مەرگەوە ئەزموونەدەکەین. من لەوە نیگەرانم کە چۆنە ئێمە ئاوا بە ئاسانی ملمان دا بەو ڕێسایانەی، کە ئەو خەڵکانەی ئازار دەکێشن و ئەوانەی لەسەر مەرگن، بە تەنیا جێهێڵین.

ئێمە ئەوانمان لەپڕ لە هاودڵی، پرسە و پشتیوانی دەور و دراوسێیان دابڕاندووە. تاوەکو ئەو ئاستەی کە مردووەکان تەنیا و تەریک ئەسپەردەی خاک دەکرێن. ئەوانەی لە سەرەمەرگن ناتوانن لە دواساتەکانی ژیانیان لە نێوچاوانی مرۆڤەکان بڕوانن. ئەوەی ئەوان دواجار دەیبینن تەنیا هێندێک مرۆڤ لە پشت جامی پارێزراو و لە بەرگی پارێزراودایە. ئەمە واتایی خاڵێکی وەرچەرخان و هاوکاتایش ئەو ڕاستیە دەدرکێنێت کە ئێمە ئەم ڕووداوەمان زۆر بە سانایی قبوڵ کردووە. پێموایە کۆمەڵگەکانی ئێمە تراومایەکی بەردوام ئەزموونەدەکەن لە ئاستی سیاسەت دا، بەڵام من سەرقاڵی بیرکردنەوەیەکی تەواو جیاوازترم...

**دی تسایت: ... واتە چوارەم بەشی بیرکردنەوەتان**

**ئیللۆز:** ... ئەویش چۆکدادانی وڵاتانی ڕۆژئاوایە لە بەردەم (وڵاتی چین) و پرسی شاردنەوەکەیەتی. دەوڵەتی چین هیچ بەرپرسیارێتیەکی بۆ دژکردەوەی سیاسی زۆر درەنگی خۆی، بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە لە وڵاتانی تر لە ئەستۆ نەگرتووە. ڕێژیمی سەرەڕۆی چین تا ئێستاش بەردەوامە لە

## خەریکین شکستێکی ئانترۆپۆلۆژی لە پەیوەند بە؛ ڕەنج، مردن و مەرگەوە ئەزموونەدەکەین.

**هەموو وڵاتی بەتەواوی جیاواز و بە ئابووری جیاوازیشەوەن؟**

**ئیللۆز:** من نامەوێ شرۆڤەیەکی ورد و بنچینەیی بۆ بکەم، بەڵام من تێگەیشتم، کاتێک (مەکرۆن) چوو بۆ شانۆ بۆئەوەی بڵێت؛ کە ئەرێ، مرۆڤ دەتوانێت بە دڵنیاییەوە ماڵەکەی خۆی بە جێبێڵێت، هەر ئەو کاتە مێرکێل ڕایگەیاند؛ کە ئەم بارودۆخە جدیە و دەبێ بە جدیش وەربگیرێت و دەشێ تاوەکو حەفتا لە سەدی خەڵکیش تووشی (ئەم پەتایە) بن.

ژنان ئاگایان لە مرۆڤەکانە و هەوڵیان بۆ باشتر کردنی دۆخی ژیانیانە، کەچی لای پیاوان تەنیا ئابووری گرنگە. لەم ڕووەوە ژنان دەتوانن هاوکات ڕووبەرووی قەیرانی تەندروستی و ئابووریش ببنەوە. ئەوان بەمجۆرە (سوسیالیزە – بوون) کە هاوکات مشووری زۆر شتی جیاواز بخۆن: دۆخی هەنووکەیی دەریخست کە شێوازی بەڕێوەبەری ئەوان شێوازێکی (پێڕاگەیشتنی) هاوکاتی "ئەم و ئەویش"ە. ئەوان بە وریایی و ژیریەوە بە لایەنە ئابووری، دەرمانی و کۆمەڵایەتیەکان ڕ ادەگەن.



کارڵ بلۆخ ١٨٣٤- ١٨٩٠؛ مەسیح لایەن فریشتیەکی مێینەوە دڵنەوایی دەکرێت – پێش ئەوەی لە باخی جەشیمانی دەستگیر بکرێت. – زەیت لەسەر خام
Carel Bloch ١٨٣٤-١٨٩٠: An angel comforting Jesus before his arrest in the Garden of Gethsemane

کۆنترۆڵ و دەستچینکردنی ڕادە و جۆری ئەو زانیاریی، شیکاری و دەرەنجامانەی کە دەبێت خەڵکی دونیا دەستیان پێ ڕابگات. ڕۆژئاوا نابێت ئەم هەڵسووکەوتە نابەرپرسانەیەی ڕژێمی چین قبوڵ بکات. ئەم ڕەفتارانە دەتوانێت زۆر ئاکامی دیکەی لێ بکەوێتەوە.

**دی تسایت: ئێوە بە (کۆمەڵناسی هەست) ناسراون. ئەم قەیرانەی ئێستا لە چ شوێندا کاریگەری لە سەر ژیانی تایبەتی و پەیوەندییە نێوەکییەکان دەبێت؟**

**ئیللۆز:** ئەوە خاڵی پێنجەم بوو کە من پێوەی سەرقاڵ بووم؛ چەند چەمکێکی وەک ؛ ماڵەوە، جیهانی تایبەتی یاخو ئەوەی پێی دەڵێن هۆم home،یان سویت هۆم (ماڵی شیرینم) sweet home بە هۆی ئەم داخرانە گشتیەوە بووە بە یەکێك لە تاڵترین شوێنەکان بۆ پێکەوەژیانی ژن و پیاوەکان.

ئێستاکە دەبینین بنەماڵە و هاوژینەکان چیان بەسەرهاتووە، کاتێک دونیای دەووروبەر هیچ بیچم و سترۆکتۆرێک بە ماڵەوە ناهێڵێت. ژیانی کۆمەڵایەتی و پیشەیی (دەروەی ماڵ ) بە زۆری هەلی بۆ پێکەوە ژیانی زۆر کەس ڕەخساندووە. تەنیا لە بارووذۆخی ئاوەهاییە کە زۆر کەس بەرگەی ئەوە دەگرێت کە لە ماڵدا بژی و وەک شوێنێکی بەریەککەوتن (یان پێکەوەبوون). لەم کاتەدا، کە ژیانی دەرەوەی ماڵ پەکیکەوتووە، پێکەوەبوونەکان زۆری توشی گرفت دەبن و دەشێت بۆ دۆخی بەکاربردنی توندوتیژیش بگۆڕدرێت. کاتێک ڕێوشوێنی داخستنی گشتی لە پارێزگای (هووبا)ی چین شلتر بوویەوە، ژمارەی داخوازی جیابوونەوە بە خێرایی بەرەو تۆمارکردنی پێوانەیەکی بەرزبۆوە.

نموونەیەکی تر قوتابخانەیە. کاتێک دادەخرێن

> **ئارێنت دێ لە دژی ئەم مێتۆلۆژییە مێینیە ئەرستوویيە دەوەستێت، کە تێیدا دەبێت پەری و فریشتیەك بێت و زامەکانی جیهان تیمار بکات، ئەوەی ئێمەش لەم پەتایەدا ئەزموونی دەکەین ڕێك دەچێتەوە سەر ڕەخنەکەی ئارێنت**

زۆر بنەماڵە بێ دەرەتان دەبن. حکومەت لەڕێگای قوتابخانەکانەوە لە زۆر ڕێگای نەبینراوەوە، قوتابخانە وەکو ستراکتۆر و بیچمی پارێزەر بۆ بوونی خێزان دەبینێت. هەروەها بەسەربردنی کاتی ئازاد و بەتاڵی خەڵکی کاریگەریەکی بونیادی هەیە، لەو کایە ڕەخساوانەی وەك چوونە سینەما، وەرزش یان هاتووچۆی دۆستانە. هەموو ئەمانە، کاریگەریان هەیە و شێوە و فۆرم دەداتە لایەنی گەرم و گوڕی پێوەندییە کۆمەڵایەتەکان

**دی تسایت: ئەگەر بیتوو هەموو ستراکتێر و بیچمەکانی دونیای دەووروبەرمان پەکیان بکەوێت، بڵێی ئەو کاتە ماڵە خنجیلانەکانمان ڕووخساری(راستەقینە) خۆیان دەربخەن؟**

**ئیللۆز:** خانمە فەیلەسوف (هانا ئارێنت) لە ئەندیشەی خۆیدا جیاوازیەکی (ئەرەستووتی) لە نێوان بواری تایبەت و گشتی دا دێنێتە بەر باس؛ ئەرەستوو بواری تایبەتی کە تێدا ژن و منداڵ و کۆیلەکان دەژین، بە کەم بایەختر دەبینێت. (بە ڕای ئەو) تەنیا لە بیاڤی گشتیدا (کایەی گشتی) یە کە ئازادی دەردەکەوێت تاوەکو (مرۆڤەکان) پێکەوە هەڵسوکەوت بکەن.

ئارێنت دێ لە دژی ئەم مێتۆلۆژییە مێینیە ئەرستوویيە دەوەستێت، کە تێیدا دەبێت پەری و فریشتیەك بێت و زامەکانی جیهان تیمار بکات. ئەوەی ئێمەش لەم پەتایەدا ئەزموونی دەکەین ڕێک دەچێتەوە سەر ڕەخنەکەی ئارێنت: ماڵەوە تاقەت پڕوکێنەرە گەر بێتوو مرۆڤ نەتوانێت لە دونیای دەرەوە بە جێبهێڵێت، خۆ ئەگەر هاتوو ئینتەرنێت نەبوایە، ئەوا ماڵەوە ڕێک وەکو دۆزەخی لێ دەهات.

**سەرچاوە:**

https://www.zeit.de/kultur/2020-04/corona-pandemie-frauen-lockdown-sozi-ologin-eva-illouz

راپۆرت

# "تورکیا نەوتی هەرێم بۆ ئەوە دەبات تەنها دەسەڵاتی پارتیی بپارێزێت"

ئازادیی کۆمەڵگە
ئا: ئاسۆ جەوهەر



شارەزایان و چاودێرانیی ئابووریی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنن، پارتیی وەک بڕیاردەری یەکەم بەرپرسی سەرەکیی شکستە ئابووریی و سیاسییەکانە، جەختیشدەکەنەوە: داهاتی حکومەتی هەرێم و بەرپرسانی هەرێم و کۆمپانیاکانیان ساڵانە زیاتر لە دوو سەد ملیارد دۆلارە.

دەشڵێن: حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیرەو لە هیچ بنەمایەکی فیکریی سیاسیی ناکات، زۆری بەڕێوەبردنی سێکتەرەکان لەناویشیاندا ئابووریی، سەر بەهیچ کام لە قوتبخانە سیاسییەکانی دونیا نییە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، بیانووی ئەوە دەهێنێتەوە کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، نرخی نەوت دابەزیوە و داهات کەمی کردوە ئەمە هیچ بنەمایەکی دروستی نییە، لە بازاڕ جیهانیی نەوتدا دوو جۆر گرێبەستی فرۆشتنی نەوت هەیە:-

جۆری گرێبەستی یەکەم: گرێبەستی ماوە کورت ئەو جۆرە گرێبەستەیە کە نەوت رۆژانە دەفرۆشرێت، واتا نرخی فرۆشتن و کڕینەکەی بە نرخی رۆژە و لە بازاڕی بۆرسەی جیهانییدا نرخی زیاد و کەم دەخرێتە روو، ئەم جۆرە گرێبەستە بە هیچ شێوەیەک هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە.

جۆری گرێبەستی دووەم: گرێ بەستی ماوە درێژە، وڵاتێک لەگەڵ کۆمپانیایەکی دەرهێنای نەوت بۆ ماوەی درێژ لە یەک مانگەوە بۆ ٥٠ ساڵ و زیاتریش بڕ دەکات و بە نرخێک ڕێک دەکەون کە لەسەروو بڕی پارەی تێچووی دەرهێنانی نەوتەکەوەیە بڕێک دیاری دەکرێت؛ ئەمجۆرە گرێبەستە ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە ڕاستەوخۆ توانای هەناردەکردنی نەوتیان نییە.

نزیکەی لە ٪۸۰ گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە جۆری دووەمە و لەگەڵ هەر یەک لە کۆمپانیاکانی: روسنفتی روسیی کە بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ، گرێ بەستی دانەگاز کە بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ، گرێ بەستی جەیهانی تورکیی کە بۆ ماوەی ٣٢ ساڵ.



مستەفا، ڕۆژنامەنووسێکی گەنجی هەرێمی کوردستانە، ئاماژە بە گرێبەستی نەوتی حکومەتی هەرێم لەگەڵ تورکیا دەکات و دەڵێت: لەروی سیاسیی بێت یان ئابووریی، ئەمەیش دەری دەخات کە ئەم گرێ بەستە، بەتوندیی هەرێمی کردوەتە کۆیلە و شوێنکەوتەی ئابووریی و سیاسیی تورکیا. پێدەچێت ئەم گرێبەستە بۆ ماوەیەکی درێژتر نەوەکانی ئەم گەلە گیرۆدە بکات، بەتایبەت کە حکومەتی هەرێم نەتوانێت پەیوەندیەکی توندو تۆڵی هاوسەنگ و شەفاف لەگەڵ بەغداد ببەستێت، من وای بۆ دەچم دەربازکردنی هەرێم لە کێشەی ئەو گرێبەستە، تەنیا دەروازەکەی بەغدادە.

مستەفا شێخ محەمەد، ڕۆژنامەنووس، بە ئازادیی کۆمەڵگەی ڕاگەیاند: هەر کەس و ناوەندێکی ئابووریی، لێکۆڵینەوەیەکی ورد بکات، بەئاسانیی بۆی دەر دەکەوێت، لەهەرێمی کوردستان هیچ شتێک نییە، بەناوی سیاسەتێکی ئابووریی، بەمانا ستراتیجیەکەی، بەڵکو ئەوەی هەیە، کۆمەڵێک ناوەندی کۆکردنەوەی داهات و دابەشکردنەوەیەتی بەسەر کۆمەڵێک ناوەندی تردا، ئەم پڕۆسەیەش پڕۆسەیەکی سادەی ئابوورییە، ئەو شتەی ناویان نابوو«ئابووریی سەربەخۆ» لە ڕاستییدا پڕۆسەی هەڕاجکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بوو، بۆ کۆمەڵێک کۆمپانیا، کە ئەمەشیان روبەروی شکستێکی پشتشکێن بوویەوە، بەتایبەت ئەو کاتەی کۆمەڵێک لە کۆمپانیا گەورەکان پشتیان لە نەوتی هەرێم کرد.»

ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات: هەڵسەنگاندن بۆ دۆخی ئابووریی هەر وڵاتێک بەتوندی بەگەشەی ئابووریی و جۆراوجۆریەتی سەرچاوەکانی گرێدراوە، دەبێت خشتەی هەر کەرتێکی ئابووریی جوڵەکانی لە روی ژمارەیی، وەبەرهێنان و بەبازڕکردنەوە دیاربێت. هەر بۆیە کۆی سێکتەرە ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان، لە ئاستێکی لاواز دان، ناتوانن بەشداریی بکەن لە کەشەپێدانی ئابووریی، تۆ سەیری کشتوکاڵ بکە، چەند کەس لەکوردستان لەم بوارە کاردەکەن، داهاتیان چەند؟ ئەم پرسیارە سەبارەت بە کەرتەکانی تریش هەر ڕاستە، ئایا پیشەسازیی و گەشتووگوزار چ داهاتێکیان هەیە؟ کاتێک وەڵامی ئەو پرسیارانە نادیارە کەواتە بەسادەیی ئێمە لەم هەرێمە سیستەمێکی ئابووریی

داڕوخاومان هەیە، ئەمانەیش هۆکاری سەرەکیین.

ناوبراو، جەختدەکاتەوە: هەمیشە ئەو ئابووریانەی پشت بەتاکە سەرچاوەیەک بۆ دەرامەتی نیشتیمانیی دەبەستن، ئابووریی لەرزۆک و فشۆڵن، ناتوانن روبەروی بچوکترین قەیرانن ببنەوە، دەتوانین نمونەی ئێران وەک وڵاتێک کە خاوەنی ئابووریەکی تا ئەندازەیەکی زۆر پشتبەخۆبەست و هەمەجۆرە ببینین کەسەرە رای گەمارۆکانی سەری بەتەواوەتیی پەکی نەکەوتووە، هەروەها ئابووریی قەتەر بەنمونە وەرگرین کە کاتێک لە ساڵی ٢٠١٥ روبەروی گەمارۆبوویەوە، قەتەرییەکان بۆیان دەرکەوت، کە سەرەڕای بەهێزی دراوەکەیان و زۆری سامانەکەیان، لەچ کێشەیەکی گەورەدانە، بۆیە هەوڵی جۆراوجۆریەتی ئابووریی خۆیانداوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان حەوت ساڵی رەبەقە ئێمە لەناو قەیرانێکی ئابووریی پڕ لە زەحمەتی داین، بەڵام حکومەتی هەرێم نەک هەر هەنگاوی بۆ چارەسەری کێشە ئابوورییەکانی نەناوە، تەنانەت بیریشی لێنەکردوەتەوە، حکومەتی هەرێم هێندەی چاوەڕوانی بەرزبونەوەی نرخی نەوت و هاتنی پارەی بەغدادە، هێندە بییر لە چارەسەرەی کێشە ئابوورییەکانی ناکاتەوە.

ئەو رۆژنامەنووسە، هێما بۆ ئەوەشدەکات کە هەر شتێک بنەمایەکی دروست و پتەوی نەبێت، ئاسان دا دەڕمێت، «با نمونەیەکی واقیعی بێنینەوە، ئایا حکومەتی هەرێم لەسەر بنەمای چ رێبازێکی فیکریی و سیاسیی پێگە سیاسیی و ئابوورییەکانی داڕشتوە، قسەی زۆر دەکرێت، بەڵام کاتێک لە ناوەڕۆک و جەوهەرییان بکۆڵینەوە، بە ئاشکرا دیارە، کە حکومەت پەیڕەو لە هیچ بنەمایەکی فیکریی سیاسیی ناکات، زۆری بەڕێوەبردنی سێکتەرەکان لەناویشیاندا ئابووریی، سەر بەهیچ کام لە قوتبخانە سیاسییەکانی دونیا نییە، ئەوەی لەحکومەتی هەرێم دەبینرێت، شتێکی زیاتر نمایشی و شکڵییە، لە ژێر ناوی حکومەتداری، ئەوەی لێرە دەگوزەرێت بەڕێوەبردنی سیاسەتێکی حزبیانەی خێڵەکی دواکەوتووە، لە پاڵ ناوی حکومەتی هەرێم کۆمەڵێک گروپی حزبیی چالاکییە ئابوورییەکان بە خواستی خۆیان دادەڕێژن، ئەم لاوازییەی حکومەت وایکردوە، کە هیچ جۆرە پێشوەچوونێکی کردەنی بۆچارەسەریی کێشەکان نییە.»

لەوەش دەدوێت، کە :حکومەتی هەرێم پشتی بەهیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانکۆکان نەبەستوە بۆ دارشتنی سیاسەتی ئابووریی، ئەمەش دەرخەری ئەو باسکە ئەستورە حزبیەیە کە حکومەت هەڵ دەسوڕێنێت، کەواتە حکومەت رۆڵێکی لاوازی هەیە لە قەیرانەکان، کارەکتەر و بنەماڵە و هێزە حزبییەکان شتەکان ئاڕاستە دەکەن.

ئەو رۆژنامەنووسە، راشیگەیاند: لە راستییدا باشوری کوردستان ئۆپشنی زۆری بۆ مناوەراتی سیاسیی نییە، کەمتر دەتوانێت بێ رەزامەندی تورکیا و ئێران جوڵەی سیاسیی بکات، بەتایبەت کە هەرێمی کوردستان نەیتوانی دوای روخانی رژێمەکەی سەدام حسێن پەیوەندیەکی دروست لەگەڵ بەغداد رێکخاتەوە، لە کوردستان کۆمەڵێک سیاسی لەبری ئەوەی بەغدا وەک قوڵای ستراتیجی هەرێم سەیر بکەن، دەستیان بۆ دژایەتی بەغدا برد و خۆیان لە پشت کۆمەڵێک دروشمی بەتاڵی کوردایەتی شاردەوە، ئەمەش وایکرد، متمانەی عێراق لە دەست بدەن، تورکیاش ئەم هەلەی قۆستەوە، فراوانتر

پەلو پۆی هاویشت تاکو وای لێهات ئەم هەرێمە بخاتە ژێر ڕکفی خۆی، ئەمەش کۆمەڵێک کارن کە وای کردوە، کێشەی ئابووریی هەرێم بەهۆی کۆمەڵێک هەڵەی ستراتیجیە، کە دەتوانین لە دوو خانەی سیاسەتی ناوخۆی و سیاسەتی دەرەکیی پۆلێنیان بکەین، سەبارەت بە سیاسەتی ئابووریی لەناوخۆدا، حزب لە پێناو کرینی ئینتیمای سیاسی پەنای بۆ دامەزراندن و گەشەپێدانی کەرتی سەربازی برد، هەروەها کەرتەخۆژێنەکانی بەخێرای لە گەڵ هەڵرژانی پارەی عێراق بەخێرای پوکانەوە، خاوەن پیشە کشتوکاڵیەکان رویان لە پیشەکەیانوەرگێرا و دامەزران و کەرتەکە بەخێرای پوکایەوە، گوندەکان چۆڵکران و باڵەخانەکان لە شارەکان بەرزکرانەوە، بێ ئەوەی ناوەندی پیشە سازی و تێدا دامەزرێن، ئەمش وایکرد هەرێم بەتەواوەتی ببێتە بەکاربەر.

دەشڵێت: لە ئاستی دەرەکیشدا، هەرێمی لە پێناو ڕەزایەتیی دەوڵەتانی ناوچەکە بەتایبەتی تورکیا، بۆ ئەوەی هەرێم ببێتە بازاڕێک کاریگەریی دروست بکات، بەلێشاو داوەتی کۆمپانیا بیانیەکانی کرد، کار ئاسانی زۆری بۆ کردن، ئەمەش وای کرد، زۆربەی هێزی خۆی لەم پرۆسەیەدا لە دەست بدات، ئەمە سەرباری هەبوونی پەیوەندی خراپی هەرێم و بەغداد، کە زۆرجار ئەم پەیوەندیانە لە پێناو بە بەبازاڕکردنی ناوخۆیی و بۆ بەرژەوەندی حزبی تێک دەدران.

مستەفا شێخ محەمەد، ڕاشیدەگەیەنێت: ئەگەر هەرێمی کوردستان بیەوێت لەم دۆخە ئاڵۆزە ئابووریی و سیاسییە کە ئێستا توشی بووە دەرباز بێت، یەکەم هەنگاو ئەوەیە دەبێت دادن بە شکستی خۆی دابنێت، ئینجا دەست بۆ پرۆسەکانی چارەسەریی ببات، هەر هێزێک نەتوانێت دان بەشکستەکانی دابنێت، ئەگەرەکانی چارەسەری کێشەکانیش دور دەخاتەوە، هەر هەنگاوێکیش لەم دۆخەدا دەکرێت، زیاتر ئاڵۆزی لێبکەوێتەوە، پشێویە ئابوورییەکان زیاتر بکات، وەک ئەوەی دوای ٢٠١٤ بینیمان کێشەکان بەقوڵتر لە ٢٠٢٠ دەر ئەکەون، لە دۆخێکی بەو شێوەیەدا، ؟کە ئێمە ٢٩ ساڵ نەمان توانیوە، هێزی بەرکری ناوەخۆی دروست بکەینو شکستمان هێناوە، لە بەرێوەبردن، ناکرێت هیچ خاوەنێکی ئەوشکستە نەبینین، بۆیە ئەمرۆ پارتیی وەک بڕیاردەری یەکەم بەرپرسی سەرەکی شکستەکانە، لەدوای ئەویش هێز و لایەن و کەسایەتیەکانی دیکە بەرپرسیاریەتیان بەر دەکەوێت.



یاسین عەلی، نووسەر، ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یەکێتیی خاوەنکارانی کوردستان، ئەندامی یەکێتیی بەڵێندەرانی کوردستان بە گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگەی ڕاگەیاند: ناکرێت باس لەبوونی سیاسەتی ئابووریی هەرێم بکرێت، چونکە هیچ سەرەداوێک نییە ئەوە پشتڕاست بکاتەوە، ئەوەشی کەباس لە دارمانی ئابووری کوردستان دەکرێت، ناکرێت وا نیشان بدرێت و بەو شێوەیە هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین، لە ڕاستیی و لە واقیعیدا ئابووریی هەرێم و عێراق بەهێزە، ئەوەی ئێستاش وەک کێشەو ئاریشە باسی لێوەدەکرێ دۆخی دارایی و کارگێڕیی و خراپی

ئیدارەیە؛ وەکوتر هەرێم و عێراقیش داهاتەکانیان زۆر زیاترە لە پێداویستیەکانیان .

ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات، رۆڵی حکومەت لەو قەیران و تەنگژانە سەرەکیی یە، چونکە حکومەت لەسەر بنچینەی کارو فەرمان وەزیفەو مووچەخۆرانی دانەمەزراندوە..؟ حکومەت و دارایی دەوڵەت بەبێ بنەمای ئەرک و مافەکان بەڕێوەدەبرێ ، ئەمەش بە تەنیا بەسە بۆ ئەوەی کەداهات و دەوڵەمەندی وڵات هەرچەندە زۆر بێت ، بەهەدەر دەڕوات .

ئەو لایوایە شتێک نییە بە ناوی رێککەوتنی ٥٠ ساڵەی فرۆشتنی نەوتی حکومەتی هەرێم بە تورکیا، «من لای خۆمەوە شتێک نییە ئەوە وەک رێککەوتن پشتڕاست بکاتەوە، هەروەک چۆن ناشتوانین بەدرۆ بخرێتەوە، ئەوەی هەیە بردنی نەوتە بەرانبەر پاراستن و پشتگیریی سەربازیی ئەم دەسەڵاتە، چونکە دەسەڵات لە لایەک لەناوخۆدا ناکۆکیان هەیە و لە لایەکی ترەوە زۆربەی کات لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی عێراقیش بەکاریان دەهێنن، جگە لەوەی لەگەڵ خواستەکانی جەماوەریش ناکۆکیی زۆریان هەیە.»

باس لەوەشدە کات، لێرە ناکرێت سیاسەت بکەیت و ئیدارەو بەڕێوەبردنێکت هەبێت، بێ بوونی هێزێکی سەربازیی تۆکمەو سەربەخۆ..؟ بێگومان ئەگەر خۆت ئەوەت نەبێ ئەوا یان دەبێ نەمێنی یان دەبێ بەداواکارییەکانی خاوەن هێزەکانی ناوچەکە رازی بیت و ملکەچەیان بیت .دەسەڵاتی هەرێم و حزبەکانی نەیانتوانیوە ئەو هێزە توکمەو سەربەخۆیە بنیات بنێن و هەر ئەوەش ئەرکە گرنگ و چارەنووس سازەکەیە .

ئەو، ئەندامەی دەستەی کارگێڕیی یەکێتیی خاوەنکارانی کوردستان، راشیگەیاند: ئەمە راستی دۆخی دارایی و گوزەرانی خەڵکی هەرێمەکەیە، لەهەر رووداو گۆڕانکاریەک توانای بەرگەگرتن و خۆڕاگری زۆر لاوازە، ناکرێت کۆی کێشەو ئاریشەکان بە فاکتەری دەرەکیی و لاوەکییەوە گرێ بدەین، نەبوونی کارامەیی و لێهاتوویی و بەگەڕ نەخستنی توانا مرۆییەکانی خۆمان فاکتەری سەرەکیی یە.

چاودێرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان، ئەوە ئاشکرادەکەن ئەو داهاتەی ساڵانە حکومەتی هەرێم و کۆمپانیاکانی بەرپرسانی هەرێم لە ناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەدەستی دەهێنن زیاتر لە دوو سەد ملیارد دۆلارە.



زانکۆ ناصر ئەحمەد، نووسەر، بە داتاو زانیاریی ورد کە پشتی بەستووە بە سەرچاوەی جیهانیی و ناوخۆیی، داهاتی هەرێمی کوردستان لە ناوخۆ و دەرەوە بۆ گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە ئاشکرادەکات: رێژەی یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان بەگوێرەی راپۆرتی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لە ساڵی ٢٠١٦ هەرێم خاوەنی ٤٥ ملیارد بەرمیل نەوتی یەدەگە، لە هەمان کات خاوەنی ١٧٧ تریلیۆن مەتر سێجا گازی سرووشتییە، ئەگەر یەک بەرمیل نەوت بە ٢٥ دۆلار بفرۆشێت ئەوا داهاتی هەرێم دەکاتە ئەم ژمارەیە (١.١٢٥.٠٠٠.٠٠٠.٠٠٠) یەک

تریلیۆن و سەد و بیست و پێنج میلیارد دۆلار تەنها داهاتی نەوتە لە کاتێکدا گەر گازە سرووشتییەکە بفرۆشێت کە نرخی یەک مەتر سێجا لە بازاڕەکانی جیهان بە ١.٦٢ دۆلارە واتە ١٧٧ ترلیۆن ١.٦٢ = ٢٨٦.٧٤٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠ دووسەد و هەشتاو شەش تریلیۆن دۆلار.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ساڵی ٢٠٠٦ بە دواوە لەگەڵ ٥٠ کۆمپانیای جیهانیی گرێبەستی ئیمزا کردووە بۆ دەرهێنانی نەوت و گاز و گواستنەوەیان بۆ بازاڕەکانی جیهان.

ئاماژەی بەوەشکردوە، بە گوێرەی ئەو داهاتانەی کەهەیە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٠ دەوڵەمەنترین وڵاتەکانی جیهان ئەژمارد دەکرێت، لەرووی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت و گاز؛ لە ئێستادا حکومەتی هەرێم بەگوێرەی راپۆرتی ساڵانەی کۆمپانیای سۆمۆ هەرێم رۆژانە بڕی یەک میلیۆن و ٦٠٠ هەزار بەرمیل نەوت دەردەهێنێت لە ساڵی ٢٠٢١ ئەو ڕێژەیە بەرز دەبێتەوە بۆ ٢ ملیۆن بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا، کە دەکاتە یەک میلیارد و دووسەد میلیۆن دۆلار بۆ مانگێک و لە ساڵێکدا دەکاتە ١٤ میلیارد و چوار سەد میلیۆن دۆلار، ئەمە بێجگە لەوەی رۆژانە دوو سەد و ٥٠ هەزار بەرمیل نەوت کە رادەستی حکومەتی عێراقیی دەکات لەبەرامبەر بەشە بودجەی هەرێم کە لە موازەنەی ساڵی ٢٠١٩ بریتی بووە لە ٪١٣ واتە ١٣ میلیارد دۆلار.


ئەو نووسەرە، ئەوەش ئاشکرادەکات: جگە لە داهاتی ناوخۆ کە مەزەندە دەکرێت بە شەش میلیارد دۆلار لە ساڵێکدا، جگە لە ئیستسماراتی هەرێم لەدەرەوەی وڵات کە خاوەندارێتیی دەکرێت لەلایەن کۆمپانیاکانی قەیوان و زاگرۆس و نۆکان کە مەزەندە دەکرێت بە ١٦٠ میلیارد دۆلار. داهاتی فرۆکەخانەکانی سلێمانی و هەولێر و خاڵە سنوریەکانی باشماخ و پەروێزخان و ئیبراهیم خلیل تەنها لە ساڵی ٢٠١٣ زیاتر بووە لە ٧ تیلیۆن دینار کە دەکاتە ٥ میلیارد دۆلار ئەم ڕێژەیە بە پێی ساڵەکان و زیادبوونی پێداویستی ئەم ڕێژەیە زیادی کردووە بۆ نۆ تریلیۆن دینار.

زانکۆ ناصر ئەحمەد، ئەوەشی بە ئازادیی کۆمەڵگە راگەیاند: جگەلەوەی پارەی بەرپرسەکانی هەرێمی کوردستان، لەلایەکی ترەوە، هەروەها دوو کۆمپانیای ئیماراتی کۆنتراکتێکی ٢٠ ساڵی لەگەڵ هەرێم ئیمزا کردووە، بەمەبەستی دەرهێنانی گازی سرووشتیی کە بڕەکەی ٢٥٠ میلیۆن مەتر سێجای رۆژانەیە کە داهاتی یەک مانگ بەگوێرەی پێوەری حراریی بریطانیی بۆ هەر یەک میلیۆن یەکەی حراریی کە دەکاتە ٢٤ مەتر سێجا گاز و ئەم ڕێژەیە بگۆڕینەوە بە دۆلار دەکاتە ٩٠٠ میلیۆن دۆلار واتە بۆ ساڵێک دەکاتە ١٠ میلیار و هەشت سەد ملیۆن دۆلار. کەواتە هەرێمی کوردستان هەژار نییە تا بچن خێر و خێراتی بۆ کۆ بکەنەوە بەڵکو لێیان بپرسن ئەو پارانە لە کوێن؟ لێیان بپرسن برتان بۆ کوێ؟ حکومەتی هەرێم ئەم پارانەی شاردوەتەوە و نایدات بە فەرمانبەران و کارمەندان کە کاریان بۆ دەکەن و مافی خۆیانە، حکومەتی هەرێم کارمەندان و پێشمەرگە وەزارەتە ئەمنیەکانی بەستۆتەوە بە بەشە بودجەی عێراق بەڵام لەو لاوە هەرێم خەریکی بازرگانیی نەوت و کۆکردنەوەی داهاتی ناخۆو دەرەوەیە و نایدات بە خەڵکەکەی.

راپۆرت

# ئەنفلۆنزای ئیسپانی؛ جیهان دوای پەتاکەی 1918 چی لێهات ؟

ئازادیی کۆمەڵگە
نوسینی: فرناندۆ دوارتە- BBC
لە فارسییەوە: فازل حەمەرەفعەت



رەنگە تا بەر لە چەند مانگێک هیچ شتێکت لەبارەی ئەنفلۆنزای ئیسپانییەوە نەبیستبێت، بەڵام پێدەچێت بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە تێگەیشتبیت، کە ڤایرۆسێکی کوشندە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا جیهانی دیل کردووە.

ئەم نەخۆشییە کە هەندێک بە «دایکی هەموو پەتاکان» ناوی دەبەن، لەنێوان ساڵەکانی ١٩١٨و ١٩٢٠ بووەهۆی مردنی (٢٠ بۆ ٥٠ ملیۆن) کەس.

زانایانو مێژوونوسان باوەڕیانوایە یەک لەسەر سێی دانیشتوانی جیهان کە ئەو سەردەمە (ملیارێکو ٨٠٠ ملیۆن) کەس بووە، دوچاری ئەم نەخۆشییە بوون، زیانەکانی ئەم پەتایە لە جەنگی یەکەمی جیهانی کە تازە کۆتایی هاتبوو، زیاتر بوو.

ئێستا کە جیهان دوچاری قەیرانی کۆڤید-١٩ بووە، رێگەبدە چاوێک بخشێنین بە دواینجاردا کە تێیدا بەهۆی پەتایەکەوە چەرخی جیهان لە جوڵە کەوتووە- جیهان دوای ئەو کارەساتە چی بەسەرهات ؟

## ١٩٢١- جیهانێکی تەواو جیاواز




پزیشک‌و پەرەستارانی ئەمریکی لەسەردەمی پەتای ئەنفلۆنزای ساڵی ١٩١٨

گومانی تێدا نییە کە لە ١٠٠ ساڵی رابردوودا زۆرێک لە شتەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە.


زانستی پزیشکی توانای کەمتری هەبوو بۆ روبەڕووبونەوەی لەگەڵ نەخۆشییەکاندا، پزیشکەکان دەیانزانی ئەنفلۆنزای ئیسپانی لە میکرۆبەوە دروستبووەو نەخۆشییەکە دەتوانێت لە کەسێکەوە بگوازرێتەوە بۆ کەسانی تر، بەڵام گومانیان لەوە هەبوو هۆکاری نەخۆشییەکە بەکتریایەکە نەک ڤایرۆس.

بارودۆخی چارەسەریش سنوردار بوو- جیهان هێشتا حەوت ساڵی مابوو تاوەکو یەکەمین ئەنتی بایۆتیک بدۆزێتەوە. یەکەمین ڤاکسینی ئەنفلۆنزا لە دەیەی ١٩٤٠ گەیشتە دەستی خەڵک.

خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە ئەوەیە، سیستمی چارەسەری جیهانی دروست نەبوبوو. تەنانەت لە وڵاتە دەوڵەمەندەکانیشدا تەندروستی گشتی وەکو بابەتێکی کەمالیات تەماشادەکرا.

لارا ئسپینی نوسەری بواری زانستیو نوسەری کتێبێک لەبارەی کاریگەرییەکانی ئەنفلۆنزای ئیسپانی لەسەر جیهان دەڵێ:» لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا پزیشکان زیاتر بۆ خۆیان کاریان دەکرد یاخود لەڕێگەی رێکخراوە ئاینییەکانەوە سەرچاوەی داراییان بۆ دابین دەکرا، زۆرێک لە خەڵک تەنانەت دەستیان بە پزیشک نەدەگەیشت».

## گەنجترو هەژارتر



وێنەی نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە توشبوانی ئەنفلۆنزای ئیسپانیی

شتێک کە بارودۆخەکەی خراپتر کرد، جیاوازی ئەنفلۆنزای ئیسپانی بوو لەگەڵ ئەنفلۆنزاکانی پێش خۆی، لەنمونەی پەتای ١٨٨٩-١٨٩٠، کە بوو بەهۆی مردنی ملیۆنێک کەس لەسەرتاسەری جیهان.

زۆرینەی ئەوانەی گیانیان لەدەستدا تەمەنیان لەنێوان (٢٠ بۆ ٤٠) ساڵدا بوو، زیانەکان لەسەر پیاوان بەشێوەیەک زیاتربوو کە بەراوردناکرێت- رەنگە ئەمە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە

پەتاکە لە کەمپە قەرەباڵغەکانی بەرەی خۆرئاوا دەرکەوتبوو و لەگەڵ کۆتایهاتنی جەنگو گەڕانەوەی سەربازەکان بۆ ماڵەکانیان، بڵاوبوو بووەوە.

لە هەمان کاتدا نەخۆشییەکە زیانی زیاتری بە وڵاتە هەژارەکان گەیاند.


ئەنجامی کۆتایی لێکۆڵینەوەی فرانک بارو توێژەری زانکۆی هارڤارد دەریدەخات ٠،٥٪ی دانیشتوانی ئەمریکا- نزیکەی ٥٥٠ هەزار کەس بەهۆی ئەنفلۆنزای ئیسپانییەوە گیانیان لەدەستداوە، لە حاڵێکدا کە ئەم نەخۆشییە لە هیندستان بوو بەهۆی مردنی ٥،٢٪ی دانیشتوان- نزیکەی ١٧ ملیۆن کەس.

نوسەر کاترین ئارنۆڵد دەڵێ:» زیانەکانی جەنگی یەکەمی جیهانو ئەنفلۆنزای ئیسپانی بووەهۆی روودانی کارەساتێکی ئابوری». باپیرەو داپیرەی ئەو نوسەرە لەوانەبوون کە بەهۆی ئەم نەخۆشییەوە لە بەریتانیا گیانیان لەدەستداوە.

بەوتەی ئەو:» لە زۆرێک لە وڵاتانی تر پیاوانی گەنج نەمابوون کارو کەسابەت بکەنو خێزان بەڕێوەببەن، کشتوکاڵ بکەن، فێری پیشەی نوێ بن، هاوسەرگیری بکەنو منداڵ بخەنەوە بۆ ئەوەی شوێنی ئەو ملیۆنان مردوو پڕبکەنەوە، نەمانی پیاو بووە هۆی دروستبوونی کێشەیەک بەناوی «زیادبوونی ژنان»، ملیۆنان ژن کە هاوسەرێکی گونجاویان دەست نەدەکەوت.

**کارمەندانی ژن**

سەرباری ئەوەی ئەنفلۆنزای ئیسپانی نەبووە هۆی روودانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی گەورە- بۆ نمونە ئەگەر بەراوردی بکەی بە کەوتنی فیودالیزم بەهۆی پەتای تاعونەوە لە سەدەی چواردەهەمدا-



ئەنفلۆنزای ئیسپانی وایکرد ژنان
بەشێوەیەکی زیاتر بچنە ناو بواری کارکردنەوە

بەڵام لە زۆرێک لە وڵاتاندا کێشەی لە هاوسەنگی رەگەزیی دروستکرد.

کریستین بلکبرن لێکۆڵەری زانکۆی کشتوکاڵو بنیادنان لە تێگزاز بەو ئەنجامە گەیشتووە کە کەمبونەوەی کرێکار لە ئەمریکا رێگای لەبەردەم ژناندا کردوەتەوە بچنە ناو هێزی کارەوە.

ئەو دەڵێ:» کەمبونەوەی کرێکار بەهۆی پەتاو جەنگی یەکەمی جیهانییەوە پێی ژنانی خستە ناو بازاڕەوە، ساڵی ١٩٢٠ ژنان رێژەی ٢١٪ی کۆی دەستی کاریان لە وڵاتدا پێکدەهێنا».

هەمان ساڵ کۆنگرێس دەنگیدا لەسەر پاشکۆی نۆزدەیەمی دەستورو بەوەش مافی دەنگدان بە ژنان درا.

خاتوو بلکبرن دەڵێ:» بەڵگە هەیە نیشانی دەدات پەتاکەی ساڵی ١٩١٨ لە زۆرێک لە وڵاتان کاریگەری لەسەر مافەکانی ژنان هەبووە».

هەروەک کەمبونەوەی هێزی کار بووە هۆی بەرزبونەوەی کرێی کار، لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئامارەکانی دەوڵەت نیشانی دەدەن ناوەندی کرێی کار لە کەرتی پیشەسازیدا لە ٢١ سەنت بۆ یەک

کاتژمێری کار لە ساڵی ۱۹۲۰دا بەرزبووەتەوە بۆ ٥٦ سەنت لە ساڵی ۱۹۲٥دا.

### میراتییەکی ناخۆش بۆ تازەلەدایکبوان



ئەو منداڵانەی کە لەکاتی پەتاکەی ۱۹۱۸دا
لەدایکبوون ئەگەری دوچاربوونیان بە نەخۆشی دڵ زیاتر بوو

زانایان لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەو منداڵانەش کردووە کە لە پەتاکەی ساڵی ۱۹۱۸ لەدایکبوون، بۆیان دەرکەوتووە ئەگەری بوونی کێشە لەنمونەی نەخۆشی دڵ لەو کەسانەدا زیاتربووە لەو منداڵانەی کە بەر لە پەتاکە یان دوای بڵاوبونەوەی نەخۆشییەکە لەدایکبوون.

شیکاریی ئامارەکان دەریدەخەن رێژەی کاردانەوە بۆ خوێندنو کار لەنێو ئەو منداڵانەی کە ساڵەکانی ۱۹۱۸ بۆ ۱۹۱۹ لە بەریتانیاو بەرازیل لەدایبکوون، کەمتر بووە.

هەندێک پێیانوایە ئەو فشارەی کە بەهۆی پەتاکەوە لەسەر دایکان دروستبووە، کاریگەری لەسەر گەشەی جینەکان دروستکردووە، زانیاری سەربازپیشەکانی ئەمریکا سەرەداوی تر بەدەستەوە دەدات: لەنێو ئەوانەدا کە ساڵەکانی ۱۹۱٥ تاوەکو ۱۹۲۲ لەدایکبوون، ئەوانەی لە ساڵی ۱۹۱۹دا لەدایکبوون (یەک سانتیمەتر) کورتتر بوون لە منداڵەکانی تر.

### هەستی دژ بە ئیمپریالیستیو هاوکاری نێودەوڵەتی

هیندستان لە ساڵی ۱۹۱۸دا زیاتر لە ۱۰۰ ساڵ بوو کە وەکو موستەعمەرەیەکی بەریتانی ئەژماردەکرا. ئەنفلۆنزای ئیسپانی لە مانگی (مەی) ی ئەو ساڵەدا چووە ناو ئەو وڵاتەوە، ئەو زیانەی کە بەهیندییەکانی گەیاند زیاتر بوو لەوەی کە بە کۆچبەرە بەریتانییەکانی گەیاند، ئامارەکانی نیشانی دەدەن رێژەی مردن لەنێو خەڵکی هەژاری هیندستاندا گەیشتوەتە نزیکەی ٦،٢٪، لەحاڵێکدا رێژەکە لەناو ئەوروپاییەکاندا تەنانەت نەگەیشتووەتە ١٪.



گاندیو نەتەوەپەرەستەکانی هیندستان
بەباشی سودیان لە قەیرانی ئەنفلۆنزا وەرگرت

نەتەوەپەرەستەکانی هیندستان بەباشی سودیان لەو هەستە وەرگرت کە بەریتانییەکان بەشێوەیەکی لاواز مامەڵەیان لەگەڵ بەرێوەبردنی

قەیرانەکەدا کردووە، لە ساڵی ١٩١٩دا یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری «هیندی لاو» کە لەلایەن گاندییەوە بڵاودەکرایەوە، بەتوندترین شێوە رەخنە لە دەسەڵاتدارانی بەریتانی گرت بەمشێوەیە:» لە هیچ وڵاتێکی شارستانی تردا بە ئەندازەی حکومەتی هیندستان، دەوڵەت نەیدەتوانی لە کارەساتی پەتادا بەوشێوەیە پشت لە بەرپرسیارێتییەکانی خۆی بکات».

بەڵام ئەنفلۆنزای ئیسپانی لە هەمان کاتدا بایەخی هاوکاری نێودەوڵەتی سەلماند- ئەمە سەرباری مۆتەکەی جیۆپۆلەتیکی کە جەنگی یەکەمی جیهانی لەدوای خۆی بەجێی هێشتبوو.

کۆمەڵەی نەتەوەکان کە رێکخراوێکی فرەلایەن بوو بەر لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ساڵی ١٩٢٣دا رێکخراوی تەندروستی دامەزراند، دامەزراوەیەکی تەکنیکی کە سیستمێکی نوێی بۆ کۆنترۆڵی پەتا دۆزییەوە، بەپێچەوانەی رێکخراوی پێشتر واتە نوسینگەی نێودەڵەتی بۆ تەندروستی گشتیی، کە لەلایەن ژمارەیەک دیپلۆماتکارەوە بەرێوەدەبرا، درایە دەست شارەزایانی زانستی پزیشکیی.

جیهان هێشتا ماوەیەکی زۆری مابوو بۆ دامەزراندنی رێکخراوی تەندروستی جیهانیی لە ساڵی ١٩٤٨دا.

### پێشکەوتن لە بواری تەندروستی گشتیدا

زیانەکانی ئەو پەتایە بووەهۆی پێشکەوتن لەبواری تەندروستی گشتیدا، بەتایبەتیش دۆزینەوەی سیستمەکانی چارەسەری سۆسیالیستی.

یەکەمین سیستمی چاودێری تەندروستی گشتی لە ساڵی ١٩٢٠ لە روسیا دروستکرا، زۆری



پەتاکە بووەهۆی پێشکەوتنی بواری تەندروستی گشتی

نەخایاند وڵاتانی تریش هەمان کاریان کرد.

لارا ئسپینی دەڵێ:» زۆرێک لە وڵاتان لە دەیەی ١٩٢٠دا دەستیان برد بۆ دامەزراندن یاخود چاکسازیکردن لە وەزارەتی تەندروستیدا. ئەمە ئەنجامی راستەوخۆی پەتاکە بوو. لەوکاتەدا بەرپرسانی تەندروستی گشتی یان لە دانیشتنەکانی حکومەت بەشدارنەدەبوون یان ناچاربوون بچن بۆ بەرێوەبەرایەتییەکانی تر بۆ بەدەستهێنانی بودجەو دەسەڵاتەکان».

جێنیفەر کۆڵ زانای بواری ئەنترۆپۆلۆژیا (مرۆڤناسیی) لە زانکۆی رۆیاڵ هالووی لەندەن باوەڕیوایە ریشەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانیی لە زۆرێک لە وڵاتەکان دەبێت لە تێکەڵەیەکی جەنگو پەتا دروستبکرێت. بەوتەی ئەو:» پێشتر ژمارەی بێوەژنو مندالانی بێ باوکو پەککەوتەکان زۆر بووە، دەوڵەت وەکو فەراهەمکارێکی خۆشگوزەرانیی گشتی لەناو دڵی ئەم واقیعەوە هاتوەتە دەرەوە. وادێتە پێش چاو پەتاکان رۆڵی ئاوێنە دەبینن بۆ کۆمەڵگە، کۆمەڵگە دەتوانێت دوای پەتا دادپەروەرو یەکسانتر بێت».

**کاریگەری ئەرێنی مانەوە لەماڵو دورەپەرێزیی کۆمەڵایەتی**

## لە ئەنفلۆنزای ئیسپانیشدا خۆپارێزیو دروکەوتنەوەی لە قەرەباڵغی خاڵێکی گرنگ بوو

چیرۆکی دوو شار: لە سێپتێمبەری ١٩١٨دا شارە جیاوازەکانی ئەمریکا ئامادەکاریان دەکرد بۆ فێستیڤاڵی بانگەشەکردن بۆ کارتی سەنەدی جەنگیی، ئامانج لە فرۆشتنی ئەم کاغەزانە دابینکردنی بودجەی جەنگ بوو کە هێشتا کۆتایی نەهاتبوو.

کاتێک ژمارەی توشبووان بە ئەنفلۆنزای ئیسپانی زیاتر بوو، ئەو رێوشوێنەی کە ئەو دوو شارە گرتیانەبەر بەتەواوەتی دژبەیەک بوو: فیلادلفیا بڕیاریدا فێستسڤاڵەکەی بەپێی ئەو بەرنامەیەی دانراوە ئەنجام بدرێت، سانت لویس بڕیاریدا فێستیڤاڵەکەی هەڵوەشێنێتەوە.


یەک مانگ دواتر، زیاتر لە ١٠ هەزار کەس لە فیلادلفیا بەهۆی توشیبوون بەو نەخۆشییە گیانیان لەدەستدا، بەڵام ژمارەی مردوان لە سانت لویس لە ٧٠٠ کەس تێنەپەڕی.

ئەم جیاوازییە بووەهۆی ئەوە دوروپەرێزیی کۆمەڵایەتی وەکو هەنگاوێکی کاریگەر بۆ کۆنترۆڵکردنی پەتاکە تەماشا بکرێت.

لێکۆڵینەوە لە هەنگاوی شارە جیاوازەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٩١٨دا نیشانی دەدات، رێژەی مەرگ لەو شارانەی کە زوتر سینەما، کڵێساو خوێندنگەکانیان داخست، زۆر کەمتر بوو.

هەروەک گروپێک لە ئابورناسانی ئەمریکی بە شیکردنەوەی رێوشوێنەکانی ساڵی ١٩١٨ بەو ئەنجامە گەیشتوون کە دوای کۆتایهاتنی پەتاکە، ئەو شارانەی کە بەشێوەیەکی توندتر مامەڵەیان کردووە، دۆخی ئابوریان زوتر ئاسایی بوەتەوە.

### پەتا فەرامۆش کراوە؟



پۆرترێتی خۆم لەگەڵ ئەنفلۆنزای ئیسپانی- کاری هونەرمەند ئیدوارد مۆنک

سەرباری وانە گرنگەکانی، ئەنفلۆنزای ئیسپانی لە زۆر رووەوە پەتایەکی فەرامۆشکراو بوو. لە بواری گشتیدا کەوتەژێر سێبەری جەنگی یەکەمی جیهانەوە، زۆرێک لە دەوڵەتان بڵاوکردنەوەی هەواڵیان لەبارەی کاریگەری ئەو پەتایە

لەسەردەمی جەنگدا قەدەغەکردبوو.

نەبوونی هەواڵ ورد لەبارەی ئەو پەتایە بەواتای ئەوەدێت، ئەو قەیرانە ئامادەگییەکی زۆری لەناو کتێبە مێژوویەکانو رۆشنبیری گشتیدا نییە.

مارک هۆنیگزبام مێژوونوسی پزیشکی دەڵێ:» تەنانەت لە یادی ١٠٠ ساڵەی ئەو پەتایەدا (٢٠١٨) هێشتا پرۆگرامێکی تایبەت بەو یادە بەڕێوەنەچوو. تەنیا چەند گۆڕستانێک پرۆگرامیان بۆ یادکردنەوەی قوربانیدانی پزیشکو پەرەستاران رێکخست. ئەمە بەراورد بکە نەخۆشی ئایدز. تەنانەت ژمارەی کاری هونەری، رۆمانو شیعرەکان کە لەو سەردەمەدا باس لە پەتاکە دەکەن، زۆر کەمن».

ئەمە جگە لە «پۆرترێتی خۆم لەگەڵ ئەنفلۆنزای ئیسپانی» کە کاری ئیدوارد مۆنک-ەو ئەو هونەرمەندە نەروێژیە لەکاتی دوچاربوونی بە نەخۆشییەکە کێشاویەتی.

هونیگزبام لەهەمان کاتدا لەباسی ئەم بابەتەدا ئاماژە بە بیبلۆگرافیای بەریتانیکا دەکات لە ساڵی ١٩٢٤، کە لە سەرەتادا «پڕ رووداوترین ساڵەکانی



فرانسیسکۆ پاولا رۆدریگۆس سەرۆک وەزیرانی بەرازیل کە بەهۆی ئەنفلۆنزای ئیسپانییەوە مرد

سەدەی بیستەم» تەنانەت ئاماژەی بەم پەتایە نەکردووە، یەکەمین کتێبە مێژوویەکان کە باسی ئەم پەتایەیان لە خۆگرتووە لە دەورەبەری ساڵی ١٩٦٨دا بڵاوبونەتەوە.

کۆڤید-١٩ بەتەواوەتی بیرەوەری خەڵکی زیندووکردوەتەوە.

وتـــار

# بەکارهێنانی کەرتی گشتی بۆ ملیاردێرکردنی کەمینەیەك



★ تەحسین قادر

ڤایرۆسی کۆڤید١٩ دۆخی ئابووری ئەو وڵاتانەی سەختتر کرد کە پشتیان بە داهاتی نەوت بەستووە، عێراق و هەرێمی کوردستان-یش لە پێشەوەی ئەو وڵاتانەن بەتایبەت دروست نەکردنی ژێرخانی ئابووریان زیان بەرکەوتنەکەی قورسترکرد.

بەکارهێنانی کەرتی گشتی بۆ ملیاردێرکردنی کەمینەیەک

فەرامۆشکردنی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی ئاستی بەرهەمهێنانی ناوخۆییان دەستەوەستانکرد، ئەوەی بونیادیش نرابوو لە رابردوودا بەهۆی گەندەڵییەوە وێرانکرا بۆیە خەڵکێکی زۆر کارەکانیان و دەرفەتی کاریان لە دەستدا. هاوشان لە پرۆسەیەکی فراوانتردا بۆ کڕینی دەنگ و وەلاو لە کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێم و کابینەکانی دواتردا، کردیانن بە مووچەخۆری حیزب و حکومەت و بەشێکی داهاتی گشتییان بۆ تەرخانکردن. بەمجۆرە زۆرینەیەکی مووچەخۆر لە کەرتی گشتی دامەزرێندران کە رێژەی مووچەکەیان بە زەحمەت بەشی بژێوی ژیانیانی دەکرد و نەیانتوانی ببنە خاوەن پاشەکەوتێک بەرگەی چەند مانگێکی بێ مووچەیی بگرن. بەڵام بەرپرسانی حیزبی ناو حکومەت لە رێگای بەدەستهێنانی وەلاویانەوە تەمەنی حوکمڕانییان درێژکردەوە و لەو دۆخە سەختەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا-ش ملیارەکانیان هەر نەخستە خزمەت مووچەخۆرانی بێ مووچە و هەستانەوەی ئابووری کوردستان لە کاتێکدا نرخی نەوت دابەزیوە و حکومەتی بەغداد مووچە نانێرێت.

سیاسەتی ئابووری هەرێمی کوردستان بووەتە

**بەردەوامی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی، جیاوازییە چینایەتییەکانی قوڵتر کردۆتەوە، کەمینەیەکی حیزبی بوونەتە خاوەن پارەیەکی زۆر و شێوە ژیانێکی تایبەت و دەسەڵاتێکی شێوە ڕەها**

هۆی گۆڕینی مانا کلاسیکەکەی بێکاری و هەژاری، بۆنموونە لە ساڵانی پێشوودا ئەگەر کەسێک هیچ کارێکی بە ئەنجام نەگەیاندایە و داهاتی مانگانە یان ڕۆژانەی نەبوایە پێیان دەوت بێکار، کەسێک هیچ سەرچاوەیەکی بژێوی نەبوایە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی پێیان دەوت هەژار، بەڵام ئەمڕۆ فەرمانبەران لە یەک کاتدا بێکار و هەژارن، هەژارەکانیش چوونەتە ژێر هێڵی هەژارییەوە.

بەمشێوەیە بە ملیاردێربوونی کەمینەیەکی دەسەڵاتدار ودەستبەسەرداگرتنی هێزی ئابووری و سیاسی و سەربازی، لەسایەی باڵادەستی تێکەڵی حیزب لە حکومەت و لاوازی لێپرسینەوەو چاودێری لە لایەن پەرلەمان و داواکاری گشتی و دیوانی چاودێری دارایی و دادگاکان و دەستەی دەستپاکی و شاردنەوەی زانیارییەکان لە ڕۆژنامەنووسان، نازاندرێت ئەو ملیارانە چەندن، دەیانن یان گەیشتونەتە سەروو سەد. داخستنی پەرلەمان بۆ ماوەی ٢ ساڵ لەلایەن حزبێکی سیاسی، دیارترین بەڵگەی ڕاستی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتەکانە تا هیچ چاکسازی و گۆڕانکارییەک نەیەتەبوون.

## یەک وڵات و دوو جۆر ژیان

بەردەوامی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی، جیاوازییە چینایەتییەکانی قوڵتر کردۆتەوە، کەمینەیەکی حیزبی بوونەتە خاوەن پارەیەکی زۆر و شێوە ژیانێکی تایبەت و دەسەڵاتێکی شێوە ڕەها کە تەواو جیاوازە لە ژیانی زۆرینەی هاووڵاتییان.

سەرکردەی ئەو حیزبانەی ئەمڕۆ وەک پاشاکانی سەدەی ناوەڕاست دەژین، لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ کاتێک لە شاخ و دەرەوەی وڵات گەڕانەوە، جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ خەڵک لێ بەدینەدەکرا، بۆیە جەماوەر بە ڕێزەوە لە ئامێزیان گرتن، ئێستا هەر بۆ شەڕ و ڕۆژی دەنگدان بیر لە پێگەی هاووڵاتییان دەکەنەوە.

بەڵام دواتر خۆ پیرۆزکردن و دەوڵەمەندکردن بووە ئامانجیان، شەڕی ناوخۆیان لەو پێناوەدا تازەکردەوە، پێشمەرگە و قاعیدەی حیزبی دڵسۆز و ڕۆڵەی هەژاریان دابەکوشت، سەدام و داگیرکەرانی تریان هێنایە سەر یەکتری.

لە ئەنجامدا کۆنترۆڵی داهاتەکانیان کرد، یارمەتی وڵاتانیان بۆ خۆیان وەرگرت، نەوت و گازی کوردستانیان بە ناوی ئابووری سەربەخۆ بە ناشەفافی دەرهێنا و فرۆشت، گرێبەستی ٥٠ ساڵی نەوت و گازی نهێنییان لەگەڵ تورکیا کرد، حکومەتیان قەرزدارکرد، میللەتەکەیان خستەژێرباری هەژاری و باجی هەڵە و گەندەڵییەکانیان.

لە ساڵی ٢٠١٤وە، متمانەیان بە سیستەمی بانکی کەرتی تایبەت و گشتی لاوازکرد، ئەوەش بەهۆی

ئەوەی حکومەت ئەو پارانەی خوارد و دەستی بەسەرداگرت کە خەڵک و کۆمپانیاکان لە بانک هەیانبوو، ئەمەش ڕێگرە لەوەی جارێکی تر هاوولاتییان یان کۆمپانیاکان پارە لە بانک دابنێن، لە کاتێکدا سەرچاوەکانی هەواڵ باس لە قەبارەی گەورەی پارەی بەرپرسانی حیزبی دەکەن لە بانکەکانی دەرەوەی وڵات.

حکومەتی هەرێم لە ماوەی ٢٩ ساڵی رابردوو دەرفەتی لەباری هەبوو بۆ بنیاتنانی دامودەزگای دەستوری و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتری، دروستکردنی هێزی نیشتیمانی پێشمەرگە و ناوخۆ، پەروەردەکردنی چەند نەوەی نوێ بە سیستمی پەروەردە و خوێندنی باڵای هاوچەرخ و بەستنەوەیان بە ئابووری بازاڕەوە، پشتیوانی لە رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیای سەربەخۆ، ئابووری بەهێز بە هەمەجۆرکردنی کەرتە گشتی و تایبەتەکانەوە بەجۆرێک ئاسایشی خۆراک و ئاو و پێویستییەکانی خەڵک لە ناوخۆ دابین بکات و یەدەکێکی نەقدی ئەوتۆشی هەبێت بۆ کارەساتی کتوپڕی وەک کۆڤید ١٩.

بەڵام ئێستا نەک ئەوانە نەکراوە، بەڵکوو بەفەرمی حکومەت دەیان ملیار دۆلار قەرزارە، نەوتەکەی پارە ناکات و ناکۆکییەکانیشی لەگەڵ عێراق بەهەڵواسراوی ماوەتەوە و عێراقیش ناچێتە ژێر باری دابینکردنی مووچەی کوردستان.

ئەنجامی ئەم خراپ ئیدارەدانەی دەسەڵاتی سیاسی، سەرکردەی حیزبی بە پیرۆزکراو خستۆتەڕوو، حیزب کراوەتە ئامراز بۆ پارێزگاری دەسەڵاتی سەرکردەکان، زۆرینەی ئەندامان کراونەتە کۆیلەی حیزب و پەرژینی پارێزگاری لە سەرکردەکان، دوای خۆشیان ئەو دەسەڵاتە دەگوازرێتەوە بۆ کوڕ و نەوەکانییان.

## ”لە درێژەی قەیرانی داراییدا، بەرپرسیارێتی سەرەکی دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت وهەردوو حیزبی دەسەڵات، بۆ رەواندنەوەی گومان و رقی خەڵکی برسی

**لە ئێستادا چی بکرێت؟**

لە درێژەی قەیرانی داراییدا، بەرپرسیارێتی سەرەکی دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت وهەردوو حیزبی دەسەڵات، بۆ رەواندنەوەی گومان و رقی خەڵکی برسی، سەرەتا پێویستە توانا داراییەکانییان بە ئەسێت و کاشەوە ئاشکرا بکەن، مانگانە بەشێکی بدەنەوە بە حکومەت هەتا رێژەیەک لە مووچەی مووچەخۆرانی پێبدات. لامەرکەزیەتیش لەناو هەرێم قووڵبکرێتەوە هەتا ململانێی ناوخۆ پەرە نەستێنێت.

یاسای چاکسازییە پەسەندکراوەکەش جێبەجێبکەن بۆ کەمکردنەوەی جیاوازییەکان و نادادپەروەری.

پێویستە لە نێوان عێراق و هەرێمدا لەم قۆناغە، هەوڵی رێکەوتنێکی هاوسەنگ بدرێت کە هەردوولا هاوکاربن بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکە، چونکە بە قۆستنەوەی ئەم قەیرانەی هەرێم، عێراق دەیەوێت ئەو مافانەی کوردستان کە بە قوربانیدانی خەڵک بە درێژایی سەدەی بیست و لە

## دوای ئاساییبوونەوەی بارودۆخ، سەرژمێری دانیشتووان بکرێت، تۆماری دەنگدەران پاك بکرێتەوە، پیاچونەوە بە یاسا و کۆمیسیۆنی هەڵبژاردندا بکرێت بەجۆرێك تاکەکەس و لیستی سەربەخۆ هەلی بەشداربونییان بۆ برەخسێ

ڕاپەڕینی ١٩٩١ و لە دوای ٢٠٠٣ ەوە، لە دەستور بوون بە ئەمری واقیع لێیوەرگرێتەوە.

خەڵکی کوردستانیش بە دەوڵەمەندی گەورە و مامناوەندییەوە، کەریمی عەلەکە ئاسا، کۆمەکی یەکتری بکەن، دراوسێ نەهێڵێت هاوسێکەی بێ شیو بێت، خزم فریای خزمەکانی بکەوێت، هەر کەسێک تۆڕێک لە هاوڕێکانی دروستبکات بۆ هاوکاریکردن.

بەشێک لە خەڵکیش دەستبەجێ رووبکەنەوە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، حکومەتیش بە یاسا قەدەغەکردنی هاوردە و بە تاریفەی گومرگی نوێ، پارێزگاری لە بەرهەمی ناوخۆ بکات و پەرەی پێبدات.

بەمشێوەیە شیرازەی کۆمەڵگە ناپچڕێت، ئاشتی کۆمەڵایەتی دەپارێزرێت، پەلاماردان کۆنترۆڵ دەکرێت. بە ئومێدی ئەوەی لە ماوەی ساڵێکدا چارەسەری ڤایرۆسەکە بدۆزرێتەوە و بەدوایدا ژیانی ئابووری و دارایی و کۆمەڵایەتی وردە وردە ببوژێتەوە.

### کارکردن بۆ گۆڕانکاری

دوای ئاساییبوونەوەی بارودۆخ، سەرژمێری دانیشتووان بکرێت، تۆماری دەنگدەران پاک بکرێتەوە، پیاچونەوە بە یاسا و کۆمیسیۆنی هەڵبژاردندا بکرێت بەجۆرێک تاکەکەس و لیستی سەربەخۆ هەلی بەشداربونییان بۆ برەخسێ لە ئەنجومەنی پارێزگا و پەرلەماندا، رێگە لە تەزویر بگیرێت، ئۆپۆزیسیۆنی تاکەکەسی و سەندیکا و رێکخراوی مەدەنی راستەقینە کاراتر بکرێن، تەنها حیزبی مەدەنی بێ میلیشیا و چەکدار بۆی هەبێت بەشداری لە هەڵبژاردندا بکات. ئینجا هەڵبژاردنی پێشوەخت بکرێت، لەو بروایەدام دوای ئەم قەیرانە و دوای ئەزموونی شکستخواردووی حیزبی و حوکمڕانی ٢٩ ساڵی رابوردوو، ئەمجارە خەڵکی کوردستان بەرچاوروونتر دەبن بۆ دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان.

وتــار

# پرسە سیاسی و جڤاکییەکان
# لە ئاین و مەزهەبە عیبرانیەکاندا



★ سەردارستار

**بەشی دووەم و کۆتایی**

دوای ئەوەی شائول و سێ کوڕەکەی لە شەڕێکیتری فەلەستینیەکان دەکوژرێن، داود دەبێتە پادشای یەهودیەکان بۆ ماوەی سێ ساڵ، دەسەڵاتێکی فرەوانی بۆ یەهودیەکان دامەزراند، ئاینیشی لە ڕێگای پێغەمبەر ناتانیەوە لایەنی خوداوەندیشی خستە پاڵ پادشایەکەی و کردی بەدەسەڵاتی خێزانی. ئەرک و داواکاریە ئاینەکانی کە لە تەورات هاتبوون داود هەمووی بۆ یەهودیەکان جێبەجێکردن و ناوەندیەتی بە ئیسرائیل بەخشی.

داود دوای پیربوونی دەیویست کوڕە گەورەکەی ئەدۆنیا ببێتە جێگرەوە، بەڵام وەك چۆن ژنی ئیسحاق نەیویست عیسۆ ببێتە جێگرەوەی ئیسحاق و ئەوی نارد بۆ راو و یەعقوبی کردە پێغەمبەر، هەمان چیرۆك دووبارە دەبێتەوە. چیرۆکێکی بەمشێوەیەش سولەیمانی لە شوێنی ئەدۆنیا کردە جێنشین و پادشای دوای داود.

سولەیمان لەگەڵ کچی فرعون هاوسەرگیری دەکات و سنوری دەسەڵاتەکەی لە نیلەوە تا فورات فرەوان دەکات. سولەیمان لەبەر ئەو هەموو باج و سەرانەی بەسەر خەڵکی دا سەپاندبوو، هەمانکات خەڵکێکی زۆریشی بە سوغرە کارپێکردبوو، لەلایەکیتریش لەبەر ئەو هەموو ژنەی هێنابووی کە دەگووترێت حەفتسەد ژن و سێ سەد کەنیزەك بووە، بۆ ئەمەش ڕۆژ بەرۆژ زیاتر لە ئاینی ئیسرائیلی دوور دەکەوتەوە و خودای عەشتورتی سەیدونیان و خودای ملکومی ئامۆنیتەکانی دەپەرست و بەرامبەر ئۆرشەلیم هەندێك پەرستگەی بۆ

دروست کردن. ئەمەش رق و تورەی لەناو یەهودیەکان دروست کردبوو.

دوای مردنی سولەیمان، رێحبعام چوو بۆ شەکیم بۆ ئەوەی بە پادشای هەڵبژێرن، بەڵام گەندەڵی و زۆرداری و دوورکەوتنەوەی سولەیمان لە ئاینی ئیسرائیل، ئەوانە بوونە هۆکار کە خەڵك بەرووی رێحبعام راپەڕن و بەردبارانی بکەن و ئەویش رابکات و بگەڕێتەوە ئۆرشەلیم و دەسەڵاتی ئیسرائیلیش ببێتە دوو پارچە، کەرتی باکوور «ئیسرائیل» و کەرتی باشووریش «یودا». بەمشێوەیە کۆتای بە هەژموونی دەسەڵاتی ئیسرائیل دەهێندرێت.

**٣- داگیرکاری و کۆمەڵکوژیەکانی لەسەر یەهودیەکان:**

یەهودیەکان کە خاوەن دەسەڵاتێکی بەهێزی نەتەوەیی و پشتیوان بە هێزی خوداوەندی بوون و زۆرترین کاریگەریان بەسەر کۆمەڵە و گرووپەکانی دەوروبەری خۆیان هەبووە، بەقەد ئەوەش روبەڕوی کۆمەڵکوژی و داگیرکەری و پەرتەوازەیی بوونەتەوە، دوو کەرتبوونی دەوڵەتی یەهود ئاسانتری کرد بۆ داگیرکەری نەیارانی. یەکەمین هێرشیش لە ساڵی ٧٢٢ی پ.ز لەلایەن ئاشووریەکانەوە کرایە سەر دەوڵەتی بەشی باکوور، هەروەها ساڵی ٥٨٦ی پ.ز لەلایەن بوخەت نەسری پادشای ئاشوور بەشی باشووریش داگیرکرا و پەرستگەی ئۆرشەلیم وێرانکرا. یەهودیەکان بە دیلیەتی بردرانە بابل و بۆ ماوەی پەنجا ساڵ لە نێوان شاری بابل و پەرستگەی نیپور نیشتەجێکران.

پادشای ئاشووریەکان ئەوانیان لە رێورەسمە ئاینیەکان ئازادکرد، ئەوانیش خوێندن و فێرکردنی تەوراتیان سەرەتا لەماڵان، دواتر شوێنێکی تایبەتیان دروست کرد و ناویان نا سیناگۆگ واتا کەنیسە.

کورۆشی پادشای پارس، دوای ئەوەی بابلی گرت، یەهودیەکانی ئازاد کرد لەکوێ دەیانەویست لەوێ نیشتەجێبوون، بەشێکی کەمیان مانەوە، بەشێکیشیان گەڕانەوە سەر خاکەکانیان، بەشێکیش چوون بۆ ئێران، بەشێکیش هاتن بۆ کوردستان.

ئەوانەی گەڕانەوە فەلەستین، رێگایان پێدرا دەسەڵاتی خۆجێی خۆیان هەڵبژێرن و پەرستگەکانیان نۆژەن بکەنەوە و رێورەسمە ئاینیەکانیان بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێوەبەرن. زیر و بابل لەنەوەکانی داود بۆ دەسەڵات دیاری کرا، فینانسی دارایشی لەلایەن کەسایەتیەکی یەهودی بەناوی خەشاریارشا گرتیە ئەستۆ. لەلایەن دەسەڵاتی پارسیشەوە عەزرا و نەحیما بۆ دووبارە کۆکردنەوە و رێکخستنەوەی تەورات ئەرکدارکران. چونکە زمانی پارسەکان ئارامی بوو، بۆیە ئەدەبیات و تەورات لەو سەردەمە بە رێنوسی ئارامی نووسراونەتەوە. یەهودیەکان دەسەڵاتی رۆحانی ئاینی خۆیان دامەزراند و سەرۆك و رێبەرەکانیشیان لەناو رۆڵەکانی زادوك کە دەکا سەرپەرشتیارانی راهیبانی پەرستگە هەڵدەبژێدران، ئەو دەسەڵاتەیان ٤٠٠ ساڵ بەردەوام بوو تا هاتنی ئەسکەندەر و ماوەیەکیش دواتر.

دوای سەرکەوتنی ئەسکەندەری مەکدۆنی لە شەڕەکانی میسر و فەلەستین و داگیرکردنیان، ئەویش هەمووو ئازادیەکی بۆ یەهودیەکان فەراهەم کرد و لەهیچی نەگێڕانەوە. تا سێ نەوە لە دەسەڵاتی

ئەسکەندەر بەڕێوەچوو، بەڵگە نووسراوەکان ئەو سەردەمەش ئەوەمان بۆ ساغ دەکەنەوە نمونەی نووسینی» پەندەکانی سولەیمان، ئەییوب، رووت، ئستر، یونس و مەزامیر» دەسکەوتەکانی ئەو قۆناخەن.

دوای مردنی ئەسکەندەر و پارچەبوونی ئیمپراتۆریەتیەکەی بەماوەیەك بۆ سێ پارچە، بەشێکی لە مەکەدۆنیا، بەشێکیش لە میزۆپۆتامیا و ئێران و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست درا بە سلوکیەکان، هەروەها بەشی سێیەمیشی کە میسر و فەلەستینی دەگرتەوە لەلایەن فەرماندەیەکی یۆنانی بەناوی ئنتیاکۆس ئپی فانوس بەڕێوەدەبرا، کەسێکی بێگانەی لەبنەماڵەی زەدوکی کرد بە راهیبی ئۆرشەلیم بەناوی منلائۆس. راهیبی نوێ لە دژی هەموو رێورەسمە ئاینی و دابونەریتیەکانی کۆمەڵگەی ئیسرائیلی بوو، بەگشتی خەڵك روبەڕوی راهیبی نوێ منلائۆس دەرکەوتن و دوای ماوەیەك لە ئۆرشەلیم دەریانکرد.

ئنتیاکۆس لەبەر ئەوەی خەریکی جەنگ بوو لەبەرانبەر میسریەکان، بۆیە نەیتوانی یارمەتی و پشتگیری تەواوی راهیبی نوێ بکات، بۆیە کاتێك گەڕایەوە لە شەڕی میسر ئەوەی منلائۆس پێی نەکرابوو لە دژایەتی یەهودیەکان ئەوا خۆی کردی. بەتایبەتیش پەرستگایەکی بۆ زیۆس لە ئۆرشەلیم دروست کرد و راهیبی گەورەی یەهودی ماتاتیاسی بانگهێشت کرد تاکو لە مەراسیمی قوربانی بەخشین بۆ زیۆس بەشداری بکات و گۆشتی بەرازیشی دەرخوارد بدات، ئەو کردەوەیەیی فەرماندار ئنتیاکۆس ئۆقرەی لە راهیبی بەساڵاچووبڕی و فەرمانداری کوشت، ئەمەش بوو بە سەرەتا دەستپێکردنی راپەڕینێکی نوێ بەپێشەنگایەتی یەهودا ماکابوسی کوڕی ماتاتیاس، ئەوەش بووە

**لەماوەی دەسەڵاتی ئیسرائیل، سێ گرووپ وەك تەریقەت دەرکەوتن، ئەوانیش سەدیقیان"سەدوقیان" لە دەوڵەمەند و خواپێداوە یەهودیەکان بوون" و رابییەکان و فەریسیەکان" لە هەژار و کەمدەرامەتە یەهودیەکان بوون.**

سەرەتای تێکشکانی دەسەڵاتی یۆنانیەکان، لە ساڵی ١٦٥ پ.ز یەهودیەکان دەستیان بەسەر ئۆرشەلیم دا گرت. فەلەستین و سامرە و تا ئەردەنیان لە یۆنانیەکان پاك کردەوە، دەسەڵاتی ئەمجارەی ئیسرائیل بەناوی مکابیان بوو، کە تا ساڵی ٦٦ی زاینی بەردەوامبوو.

لەماوەی دەسەڵاتی ئیسرائیل، سێ گرووپ وەك تەریقەت دەرکەوتن، ئەوانیش سەدیقیان«سەدوقیان» لە دەوڵەمەند و خواپێداوە یەهودیەکان بوون» و رابییەکان و فەریسیەکان» لە هەژار و کەمدەرامەتە یەهودیەکان بوون. بەباوەڕی خۆیان هەریەك لەو گرووپانە کاریان دەکرد بۆ زیاتر پتەوکردنی ستونە ئاینی و

**دوای سلوکیەکان لەئێران دەسەڵات کەوتە دەست ئەشکانیەکان، دوای ئەوانیش کەوتە دەست ساسانیەکان، لە سەردەمی ساسانیەکان ئاینی فەرمی زەردەشتی بوو**

باوەڕیەکانی یەهودی، بەڵام ناکۆکی توند کەوتە نێوان سەدیقیان و فەریسیەکان، ڕاهیبی پەرستگە پشتگیری سەدیقیانی دەکرد، فەریسیەکانیش خەڵکیان لەدژی حکومەتی مکابیان هاندەدا کە بەپشیوانی ئەوان هاتبوونە سەر دەسەڵات. ئەمەش بووە هۆکار کە شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسێت و دەسەڵاتی یەهوودیەکان نەتوانێ خۆی لەسەر پێ بگرێت و داوا لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆما بکەن بۆ دەستوەردان لە بارودۆخەکە، فەرماندەی ڕۆم بەناوی پەمپەئی هات فەلەستینی داگیرکرد و دابەشی سەر چوار پارچەی کرد، سامرە و یودا خرانە سەر خاکی ڕۆم، بۆ هەرسێ پارچەکەیتر هەریەك و دەسەڵاتێکیان لەلایەن ڕۆمەکانەوە بۆ دیاریکرا.

لە ساڵی ٤٠ی پ.ز ئێرانیەکان هێرشێکی توندیان کردە سەر ڕۆمەکان لە سوریا و فەلەستین، ڕۆمەکان دەسەڵاتی فەلەستینیان ڕادەستی ڕاهیبێکی بەکرگیراوی خۆیان بەناوی»هێرۆد«کرد. یەهودیەکان دەسەڵاتی هێرۆد و ئەوانەی لەدوای ئەویش هاتن پەسندیان نەبوو، بەردەوام لەدژیان لە ڕاپەڕین دابوون، ئیدی فەلەستین ببووە ناوەندی شەڕو نائارامی، تا لەساڵی ٦٦ی زاینی بەجارێك ناڕەزایەتیەکان گەیشتنە لوتکە و دەسەڵاتی پاشکۆی ڕۆم و سەربازەکانیان لە شارەکان پاککردنەوە و ئۆرشەلیمیان گرتەوە دەست، دەسەڵاتی ڕۆم کە لەناوخۆشی لەئالۆزیدابوو بۆ ئەمەش فەرماندارە باڵاکانیان بۆ ڕۆما دەگەڕاندەوە. فەرماندەی ڕۆم تیتۆس کە دەیویست بەهێز حکومی خۆی بکات بۆ ئەمەش هێرشێکی ترسناکی کردە سەر ئۆرشەلیم و بەهەزاران کەسی کوشت و ژن و منداڵەکانیشی بەدیلی بۆ ڕۆما بردەوە، ئەمەش سوریا و فەلەستینی پەیوەست کردەوە بە ئیمپراتۆریەتی ڕۆما و یەهودیەکانیشی بە جیهاندا بڵاوکردەوە.

دوای سلوکیەکان لەئێران دەسەڵات کەوتە دەست ئەشکانیەکان، دوای ئەوانیش کەوتە دەست ساسانیەکان، لە سەردەمی ساسانیەکان ئاینی فەرمی زەردەشتی بوو، ناکۆکی کەوتە نێوان زەردەشتی و یەهودیەکان، لەسەر شێوازی ڕێوڕەسمی ئاینی یەهودی، ئەویش بە پیسکردنی ئاو و ئاگر و خاك لەلایەن یەهودیەکان کە لەلایەن زەردەشتیەکان بەپیرۆز دەزاندرێن. ئەمەش بووە هۆکار کە شەڕێکی توند لەنێوانیان دروست بێ و بەهەزاران یەهودی بکوژرێن، بۆیە لەکاتی هاتنی ئیسلام و عەرەب بۆ ئێران، یەهودیەکان بەکۆمەڵ باوەشێن بۆ کردنەوە.

لەگەڵ ئەوەی هەندێك سەرهەڵدان و ناڕەزایەتیش لە ماوەی داهاتوو نیشاندرابێت، بەڵام نەیتوانی یەهودیەکان لە پەرتەوازەی ڕزگار بکات، گەورەترین گورزیش لەلایەن ڕۆمەکانەوە

جارێکیتر بەریان کەوتەوە، دوای راپەڕینی ساڵی ١٣٢ز، لە ساڵی ٤٢٩ز رۆمەکان بەتەواوی هەموو جۆرە هێز و رێکخستنی یەهودیەکانیان تێکبرد، تەنها ئەوەی مابووەوە ئەو ئەنجومەن و خوێندنگا رۆحانیانە بوون کەتێدا پەروەردە دەبیندرا، ئەویش تا ٦٤٠ز بەردەوامی هەبوو.

لە شەڕی نێوان ئێران و رۆمی رۆژهەڵات لە« ٦١٤- ٦١٧» یەهودیەکان پشتیوانی ئێرانیەکانیان کرد، دوای تێکشکانی رۆمەکان دیسان دووبارە گەڕانەوە و ئۆرشەلیمیان خستەوە دەست خۆیان تا ٧١١ز هەتا ئیسپانیایان لەژێر دەستدابوو، دوای دەرکەوتنی ئیسلام و بڵاوبوونەوە لە کەناراوەکانی دەریای سپی بۆ ماوەی سەد ساڵ فەڵەستین کەوتە ژێر دەستی عەرەبەکان.

لە سەدەکانی دە و یازدە و دوازدە یەهودیەکانی لە وڵاتانی ئەوروپا بڵاوبوونەوە توانیبویان خۆیان کۆبکەنەوە و لە کەنیسەکان خۆیان پەروەردە بکەن و لەلایەنی زانست و مەعریفەشدا ئاستێك نیشانبدەن. لە سەرەتای سەدەی سێزدە دووەمین کۆمەڵکوژی سەر یەهودیەکان لەلایەن کریستیانەکانی ئیسپانیاوە دەستی پێکرد، چونکە یەهودیەکانیان بەکوشتنی عیسا تاوانبار دەکرد، ئەو شەڕە فەرەنسا و بەریتانیاشی گرتەوە تاکو ساڵانی ١٢٩٠- ١٣٤٨، ئەم کۆمەڵکوژیە لە ١٣٩١ گەیشتە ئاستێکی ترسێنەر زیاتر لە سی هەزار یەهودی لەناوبردران و نازناوی بەرازیشیان لە یەهودیەکان نا، لە ساڵی ١٤٩٢ بەیەهودیەکانیان گوت یان دەبێ ئسپانیا جێبهێڵن یان دەبێ ببن بە خرستیان ئەمەش وایکرد زۆربەی یەهودیەکان لەترسی گیانی خۆیان ببن بەخرستیان. لە ساڵانی ١٦٢٨- ١٧١٦ چەند جموجۆڵێك و ناڕەزاییبوون و یاخیبوونێك لەلایەن یەهودیەکان دەرکەوتن،

**چەمکی رزگاریکەر یان "مەسیح" کە دراوەتە یاڵ عیسا، لەبنەمادا ئەو چەمکە یەهودیەکان دوای ئەوەی راگواستران بۆ بابل، لە ئاینی زەردەشتیەوە فێرە چەمکی رزگاریکەر بوون.**

بەڵام نەیانتوانی گۆڕانکاریەکی سەرەکی لە ژیانی یەهودیەکان بکەن، هەر لەو قۆناخەدا بەدەیان زانا و نووسەر و لێکۆڵەری یەهودیش دەرکەوتن کە خزمەتێکی زۆریان بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کرد، لەناویاندا زانا کۆمەڵناسی یەهودی هۆڵەندی سپینۆزا لە«١٦٣٢- ١٦٧٧» بوو. جێگای ئاماژەیە گەورەترین و دڕندانەترین کۆمەڵکوژیش لە شەڕی جیهانی دووەم لە نێوان ساڵانی ١٩٣٨- ١٩٤٨ بەسەریاندا هات کە زیاتر لە شەش ملیۆن یەهودی تیاچوون.

**٤- لە چاوەڕوانی رزگاریکەردا:**

چەمکی رزگاریکەر یان «مەسیح» کە دراوەتە یاڵ عیسا، لەبنەمادا ئەو چەمکە یەهودیەکان دوای ئەوەی راگواستران بۆ بابل، لە ئاینی زەردەشتیەوە فێرە چەمکی رزگاریکەر بوون. لە ئاینی زەردەشتی چەمکی رزگاریکەر و دەرکەوتنی ئەدرێتە پاڵ سوشیانت، واتا رزگاریکەری

**ئاینی عیبرانی دوای ئەوەی بەنەتەوەیی بوو، لەگەڵ ئەوەی خۆی بەکۆمەڵێك پێوانە سنوردار کرد، بەتایبەت لە پرسی هاوسەرگیری واتا ژنێك یان پیاوێکی یەهودی ناتوانێت لە دەرەوەی خۆیان لەگەڵ کەسیتر هاوسەرگیری بکات.**

مرۆڤایەتی، ئەو کاتەی ئاهورامەزدا سەردەکەوێت بەسەر ئەهرەمێندا.

دوای گەڕانەوەیان لە بابل و دروستبوونی دەسەڵاتی خۆجێی یەهودی، بەردەوام لە چاوەڕوانی رزگاریکەرێك بوون، بۆیە بەدەرکەوتنی هەر کەسایەتیەکی بەهێز و بەتوانا لەناو یەهودیەکان و ئەوەی لەگەڵیان باشبووە بە مەسیحیان بەناو کردووە. سەردەمێك شائول، پاشان داود وەك مەسیح بیندراوە، هەندێك کاتیش شوانێکی باش، سەردەمێکیش کورۆشی پادشای پارس وەك مەسیح دەبیندرا.

دوای بەجێبوونەوە لە فەلەستین و ئەو ئاڵۆزی و شەڕە ناوخۆیی و داگیرکەریەی رۆمەکان لەسەر یەهودیەکان بەڕێوە دەچوو، ئەمجارە چاوەڕێی رزگاریکەرێکی بان سروشت بوون لەسەر چیای سەهیۆن دەرکەوێت و هەموو دوژمنانی یەهودی لەناو ببات. مەسیح بەواتای دەست بەسەرداهێنان، واتا پیرۆزکراو لەلایەن یەهوە، بۆیە کاتێك یەعقوب بوو بەپێغەمبەر پیرۆزکرا، هەمانکات بۆ پادشاکانیش بەهەمان شێوە بەڕۆن مەسح کراون. واتا دەرکەوتنی عیسا وەك مەسیح داهێنانێکی خۆی یان خرستیانەکان نیە، بەڵکو بەشێکە لە رێورەسمی ئاینی یەهودی. لە ئیسلامیشدا چاوەڕێی مەهدین، هاتنی مەهدی کۆتایی هەموو ناکۆکی و دووبەرەکی نێوان موسڵمانانە. واتا هەر ئاینە و چاوەڕێی رزگاریکەرێکە.

- **ئەنجام**

ئاینی عیبرانی دوای ئەوەی بەنەتەوەیی بوو، لەگەڵ ئەوەی خۆی بەکۆمەڵێك پێوانە سنوردار کرد، بەتایبەت لە پرسی هاوسەرگیری واتا ژنێك یان پیاوێکی یەهودی ناتوانێت لە دەرەوەی خۆیان لەگەڵ کەسیتر هاوسەگیری بکات. لەگەڵ ئەو هەموو پەرتەوازەیی و کۆمەڵکوژی و دوورکەوتنەوە لەزێدی خۆیان دروست بووە، بەڵام پابەندبوونێکی زۆر بۆ ئاو و خاکی ئیسرائیلەوە هەیە، هەروەها بەردەوام تەورات و بەڵگە نوسراوەکانی تری یەهودی بۆتە سەرچاوەی لەیەکتر کۆکردنەوەی یەهودیەکان و رێکخستنەوەیان. لەلایەکیتر لەو دەرفەتانەی بۆیان رەخساوە سوودمەندبوونە و خزمەتیان بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کردوە لە بوارەکانی زانست و ئەدەب و هونەر. لەبواری بازرگانیش بەردەوام بەشێکی گرنگی بازاڕی جیهان لەدەستی یەهودیەکان دابووە، لە سەردەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا ئەو لایەنەیان کەوتە خزمەت هەژموونی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی.

> ”
> **بەهەمانشێوە یەهودیەکان وەکو ئەوەی هەموو کەسێك دەیەوێت ئەوان لەناوببات بۆیە بەگومان لە هەرکەس و لایەنێك نزیك دەبنەوە. لە رۆژی ئەمڕۆ لەدەرەوەی هێزە هەژمونگەراکانی جیهان هیچ نەتەوە و دەوڵەتێك پەیوەندی ئاسایی لەگەڵ دەوڵەتی یەهودی نابەستێ**

یەهودیەکان چ وەك ئاین و چ وەك نەتەوە، بەردەوام زلهێزە جیهانیەکان و هەژمونگەراکان ویستویانە بەکاریان بهێنن، بۆیەش پرۆسەی دەوڵەت – نەتەوە و دۆگماتیزمی ئاینیان زۆر تێدا قوڵکراوەتەوە، وای لێهاتووە یەهودیەکان وەك نامۆ دەبیندرێن لە رۆژهەڵاتی ناوین و لەلایەکیتریش وەك دوژمنی گەلان پێناسە دەکرێن، بۆیە پەیوەندی لەگەڵ یەهودیەکان وەك حەرام دەزاندرێت. بەهەمانشێوە یەهودیەکان وەکو ئەوەی هەموو کەسێك دەیەوێت ئەوان لەناوببات بۆیە بەگومان لە هەرکەس و لایەنێك نزیك دەبنەوە. لە رۆژی ئەمڕۆ لەدەرەوەی هێزە هەژمونگەراکانی جیهان هیچ نەتەوە و دەوڵەتێك پەیوەندی ئاسایی لەگەڵ دەوڵەتی یەهودی نابەستێ، ئەوانیش بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەتایبەت ئەمریکا و رووسیا دەیانەوێت ئیسرائیل وەك گورگێکی هار بۆ گیانی گەلانی ناوچەکە بەکاربهێنن، بێگومان دەوڵەتی ئێرانیش بە میللیگەرایی شیعیەتی لەبەرامبەر نەتەوەپەرستایەتی زایۆنیزمی یەهودی لە پێشبڕکێی هەژموونی رۆژهەڵاتی ناوین دایە.

یەهودیەکان هێزێکی بەرفرەوانی زانستی و هونەری و ئابوورین، ئەگەر بێتو لەسەربنەما و پێوانەکانی مۆدێرنیتەی دیموکراتی و کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی نزیکی چارەسەری کێشەکانیان ببنەوە و هەمانکات لەگەڵ گەل و باوەڕیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاشت ببنەوە، ئەوا دەتوانن ببنە فاکتەرێکی گرنگ بۆ دیموکراتیزەکردنی رۆژهەڵاتی ناوین و پێکەوە ژیانی گەل و باوەڕیەکان. پێچەوانە بەشێکی سەرەکین لە کێشە و ئاڵۆزیەکان.

- تێبینی:

بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودم لە پەرتوکی دووەمی مانیفستۆی شارستانی دیموکراتی رێبەر ئاپۆ و هەروەها پەرتوکی ئیدی مرۆڤ خودای خۆی خولقاند کە لەلایەن مالی سوهرەوەردیەوە بەچاپگەیەندراوە و مەسعود بابای وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی بینیوە.

وتـــار

# کیمیابارانکردنی هەڵەبجە
# 1988/3/16



★ئومێد ناسیح شەریف

**بەشی دووەم وکۆتایی**

**تەوەرەی یەکەم: بارودۆخی سیاسی پێش کیمابارانەکە**

لە ساڵی ١٩٧٩ دا، سەدام فەرمانی بە هێزەکانی دا بچنە ناو خاکی ئێرانەوە. ئامانجی شەڕەکەش هەر وەکو سەدام لە سەرەتای جەنگەکەدا ئاماژە و جارێ بۆ دەدا گەڕانەوەی (کەنداوی عەرەب) بوو کە عێراق تەسلیمی ئێرانی کرد بوو، لە بەرامبەردا ئێرانیش دەستبەرداری هاوکاری و پشتگیری ڕاپەڕین و شۆڕشی کورد ببوو دژی عێراق. بەپێی ڕێکەتنامەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ نێوان عێراق و ئێران، کاتێک سەدام بڕیاریدا و ئامادەسازی دەکرد بۆ جەنگ دژی ئێران هەوڵی قۆستنەوەی ئەو ئاژاوە و شڵەژان و بۆشاییە سیاسیەی دەدا، کە لە ئەنجامی ڕووخاندنی ڕژێمی پەهلەوی لە ئێران دا دروست ببوو بەهۆی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەڕابەرایەتی (خومەینی) لە ساڵی ١٩٧٩، هەروەها مەترسی بڵاوبوونەوەی فکرەی شۆڕشەکە کە لە سەر مەزهەبی شیعی بوو لە نێو شیعەی عێراق کە زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی عێراقن، سەبارەت بەڕۆڵی کورد و پارتە کوردییەکان لەماوەی جەنگی ئێران و عێراق دا، هەروەک لە ڕابردووشدا ڕویدابوو حیزبە کوردییەکان پێیان ئاسان تر بوو دەستی هێزی دەرەکی بگرن و بیهێننە سەر خاکی کوردستان و هاوپەیمانی لەگەڵ هێزی دەرەوەدا دروست بکەن لەوەی هێزی خۆیان کۆبکەنەوە و یەکێتیەکی تۆکمە لەبەرامبەر حکومەتدا دروستبکەن. لەماوەی هەشت ساڵ شەڕی ئێران و عێراق (١٩٨٠ . ١٩٨٨) حیزبە کوردییەکان

**لە کانونی دووەمی 1985 دا، بەڕوونی دیاربوو کە مەبەستی سەدام حسێن لاوازکردنی یەکێتی و کوشتنی کات، و زیاتر خۆئامادەکردن و بەهێزکردن بوو بۆ شەڕی ئێران.**

بەسەر هەردوو بەرەی شەڕەکەدا دابەش ببوون و بەرەکانیان دەگۆڕی. بەنموونە (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) بەلایەنی کەمەوە سێ جار هاوپەیمانی خۆی گۆڕی: سەرەتا لەگەڵ سوریا، دواتر لەگەڵ حکومەتی عێراق، لە کۆتایشدا لەگەڵ ئێران ڕێکەوت.

لەساڵی (١٩٨٣) یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هاوپەیمانی حکومەتی عێراق بوو لەبەرئەوەی سەرکردایەتییەکەی هەستی دەکرد لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە مەترسی لەسەرە، نەیارەکەشی پارتی دیموکراتی کوردستان کە هاوپەیمانی ئێران بوو دەستکەوتی باشتری هەبوو، سەدام حسێن دەستی بە دانوستان کرد لەگەڵ جەلال تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. دانوستانەکەش سەبارەت بە حوکمی ئۆتۆنۆمی و دارایی و کۆنترۆڵکردنی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک بوو. پێدەچوو بەدەستهێنانی ئەمانە ئەستەم بێت، بەڵام ناکۆکی و بۆشایی نێوان یەکێتی و پارتی فراوان و ئاڵۆز بوو ئەمەش دەرفەت بوو بۆ حکومەتی بەعس کە یاری بە کات بکات. ماوەی ئەو (١٨) مانگەی دانوستانی تێدا ئەنجامدرا یەکێتی یارمەتی حکومەتی عێراقی دەدا کە ڕێگە نەدات ئێران و پارتی هاوپەیمانی لە ناوچە کوردییەکان دەستکەوتی زیاتر بەدەست بێنن.

لە کانونی دووەمی ١٩٨٥ دا، بەڕوونی دیاربوو کە مەبەستی سەدام حسێن لاوازکردنی یەکێتی و کوشتنی کات، و زیاتر خۆئامادەکردن و بەهێزکردن بوو بۆ شەڕی ئێران. لە ڕاستیدا حکومەتی بەعس نەیدەویست بچێتە ژێر باری داواکارییەکانی یەکێتییەوە، لەبەرئەوە دانوستانەکان شکستی هێنا. دواتر یەکێتی چووە ڕیزی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق و دەستی بەشەڕی پارتیزانی کرد لە دژی حکومەتی عێراق پەیوەندی لەگەڵ ئێران دا دروست کرد. لە تشرینی دووەمی ١٩٨٦ دا یەکێتی گەیشتە ئەنجامی ڕێکەوتنێک لەسەر بابەتی هاریکاری ئابوری و سیاسی و سەربازی لەگەڵ حوکمەتی ئێراندا. بەپێی ڕێکەتنامەکە یەکێتی دەبوو لە دژی حوکمەتی عێراق شەڕ بکات تاوەکو سەدام لەسەر کار لادەبرێت و لەگەڵ بەغدادیش ڕێکەوتنی تاکلایەنانە ئیمزا نەکات. ئێرانیش ڕازی بوو چەک و پاڵپشتی دارای و کۆمەکی پزیشکی بۆ یەکێتی دابین بکات.

لە بەهاری ١٩٨٧ دا ئێران داوای لە پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرکردایەتی مسعود بارزانی و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەسەرکردایەتی جەلال تاڵەبانی کرد دژ بە دوژمن یەکبگرن و ناکۆکییە دێرینەکانیان وەلابنێن. لەلایەکی دیکەوە هەردوو حیزب کۆمەڵێ هاوپەیمانی تریان ئەنجامدا. پارتی دیموکراتی

## نەخشە و پلان و بەرنامەی ئازادکردنی هەڵەبجە داڕێژرا. ئێوارەی رۆژی 14 مارتی 1988 هەموو هێزەکانی عێراق هەڵاتن یان خۆیان دابەدەستەوە

کوردستان هاوپەیمانی لەگەڵ دوو گروپی توندڕەوی دژ بەیەک پێکهێنا: حزبی شیوعی عێراق (حشع) و حیزبی توندڕەوی ئەلدەعوە. چەندین حیزبی نهێنی دیکەش لەکارو چالاکیدا بوون، وەک سۆشیالیست و کۆمۆنیست، یەک لەو گروپانەش کەوا بەتایبەتی لە هەڵەبجەدا بەهێزبوو (حیزبی بزووتنەوەی ئیسلامی لە عێراق)ی سەر بە ئێران بوو.

لە ئەنجامی ئەم هەموو رێکەتنامە و هاوپیمانێتییە نەخشە و بەرنامە و پلان دانرا بۆ کۆنترۆڵکردنی هەڵەبجە. گەورەترین بایەخی ستراتیجی هەڵەبجە ئەوە بوو نزیک سنووری ئێران بوو، بە دووری حەوت میل دەکەوێتە خۆرهەلاتی دەریاچەی دەربەندیخان، کە دەریاچەی دەربەندیخان بەشێکی گرنگی ئاوی بەغدادی پایتەختی دابین دەکرد، مەبەستی هێزە کوردییەکانیش لە کۆنترۆڵکردنی هەڵەبجەدا ئەوەبوو کە لە ئەنجامی قۆناغی یەکی ئەنفالدا فشارێکی گەورە کەوتبووە سەر گەلی کورد و هێزی پێشمەرگە و حیزبە کوردییەکان، بەتایبەتی بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بۆ سوککردنی ئەو فشارە و ڕاکێشانی بەشێک لە سوپای عێراق بۆ بەرەیەکی دیکە و دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە لە جوگرافیای قۆناغی یەکی ئەنفالدا.

لەبەرئەوە نەخشە و پلان و بەرنامەی ئازادکردنی هەڵەبجە داڕێژرا. ئێوارەی رۆژی ١٤ مارتی ١٩٨٨ هەموو هێزەکانی عێراق هەڵاتن یان خۆیان دابەدەستەوە، هێزەکانی یەکێتی، پارتی، شۆسیالیست، بزوتنەوەی ئیسلامی، هێزی سەرەکی ڕزگارکردنی هەڵەبجە بوون، هێزی ئێران لە سەرەتاوە ڕەمزی و مەعنەوی بوو تا دوای کیمیابارانکردنەکە، بەڵام هەندێ لە ناوەندەکانی دەسەڵات لە ئێراندا کە لەناو خۆیاندا لە ململانێدا بوون لەسەر درێژەپێدانی شەڕ و ڕاگرتنی، پێویستیان بە پڕوپاگاندا هەبوو، ئێران کۆنترۆڵکردنی هەڵەبجەی بۆ ڕای گشتی خۆیان و بەرزکردنەوەی وورەی لەشکرەکەیان بەکارهێنا، پڕوپاگاندەی سەرکەوتنی ئێران هەموو بەهانە و بیانوویەکی دا بە حکومەتی بەعس بێ سڵمینەوە کیمیابارانی هەڵەبجە بکات.

### تەوەری دووەم : کیمیابارانی هەڵەبجە

داگیرکردنی هەڵەبجە لەلایەن ئێران و بە هاوکاری چوار پارتی کوردی (ی.ن.ک، شۆسیالیست، پ.د.ک، بزوتنەوەی ئیسلامی) و پرووپاگەندەی نابەجێی ئیران بووە هۆی ئەوەی کە هەموو بیانویەک بە سەدام حسین بدرێت کەلەڕۆژی چوارشەمە ١٦ ئاداری ١٩٩٨ بە (٥٠) فرۆکەی جەنگی کە هەریەکەیان بۆمبایی

(٥٠٠کگم)میان هەڵگرتبوو هەڵەبجە بەکیمیایی بۆمبباران بکەن. واتە (١٠٠) تەن گازی ژەهراویان بەسەر شاری هەڵەبجە دا باران، بۆردومانکردنی هەڵەبجە گەورەترین کارەساتی جەنگی بوو پاش لێدانی (هێرۆشیما و ناکازاکی یابان) لەلایەن ئەمریکاوە لەجەنگی دووەمی جیهانیدا. لە هەڵەبجە بەهەزاران مرۆڤ بوونە قوربانی و بەدەیان هەزاریش برینداربوون.

ئەو گازە ژەهراویانەی بەکارهێنران بریتیبوون لە (گازی خەردەل، سارین، تابوون، سیانید هایدرۆجین، سام). گازی خەردەل جگە لە سووتاندنی پێست و جەستە مرۆڤ کوێر دەکات و جەرگ زیانێکی گەورەی بەردەکەوێت، بەڵام (سارین و تابون) شەلەل دروست دەکەن و جەستە تەشەنوج دەکات و مرۆڤ پێش مردن دەرشێتەوە.

سەرکردایەتی هێرشی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە (علی حسن المجید)ی ئامۆزای سەدام حسێن بووە، کەدوای کیمیابارانکردنەکە بە (علی الکیمیایی) ناسرا، کە سەرکردەیەکی باڵای حیزبی بەعس بوو، دەسەڵاتێکی ڕەهای پێدرابوو لەلایەن (سەدام حسێن)ەوە لە باشووری کوردستان. هێرشی فڕۆکە جەنگییەکان و بۆردوومانکردنی ئامانجە مەدەنییەکان تا ڕۆژی ١٩٨٨\٣\١٩ بەردەوام بوو.

ئەو کاردانەوەیەش زۆر دڕندانە بوو، بۆ خەڵکی باشووری کوردستان و هەڵەبجەش چاوەڕوان نەکراو بوو، کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بە یەکێک لەتاوانە گەورەکانی دژی مرۆڤایەتی دادەنرێت لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم. دانیشتوانی هەڵەبجە بەشێوەیەکی تراژیدی بەکاریگەری ژەهر و گازە کیمیاوییەکان لەنێو ماڵەکانی خۆیان یان لەسەر شەقام و ڕێگاکان یان لەڕێگاکانی دەرباز بوون بەرەو سنووری ئێران گیانیان لەدەست دەدا و شەهید بوون.

> ”
> **حکومەتی عێراقی بەبەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی خەڵکی شارەکە جیاوازی نەدەکرد لەنێوان چەکدار و پیر و منداڵ و کوڕ و کچ و ژن و پیاو**

حکومەتی عێراقی بەبەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی خەڵکی شارەکە جیاوازی نەدەکرد لەنێوان چەکدار و پیر و منداڵ و کوڕ و کچ و ژن و پیاو، هەموو ئەو کوژراوانەی لەئەنجامی بەکارهێنانی ئەم چەکەدا بریتیبوون لەخەلکی مەدەنی شارەکە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بووە هۆی شەهیدبوونی نزیکەی (٥)هەزار خەڵکی مەدەنی و برینداربوونی زیاتر لە (١٠) هەزار کەسی تر. بەهەزاران لاشەی پیاو ئافرەت و مناڵ و پیر لەناو ماڵ و حەشارگە و شەقامەکان و دەوورووبەری شارەکە دا کەوتبوون.

شاری هەڵەبجە تاکە شار نەبووکە فڕۆکەی جەنگی عێراقی بەچەکی کیمیاوی بۆردوومانی بکات، بەڵکو پێش هەڵەبجەش چەندین گوندی تری ناحییەی (ئاغجەلەر) لەپارێزگای کەرکوک و گۆپتەپە و ناحیەی قەرەداغ لە سلێمانی و دۆڵی بالیسان لە هەولێر و چەندین گوندی تری پارێزگایی

## چوار ڕۆژ پاش کارەساتەکە واتە لە 20 ئاداری 1988 کۆنگرەی باڵای وڵاتانی ئیسلامی لە کوێت بەسترا، کە هێشتا تەرمی هەزاران شەهیدی هەڵەبجە لەسەر شەقامەکان کەوتبوون

دهۆک کیمیاباران کران.

بەڵام لێدانی شارێکی پڕ لە دانیشتوان بەچەکی کیمیاوی بەفەرمانی ڕاستەوخۆی سەرانی حکومەتی بەعس کارەساتێکی گەورە و ترسناک بوو. تاوانبارنەکردنی ڕژێمی عێراق لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕای گشتی جیهان بەشێوەیەکی جددی وای لەبەعس کرد دووبارە ئەم چەکە لەناوچەی هۆرەکانی باشووری عێراق لەسەرەتای نەوەدەکانەوە بەکاربهێنت.

**تەوەرەی سێیەم: هەڵوێستی وڵاتان**

سەرەڕای هەوڵی دوژمنکارانە و خیانەتکارانەی ئێران، بەڵام پاش ئەم بۆردومانە ئێران بەهانای قوربانییەکانەوە هات و زۆربەی بریندارەکان لە نەخۆشخانەکانی ئێران تیمار و چارەسەرکران، هەواڵی کیمیابارانی بە دونیا ڕاگەیاند و ڕێگەیدا پەیامنێر و ڕۆژنامەنووسان بگەنە شاری هەڵەبجە، گەیاندنی وێنەی ئەم کارەساتە و بڵاوبوونەوەی ئەو وێنە و ڤیدیۆیانەی ڕۆژنامەنووس و پەیامنێران دەیانگرت هەموو جیهانی هەژاند، بەڵام هەندێ لە دەوڵەت و ڕژێم و ناوەند و دەزگا جیهانییەکان کیمیابارانکردنی هەڵەبجەیان بە درۆ لە قەڵەم دەدا.

چوار ڕۆژ پاش کارەساتەکە واتە لە ٢٠ ئاداری ١٩٨٨ کۆنگرەی باڵای وڵاتانی ئیسلامی لە کوێت بەسترا، کە هێشتا تەرمی هەزاران شەهیدی هەڵەبجە لەسەر شەقامەکان کەوتبوون و نەنێژرا بوون، لەم کۆنگرەیەدا باسی جەنگی ئێران و عێراق و گەلی فەلەستین و بۆسنە و هەرسک و ئەفغانستان و چەوسانەوەی تورک لەبولگاریا کرا. بەناوی کۆنگرەوە چەند بروسکەیەک ئاڕاستەی ئەو وڵاتانەکرا، بەڵام سەبارەت بەکارەساتی هەڵەبجە بیدەنگ بوون، هەروەکو گەلی کورد مرۆڤ و ئیسلام نەبێت، تەنانەت باس لەڕوخاندنی هەزاران مزگەوت و سوتاندن و فەوتاندنی هەزاران قورئانیش نەکرا.

لیژنەی داکۆکی کردن لە کەمەنەتەوەییەکان لە ڕێکخراوی دەوڵەتە یەکگرتووەکان لە جنێڤ لەبارودۆخی مافی مرۆڤی کۆلۆنییەوەلەوڵاتانی جیهاندا، لەبەرامبەر بەکارهێنانی چەکی کیمیای دژی خەڵکی بێتاوان و مەدەنی هەڵەبجە بڕیار درا ناوی عێراق بخریتە ناو ئەو وڵاتانەوە کە مافی مرۆڤ پێشێل دەکەن. بەڵام نوێنەری وڵاتانی (مەغریب، چین، جەزائیر، یەکێتی سۆڤیەت، سۆماڵ، یوگسلافیا، ڕۆمانیا، کوبا، ژاپۆن) دەنگیان نەدا کە عێراق بخرێتە ناو لیستی ئەو وڵاتانەی کەمافی مرۆڤی پێشێل دەکەن.

دەوڵەتی تورکیا بەکارهێنانی چەکی کیمیای لەلایەن حکومەتی سەدام حسێن دژی خەڵکی مەدەنی هەڵەبجە بەشێوەیەکی فەرمی سەرکۆنە

**تەنیا هەڵوێستی سوریا و لوبنان فەرمی بوو، وەزیری دەرەوەی سوریا و رۆژنامەی فەرمی حیزبی بەعسی سوریا بەرەسمی نارەزاییان بەرامبەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەدژی دانیشتوانی هەڵەبجە نیشاندا**

و ئیدانە نەکرد. سکرتێری گشتی دەوڵەتە یەکگرتوەکان و سەرۆک کۆماری پاکستان و کۆریای باکور، پەرلەمانی بەنگلادیش، ئەڵمانیای فیدراڵ و وەزارەتی دەرەوەی کەنەدا و کۆبونەوەی وەزیرەکانی دەرەوەی وڵاتانی ئەندام لە پەیمانی وارشۆ و سەڵتەنەتی عومان و باڵویزی سوید لە دەوڵەتە یەکگرتوەکان و سەرۆک کۆماری جەزائیر و (هارا)ی سەرۆکی پەرلەمانی یابان ئەم کارەساتەیان سەرکۆنە کرد.

وڵاتانی زلهێز و وڵاتانی ئەوروپی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەیان سەرکۆنە کرد، لەوانە حکومەت و وەزارەتی دەرەوەی ئیتالیا، فرانسۆ میترانی سەرۆکی فەرەنسا، حکومەت و پەرلەمانی بەریتانیا. ئەمریکا وسۆڤیەت سەرەڕای پشتیوانیان لەعێراق نەیانتوانی تاوانەکە پەردەپۆش بکەن، لەو کاتەدا ئەمریکا بەناچاری لەڕێگەی دیپلۆماتەکانیەوە عێراق ئاگادارکردەوە لە تێڕوانینی ئەمریکا لەسەر تاوانەکە.

تەنیا هەڵوێستی سوریا و لوبنان فەرمی بوو، وەزیری دەرەوەی سوریا و رۆژنامەی فەرمی حیزبی بەعسی سوریا بەرەسمی نارەزاییان بەرامبەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەدژی دانیشتوانی هەڵەبجە نیشاندا، هەروەها (وەلید جونبلات) وەزیری دەرەوەی لوبنانیش سەرکۆنەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەدژی دانیشتوانی هەڵەبجە کرد.

زۆربەی وڵاتانی زلهێز و ئەوروپی ئێستا و ئەوساش چەکی کیمیاوی و کەرەستەی سەربازی و جەنگیان بەعێراق دەفرۆشت و هاوکاریان دەکرد و عێراقیان وەکو بازاڕی ساغکردنەوەی کاڵا و کەلوپەلی سەربازی و جەنگی تەماشا دەکرد و ئەو چەکانەش لەسەر کورد تاقیدەکرانەوە.

لەدوای ساڵی (٢٠٠٣) و ڕوخانی ڕژێمی بەعس لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیەوە چەند وڵاتیک تاوانی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجەیان وەکو جینۆساید ناساند لەوانە(بەریتانیا، سوید، هۆڵندا، ئەڵمانیا، فەڕەنسا) لە عێراقیشدا دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لەساڵی ٢٠٠٧ دا ئەنفال، ئەنفالی کوردەفەیلییەکان ٢٠٠٩، ئەنفالی بارزانییەکان ٢٠٠٩، کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لەساڵی ٢٠١٠ بەجینۆساید ناساند.

پەرلەمان و حکومەتی عیراق لە ٢٠٠٨ دا ئەنفالی بەجینۆساید ناساند، پەرلەمان و حکومەتی عێراق لە ٢٠١٠ دا ئەنفالی کوردەفەیلییەکانی بەجینۆساید ناساند، پەرلەمان و حکومەتی عێراق لە ٢٠١١ دا کیمیابارانکردنی هەڵەبجەیان بەجینۆساید ناساند، پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتی

> ئێران لەکاتی گفتوگۆ و ڕێکەوتنامەی لەگەڵ پارتە کوردیی و شیعییە عێراقییەکاندا، بەڵێنی دابوو هاوکارییان بکات بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی هەڵبژێردراوی خەڵك و دیموکراسی، بەڵام لە ڕاستیدا ئامانجی ئێران دامەزراندنی حکومەتێکی تائیفی و مەزهەبی شیعی گرێدراوی ئێرانی بوو

هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٨دا ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و هەموو کارەساتەکانی دیکەی سەر گەلی کوردیان بە جینۆساید ناساند.

**ئەنجام**

١. عێراق مێژوویەکی دێرینی هەیە لە پێکەوە ژیان و بنیاتنانی شارستانیەت لەلایەن نەتەوەکانی سۆمەری و ئەکەدی و لۆلۆیی و گۆتی مادەکان کە دەگەڕێتەوە بۆ چاخە مێژوییەکان، لە مێژوی کۆن و ناوەڕاست و سەردەمی ئیسلامیش پێکەوە ژیان و بنیاتنانی شارستانیەت لەلایەن نەتەوەکانی کورد و عەرەب و تورک، بەڵام دوای نەمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و داگیرکردنی ناوچەکە لەلایەن بەریتانیا و دامەزراندنی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە، ئیدی لەو زەمەنەوە تا ئێستا بەهۆی ناشەفافی و نادیموکراسی و نەبوونی مافی میللەتان و گرێدراوی دەرەکی و دیکتاتۆری حکومەتە یەک لە دواییەکەکانی عێراق ئارامی و پێکەوەژیانیان شێواندووە، ململانێی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی و نەژادی لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا دروست بووە، لە کۆتایدا عێراق جۆرێکی لێهاتووە جوگرافیایەک نیە بۆ ژیان.

٢. هەڵەبجە خاوەن مێژوو شارستانیەکی کۆنە لە ڕووی ئابوری و پیشەسازی و ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە، تەنانەت لە سەردەمی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی دا قەزا بووە، بەڵام بە پیلان گێڕی ئێران و چوار پارتی کوردیی و بە کیمیابارانکردنی لەلایەن ڕژێمی بەعسی دیکتاتۆرەوە ژێرخان و سەرخانی ئابوری و ژینگەیی وێران بوو.

٣ . پەیوەندی جوڵانەوە کوردییەکان و پارتە کوردییەکان لەگەڵ ئێراندا هەمیشە شکست و کارەساتی گەورەی بەسەر کۆی گەلی کوردا هێناوە، ئێران جوڵانەوە و پارتە کوردییەکانی بۆ ئامانج و مەبەستی سیاسی خۆی بەکارهێناوە، ئەو کاتەی مەرامەکەی هاتە دی ئیدی کوردی بە کارەساتباری جێهێشتووە، لە ساڵی ١٩٧٤-١٩٦١ پەیوەندیەکی توند و تۆڵ لە نێوان مەلا مستەفا و ئێراندا هەبوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٥ دا عێراق و ئێران لە جەزائیر ڕێکەوتنامەی جەزائیریان مۆرکرد، ئێران لە بەرامبەر ڕێکەوتنی لەگەڵ عێراق پشتی لە مەلا مستەفا کردوو، جوڵانەوەکەی و کۆی کوردیش توشی شکستی گەورە بوو، لەلایەکی

## به درێژایی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان بە پێی بەرژەوەندییان و بە گوێرەی بەهێزی و لاوازی هەر دوو لایەنی شەڕکەر بەرەکانیان دەگۆڕی

دیکەوە هاوپەیمانی چوار پارتی کوردی و ئێران بۆ داگیرکردنی هەڵەبجە، کیمیابارانی هەڵەبجەی لەلایەن سەدامی دیکتاتۆرەوە لێکەوتەوە.

٤ . ئێران لەکاتی گفتوگۆ و ڕێکەوتنامەی لەگەڵ پارتە کوردیی و شیعییە عێراقییەکاندا، بەڵێنی دابوو هاوکارییان بکات بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی هەڵبژێردراوی خەڵک و دیموکراسی، بەڵام لە ڕاستیدا ئامانجی ئێران دامەزراندنی حکومەتێکی تائیفی و مەزهەبی شیعی گرێدراوی ئێرانی بوو، هاوپەیمانە عێراقییەکانیش بۆ هەمان مەبەست و ئامانج و بەرژەوەندی بەکاریان هێنا، دواتریش جینۆسایدی هەڵەبجەی لێکەوتەوە.

٥ . ئێران ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە خولقاندنی کارەساتەکانی باکوری عێراق، لە جینۆساید و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ناوچەکانی تر، چونکە لەگەڵ نزیکبوونەوەی پارتەکانی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ئێران، هەڵوێستی حکومەتی عێراق بەرامبەری توندتر دەبوو، ڕژێمی بەعس لەبەرامبەر ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی هێزی پێشمەرگەدا کاردانەوەی هەبوو، بەڵام کاردانەوەی بەرامبەر ئۆپڕاسیۆنی هاوبەشی کورد و ئێران توندتر دەبوو، ئەوە لەلایەن سەرانی ڕژێمی عێراقەوە بە خیانەت لە قەڵەم دەدرا، لەبەرئەوە دوای ئەنجامدانی ئەو چالاکیە هاوبەشانە، بە پاساوی بوونی ئێران و سوودوەرگرتن لە چاوپۆشی و بێدەنگی نێودەوڵەتی ڕژێمی عێراق دەستی بە تۆڵە سەندنەوە لە کورد کرد، بە ڕاگواستنی گوندەکان و جینۆساید و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ناوچەکانی تری باکوری عێراق.

٦. بە درێژایی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان بە پێ بەرژەوەندییان و بە گوێرەی بەهێزی و لاوازی هەر دوو لایەنی شەڕکەر بەرەکانیان دەگۆڕی. لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران پارتی دیموکراتی کوردساتن و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پشتگیریتیان کرد و بوونە هاوپەیمانی ئێران، دواتر بەهۆی پشتگیری نێودەوڵەتییەوە ڕژێمی بەعس زۆر بەهێز ببوو پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە حکومەتی عێراق نزیک بوونەوە، لەساڵی ١٩٨٢ بۆ کاتێکی کەم پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا ڕێکەوت کە لە چوار چێوەی عێراقدا پێکەوە کار بکەن، بەڵام هەر خودی ئێران بووە هۆی شکستهێنانی ئەو ڕێکەوتنامەیە، لە ساڵی ١٩٨٣ بەدواوە بۆ ماوەی ١٨ مانگ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق لە گفتوگۆ و ڕێکەوتندا بوون کە پێکەوە باکوری عێراق بەڕێوەبەرن، بەڵام حکومەتی عێراق لەم ماوەیەدا کاتی دەکوشت و خۆی ڕێکخستەوە

**رژێمی بەعس لە بەرامبەر داگیرکردن و بە ئێرانی کردنی هەڵەبجە چەکی کیمیایی لە دژی خەڵکە مەدەنییە بێ بەرگرییەکە بەکارهێنا**

و بەهێز بوو، بەهۆی فشاری ئێرانیش لەسەر یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئیدی ڕێکەوتنامەی عێراق و یەکێتی شکستی هێنا، پاشان لە کۆتایی جەنگەکەدا پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و حیزبی سۆسیالیستی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی باوەڕیان وابوو ڕژێمی بەعس تەواو لاواز بووە و دەڕووخێت، لەبەر ئەوە لەدژی عێراق لەگەڵ ئێراندا ڕێکەوتن و پێکەوە هەڵەبجەیان داگیر کرد، ئەوە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە حکومەتی بەعس ڕژێمێکی دیکتاتۆر و خوێن ڕێژ بوو، بەڵام هاوپەیمانی پارتە کوردییەکان و ئێران هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ کیمیابارانکردنی هەڵەبجە. بەمانایەکی دیکە داگیرکاری ئێران و خیانەتی پارتە کوردییەکان، دیکتاتۆری سەدام نەبووایە قەبارەی ئەو کارەساتە هێندە گەورە نەدەبوو.

٧. لە دوای کیمیابارانی هەڵەبجە ئێران وێنە و ڤیدیۆی کارەساتەکەی لە میدیا ناوخۆییەکان و نێودەوڵەتیەکان بڵاوکردەوە، یارمەتی قوربانیان و برینداران و خەڵکە ئاوارە بووەکەی هەڵەبجەیدا بە گواستنەوەی برینداران و دروستکردنی ئۆردوگا، بەڵام لە ڕاستیدا ئێران مەبەستی هاوکاریکردنی نەتەوەی کورد و خەڵکی هەڵەبجە نەبوو، وەکو کارتی فشار لە ئاستی نێودەوڵەتی بۆ ڕسواکردنی عێراق بەکاریهێنێت و دەسکەوتی سیاسی چنگ کەوێت و عێراق بە هەڵگیرسێنەری جەنگ تۆمەتبار بکات، تا قەرەبووی سیاسی و ئابوری بکرێتەوە.

٨. ڕژێمی بەعس لە بەرامبەر داگیرکردن و بە ئێرانی کردنی هەڵەبجە چەکی کیمیایی لە دژی خەڵکە مەدەنییە بێ بەرگرییەکە بەکارهێنا، کە بووە هۆی شەهید بوونی (٥٠٠) هەزار و بریندار‌بوونی (١٠) هەزار کەس و ئاوارەبونی هەزارانی دیکە لە ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتە و گەورە و بچوک، لە کاتێکدا ڕژێمی بەعس دەیتوانی بە ڕیگەی دیکەی سەربازی لە دەرەوەی شارەکە تۆڵەی ئەو داگیرکاریە لە ئێران و هاوپەیمانەکانی بکاتەوە، بەڵام بەو کاردانەوەیەی سەلماندی کە هیچ نرخێک بۆ نەتەوەی کورد و پێکەوە ژیان دانانێت، هەوڵی پاکتاوی ڕەگەزی کورد دەدات لە عێراق، لەلایەکی دیکەوە هەموو یاسا نێودەوڵەتیەکانی قەدەغەکردنی جینۆسایدی ئابوری و یاسایی و فیزیکی و کەلتوری و سیاسی پێشێل کرد لەکاتێکدا عێراقی پێش بەعس و کاتی بەعسیش تەواوی ئەو ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتیانەیان واژۆکرد بوو، لایەنی نێودەوڵەتیش بەهۆی بوونی بەرژەوەندی زەبەلاحی ئابوری و سیاسی و بازرگانی لەگەڵ ڕژێمی بەعس لە بەرامبەر جینۆسایدی هەڵەبجە بێدەنگ بوون.

وتـــار

# دو هەلویستێن جودا د ڤێ ڕەوشێ دا، مرۆڤێ کورد و یێ ڕۆژئـاڤا



★ نیوار ئەمین عوبەید

مرۆڤێ ڕۆژئاڤا یێ هەڤچەرخ ل سەر بنیاتێ تاکبوون و تاکەکەسیێ هاتیە ئاڤاکرن، لەورا د کارەساتەکا هۆسا دا دێ بینی بتنێ ئاگەهـ ژ نەفسا خۆ هەیە و مە نموونە دیتن کا چاوا ئەخلاق هاتنە هەژاندن و چاوا دانعەمران روومەتا خۆ نەما، ئاما ئەڤەیە حەقیقەتا ڤەشارتی یا مرۆڤێ رۆژئاڤا، کو بەلکی گەلەک رۆشنبیرێن مە ژی نەڤێن دانپێدانێ ب ڤێ بکەن، چونکە هەردەم تاکێ رۆژئاڤا کرییە نموونەیا بلند!

لێ دگەل ڤێ چەندێ، هندەک نموونەیێن دەستهەلاتێن رۆژئاڤا یێن شارستانی و ب ئەخلاق هەنە، نموونەک؛ ژێ کەنەدا، کو سۆز دایە هاولاتیێن خۆ قەرەبوویا وان رۆژان بکەن یێن ل مالێ روونشتی و پارەکێ مەزن تەرخانکرییە بۆ خزمەتێن ساخلەمی و کەرتێن دی، دیسان ل هندەک مارکێتان ژی داشکاندن دانایە سەر کەلوپەلان، ژبۆ سڤککرنا بارێ دەروونی یێ خەلکی و کێمکرنا ترس و ئالۆزییێ. لێ ئەڤ تاکێ هەنێ د ژیانا خۆ هەموویێ دا نەکەفتییە د تەنگاڤییەکا هۆسان دا، لەورا دێ بینی وەکی هۆڤان بەربوونە بازاران و تێرا عەمرێ خۆ کەلوپەل کڕین و هەلگرتن، بێی رێز و حورمەتا دانعەمر و نەخۆشان بگرن!

پێنج ژ سەدێ مرۆڤێن دەستهەلاتێ نە، مرۆڤێن رێبەر و هێژانە، برێڤەبرنا نۆت و پێنج ژ سەدێ ژ خەلکێ سڤیل و سادە دکەن، پتربیا وی خەلکی د بازنەکا دیارکری دا دژین ئەوا بۆ هاتییە دیارکرن، مرۆڤەکێ تاکی یە و پەیوەندییێن وی دگەل دەوروبەران لاوازن و ل دووڤ بەرژەوەندییا

## مرۆڤێ کورد چاڤێ خۆ ل یێ بەرامبەر دگێریت، مەردانی و دلوڤانی پێڤە دیارە، خودان سەربۆرەکا زەنگین یا ژیانێ یە، د هژمارەکا مەزن یا جەنگ و قەیران و کارەساتان را دەربازبوویە

کەسوکی نە. ل ڤێرە ئەز تاکێ رۆژئاڤا ناشکێنم، چونکە زۆر مرۆڤێن رێنجبەر و داهێنەر و ئاڤاکەر مەنە، حەقیقەتا دیارە کو دادپەروەریا وان ئەو گەهاندن سەرکەفتن و پێشکەفتنێ د گەلەک لایەنان دا، لێ ئەزموون و جیهنابینینا وان جودایە ژ یا مە. فەیلەسوفێن مینا کارل یونگ و لاکان و فوکو و دێریدایی د بیاڤێن جودا دا باس ل سەر مەترسییا مرۆڤێ مەڤچەرخێ رۆژئاڤایی کرییە، ئەوێ خۆ ناڤدکەت مرۆڤەک زانا و شارستانی. مەبەستا مە ل ڤێرە دەروونێ تاکێ رۆژئاڤایی یە د تەنگاڤییا ئیرۆ دا، مەرچەندە ئەم نەشێن چ پیڤەرێن گەلەمپەر ل سەر وان بدانین.

ل رۆژهەلاتی ب گشتی و ل کوردستانێ ب تایبەتی، مرۆڤ پتر ب جڤاکی ڤە گرێدایە، پەیوەندی و بەهایێن خێزان و جڤاکی بهێزن و بەلکی ب گەلەک رەنگان ئەڤە جهێ پاشڤەمانێ بیت، ب تایبەت ل دەما پیڤەرێن هەلبژارتنا مرۆڤان بۆ کار و خزمەتکرنێ ل سەر بنیاتێ پەیوەندییان بیت (واستەکاری!)، مە نەڤێت نها وان نموونەیێن نەشرین بهژمێرین. لێ د ڤان دەراڤێن تەنگاڤ دا هەقیقەتەکا دی بەرچاڤە: مرۆڤێ کورد چاڤێ خۆ ل یێ بەرامبەر دگێریت، مەردانی و دلوڤانی پێڤە دیارە، خودان سەربۆرەکا زەنگین یا ژیانێ یە، د هژمارەکا مەزن یا جەنگ و قەیران و کارەساتان را دەربازبوویە، لەورا مێژا بەرگرێ ل دەف وی زۆر موکمترە ژ تاکێ رۆژئاڤا (ئەو تاکێ بەلکی دشێت خۆ بکۆژیت گەر چەند دەمژمێرەکان کارەب ژێ بهێتە بڕین!)

مرۆڤێ کورد هندەک بەها و رەوشتێن جوان پێڤە دیارن، رێز و دلوڤانی بۆ مەزن و دانعەمران هەیە (هەلبەت ئەڤ سیفاتێن مەنێ، ل دەف گەلەک مللەت و نەتەوەیێن دی ژی مەنە). کورد مێهڤانێ خۆ د دانن سەر چاڤێن خۆ، د تەنگاڤییان ژی دا دشێن خۆ بدەنە گوریکرن بۆ برادەر و هەڤالێن خۆ، و بتایبەت د ڤان کاودانان هندەک هەلویستێن مەردانە دیاردبن کو جهێ شانازیێ نە. هەرچەندە دەستهەلاتا کوردی هەلویستەکێ جوان و مێژا وەرگرت د بەرهنگاریکرنا ڤێ پەژیکێ دا، لێ بلا ئەڤ کاودانە ببیتە سەربۆر، نە وەک دەلیڤە کو کێشە و ئاریشەیێن دی بڤەشێرن، وەکی مووچە و مافێن رەوا یێن هاولاتییێن چەندین سالە د هەژاری و بێزاریێ دا دژین. ژبەرکو کاودان گرێدایی ساخلەمیێ یە و تەر و هشک پێکڤە دێ چن، مەترسییا پەژیکێ ل سەر هەموو چین و مرۆڤانە، لەورا باوەرم دەستهەلاتێ ئەڤ هەلویستە ب رژدی وەرگرت. دیسان ژبەرکو مرۆڤێ کورد د تەنگاڤییان دا خۆگوریکەر و دلسوزە، دەستهەلاتێ (وەکی دۆژمنێ کوردا!) هەردەم ئەڤە دلسوزییە

> **د ڤێ قوناغێ دا فەرە خواندن و پێداچوونێن باشتر بکەین، چونکە پشتی ڤێ رەوشێ تەرازوو دێ هێن گۆهەرین، لەورا دڤێت چاڤێن خۆ ڤەکەین و بزانین چارەنڤیسێ مە هەموویان ئێکە، ئەو پشتبەستنا دەستهەلاتا مە ل سەر دەولەتێن رۆژئاڤا و یێن دەوروبەر کری دڤێت نها بزڤرینیت ناڤ مالا خۆ**

ب دەلیڤە دیتیە و مافێن هاولاتییان بەرزەکرینە. ناهێتە ڤەشارتن ئەڤ هەلویستێ نها یێ حکومەتێ وەرگرتی جهێ شانازیێ یە، لێ ئاریشەیێن دی مایینە هەلاویستی و ژیارا خەلکێ دلسۆز مایە بێچارە. نها چ باشە بهێتە کرن؟

د ڤێ قوناغێ دا فەرە خواندن و پێداچوونێن باشتر بکەین، چونکە پشتی ڤێ رەوشێ تەرازوو دێ هێن گۆهەرین، لەورا دڤێت چاڤێن خۆ ڤەکەین و بزانین چارەنڤیسێ مە هەموویان ئێکە، ئەو پشتبەستنا دەستهەلاتا مە ل سەر دەولەتێن رۆژئاڤا و یێن دەوروبەر کری دڤێت نها بزڤرینیت ناڤ مالا خۆ، کا چاوا ڤێ پەژیکێ ئەم زڤراندین مالێن مە و دیارکر کو دڤێت مە پاشخانەکا بهێز یا ئابۆری هەبیت داکۆ نەکەڤینە ژێر دەستێ دەوروبەر. زۆر گرنگە دەستهەلات چاڤەکێ رەحمێ ل تاکێ کورد بگێریت و گرنگیێ ب ژیارا وی بدەت، ئەو تاکێ هەردەم دلسوز و خۆراگر و خۆگوریکەر د هەمی جەنگ و قەیرانان دا، ئەو پۆلیس و پێشمەرگە و زێرەڤان و ماموستا و نۆبەدار و فەرمانبەرێن د خەباتێ دا ژ بۆ پاراستن و ئاڤاکرنا خەلکی، ئەوێن هەردەم د سەنگەران دا بێ مووچە و دووری خێزانێن خۆ د حالەکێ پەریشان دا. ما خۆ حکومەت ب کێ د خۆریت ئەگەر ئەڤێن مە نەبن؟

دێ دوپاتکەمە ڤە، مەبەستا مە ئەو نینە مرۆڤێ کورد یان یێ رۆژئاڤا بلند بکەین یان بشکێنین، لێ ئەم دشێین نموونەیێن جوان و مفایێ ژ سەربۆرێن رۆژئاڤا وەگرین، دیسان داب و نەریتێن کرێت د جڤاکا خۆ دا نەهێلین. خویایە هەر دەولەتەک خزمەتا خۆ دکەت و هاولاتیێ خۆ ل بەراهییا هەموویان ددانیت، بلا ئێدی ئەم ژی پیچەکێ یێن خۆ بین و گرنگیێ بدەینە هاولاتیێ خۆ، دەرفەتێن کاری بۆ گەنجان پەیداکەین و پشتەڤانییا دامێنەر و زانا و پسپۆران بکەین. ئەگەر پشتی ڤێ کارەساتێ ئەم پێداچوونێ د خۆ دا نەکەین، دوور نینە ئەم

**بلا دەستهەلاتا مە ژی چاڤێ خۆ بدەتە ڤی مرۆڤێ هەژار. ئەز ڤێ ب پشتراستی ڤە دبێژم، گەر رەوش و ژیارا تاکێ کورد خۆشتر لێ نەهێت پشتی ڤێ رەوشێ، ئێدی ئەڤ مرۆڤە چ بکەت و چ کارڤەدان هەبیت بلا ئەم حێبەتی نەمینین، چونکە چ مرۆڤێ دونیایێ هندە نەخۆشییێ ل سەر دلسۆزییا خۆ را ببەت، دێ بیتە ئاگر و هەموو سنۆران بەزینیت**

ببینە درندەترین بوونەوەر! چونکە چ مرۆڤان وەکی تاکێ کورد ژ دیرۆکێ وەرە تا نها بێبەختی و خیانەت و نەخۆشی ل سەر دەستێ دوژمنی و دەستێ دەستهەلاتا خۆ ب خۆ نەدیتینە. نابیت زێدەتر خۆ بخاپینین و بتنێ ئاماژەیێ بدەینە بارێ ئارامی یێ کوردستانێ وەک بەهانە بۆ هەر لایەنەکێ دی یێ ژیانێ، ئێدی مرۆڤێ کورد یێ هەست ب شکەستنەکا دەروونی یا مەزن دکەت و د ڤێ رەوشێ دا ئێکجار دێ خەندقیت. ئەردێ کوردستانێ تژی خێر و بەرەکەتە و سەدجار پتر تێرا خەلکێ کوردستانێ هەموویێ هەیە. تەمەت چارێک ژ وێ خزمەتا دەولەتێن رۆژئاڤا بۆ هاولاتییێن خۆ دکەن، بلا دەستهەلاتا مە ژی چاڤێ خۆ بدەتە ڤی مرۆڤێ هەژار. ئەز ڤێ ب پشتراستی ڤە دبێژم، گەر رەوش و ژیارا تاکێ کورد خۆشتر لێ نەهێت پشتی ڤێ رەوشێ، ئێدی ئەڤ مرۆڤە چ بکەت و چ کارڤەدان هەبیت بلا ئەم حێبەتی نەمینین، چونکە چ مرۆڤێ دونیایێ هندە نەخۆشییێ ل سەر دلسۆزییا خۆ را ببەت، دێ بیتە ئاگر و هەموو سنۆران بەزینیت، وەکی کاراکتەرێ "جوکەر" ی، دێ ب هەموو دەستهەلاتان ڤە پەقیت و چ هێز خۆ لبەر ناگرن و باوەری ب چ کەسێ نامینیت. هیڤیدارین ئەم ژ ڤێ رەوشێ فێرببین و بکەینە ئەزموون، ئێدی پێنگاڤێن باشتر و ساخلەمتر بهاڤێژین.

وتـــار

# ڕووداوەکانی زینی وەرتێ
# پەکەکەو نیوەی هەرێمی کوردستان
# بەرامبەر مانەوە لە ناتۆ و دوورکەوتنەوە لە ڕوسیا



★ د.کامەران مەنتک

پێگەی جیۆستراتیژی تورکیا، هەلی ئەوەی بۆ ڕەخساندووە لەسەر زۆر پەت یاری بکات و هەموو شتێک ئەنجام بدات لە پێناو مانەوەی ئەو پێگەیە، کە لە قۆناغی ئێستادا هەموو زلهێزە ئۆراسی و ئەتڵەسیەکان ململانێی لەسەر دەکەن. هەوڵدان بۆ دروستکردنی هاوپەیمانیەتیەکی سێلایەنە لەگەڵ ڕوسیاو ئێران، بۆتە هۆی دروستبوونی ئەو بلۆکە هەرێمیە گەورەیەی هەژموونی ئەمریکاو ئەورووپای لە ناوچەکە لەق کردووە و دەرهاویشتەی ئەمەش هەڵوەشانەوەو هەمواربوونەوەی ئەو سیستەمە جیهانیە تاکجەمسەریەیە، کە ئەمریکا سەرکردایەتی دەکات! ڕەنگ بێت قوربانی یەکەمی ئەو دۆخە نوێیە مەسەلەی کورد بێت، کە بەداخەوە لەماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا نەک هەر نەیتوانیوە ئەو دەرفەتە مێژوویە بقۆزێتەوە، بەڵکو ئەو هێزانەی کوردستانیش خۆیان بوونە داردەستی هێزە هەرێمیانەکان و لەبەر هێنانەدی بەرژەوەندی چەند دەستەو تاقمێک و بنەماڵەیەکی بازرگانی سیاسی کەوتنە لێدانی بەرژەوەندی و خەونە ڕەواکانی میللەتەکەیان. ئەو گۆڕانکاریانەی ئێستا لەناوچەکەدا ڕوودەدات دەرئەنجامی کەڵەکەبوونی مێژوویی گۆڕانکاری ناوخۆ و هەرێمی و نێودەوڵەتی نزیکەی ئەم ٣٠ ساڵەی دواییە.

دروستبوونی هاوپەیمانیەتی ڕوسی - تورکی – ئێرانی ، کە کوردستان دەکەوێتە ناوچوارچێوەی جوگرافی ئەو هاوپەیمانیەتیەوە، خەریکە مەسەلەی کورد نەک هەردەباتەوە خاڵی سفر، بەڵکو بۆ سەدان ساڵی تر دەیگەڕێنێتەوە دواوە و تەنانەت مەترسی جدی لەسەر مانەوەی

## ئەوەی جێگای داخە تا ئێستا کورد بەساویلکەییەوە خەونی لەسەر ئەمریکیەکان هەڵچنیوە، وەلێ ئەمریکیەکان بەردەوامن لە سازش کردن بەمەسەلەی کورد

کوردستان بەو دیمۆگرافیا و جوگرافیایەی ئێستا دروست دەکات. ئەمریکا بۆئەوەی تورکیا لەو هاوپەیمانیەتیە دووربخاتەوەو دیواری خوارەی ناتۆ بپارێزێت، هەوڵدەدات تورکیا بۆلای خۆی رابکێشێت و هەندێک تەنازولاتی ستراتیژی بۆ بکات، بەتایبەتیش دوای ئەوەی تورکیا جدی بوونی خۆی لە نزیکبوونەوە لەروسیاو کڕینی رۆکیتی س – ٤٠٠ نیشانی ئەمریکادا. دیارە هەر سازشکردنێکیش لەگەڵ تورکیا لەسەر حیسابی مەسەلەی کورد دەبێت. لە ساڵی (٢٠١٧) وە ئەو سازشکردنە بە راشکاوی دەستیپێکردووەو کەوتۆتە بەرچاوی خەڵکی ئاسایی!. لە رووداوەکانی ١٦ ئۆکتۆبەرو لەدەستدانی نیوەی هەرێمی کوردستان، ئەمریکاو ئەوروپا پشتی دەوڵەتی ئێراقیان گرت، لە پرۆسەی قەڵغانی فورات و دواتر داگیرکردنی عەفرین و پاشانیش گرتنی سەرێکانی و گرێ سپی، ئەمریکاو ناتۆ رۆڵێکی گەورەیان بینی، هەرچەندە میدیای جیهانی و ناوخۆیی هەوڵیاندا بەرپرسیاریەتیەکە بخەنە ئەستۆی روسیا بە تەنیا!. وەلێ بە بێ رەزامەندی ئەمریکاو ئەوروپا روسیا نەیدەتوانی گڵۆپی سەوز دایسینێت و تورکیاش نەیدەتوانی هێرش بکات.

دوای ئەوەی لە رۆژئاوای کوردستان سەرکەوتنیان بە دەستهێنا و کوردیان لە سووچێکدا ئابڵووقەدا، واخەریکە ئەو پشتێنەیە لە باشووری کوردستان تەواو دەکەن، کێشەی زینی وەرتی و ئەو قەیرانە سیاسی و سەربازیەی لەو ناوچە دروست بووە بەشیکە لەو هاوکێشەیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەمریکا لەسەر پرۆژەی دروستکردنی پشتێنەی سنووری و دروستکردنی وەک تورکیا ناوی دەنێت ناوچەی ئارام رازی بووە، هەرچەندە لەمیداکاندا پێچەوانەی ئەمە نیشان دەدات. بەمەش قۆناغی دوای راپەڕین لە کوردستان بەکۆتا دێت و دۆخەکە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی شەڕی سارد.

ئەوەی جێگای داخە تا ئێستا کورد بەساویلکەییەوە خەونی لەسەر ئەمریکیەکان هەڵچنیوە، وەلێ ئەمریکیەکان بەردەوامن لە سازش کردن بەمەسەلەی کورد بەکارهێنانی وەکو کارتێک و رازیکردنی تورکیا لەسەر حسێبی خاکی کوردستان!. بۆیە کردنەوەی قونسوڵگەری گەورەی ئەمریکا لە هەولێرو هێنانی بنکەیەکی سەربازی بۆ هەرێم نەک لەبەرژەوەندی کورد دانیە، بەڵکو رێک رێکەوتنێکە لەنێوان ئەمریکاو تورکیاو لەمەدا ئەمریکا کار لەسەر هێنانەدی چەند خاڵێکی ستراتیژی دەکات:

١. دوورخستنەوەی تورکیا لە روسیا، کە خەریکە بە کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست لە سوریا ناوەستێت و خۆی بۆ رۆژهەڵاتی فوراتیش، واتە رۆژئاوای کوردستانیش، ئەوبەشەی

لەدەست کورد ماوە ئامادەکات، روسیا خەریکە لە لیبیاو میسرو ئەفغانستانیش پێگەی ئەمریکا لەق دەکات، ئەمە یەکێکە لە هۆکارەکانی رێکەوتنی ئەمریکا لەگەڵ بزووتنەوەی تاڵیبان لە ئەفغانستان و سەرلەنوێ بەکارهێنانەوەی هێزە ئیسلامیە توندڕەوەکان دژی روسیا، وەک ئەوەی لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و لەسەردەمی سۆڤیەت روویدا.

٢. ئەو سازشکردنە بەرامبەر ئەوەیە، کە نیوەی هەرێمی کوردستان بداتە تورکیا و دەستی ئەو وڵاتە واڵا بکات بۆ لێدانی پارتی کرێکارانی کوردستان، ئەگەر کەسێک هەبێت وابزانێت فرۆکەکانی تورکیا بە بێ هەماهەنگی ئەمریکا دەتوانن بێنە ناو ئێراق و بەوشێوەیەیە بۆردومانی چیاکانی کوردستان و کەمپێکی ئاوارەکان بکەن، کە لەژێر سەرپەرشتی نەتەوەیەکگرتووەکان و لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریە، ساویلکەییە، دیارە دەوڵەتی سێبەری ئێراقیش لەمەدا هاوبەشەو رۆڵی گەورە دەگێڕێت، بۆیە ئەگەر وا هەست بکەین ئێران و ئێراق زانیاریان نیەو بەشێک نین لەو گەمە قێزەونە، ئەمە ساویلکەییەو تینەگەیشتنە لە دۆخەکەو لەو مەترسیە جدیانەی ئەمڕۆ بەرۆکی کوردی گرتووە!.

شایەنی ئاماژە پێکردنە ئەم رێککەوتنانە دوای ئەوە دێت، کە بەناوی ئازادی مافی مرۆڤ و رێزگرتن لە مافی پەناهەندەکان پرۆسەیەکی تەعریبی گەورە لەو هەرێمە بەڕێوە چووە، دیارە ئەمەش مۆرکی رێکەوتنی تورکی – ئێراقی پێوە دیارە بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای ئەو هەرێمە، ئەوە هەمان ئەو گۆڕانکارانەیە، کە تورکیا لە رێگای هێزی سەربازیەوە لە رۆژئاوای کوردستان ئەنجامی دەدات، بۆیە شکستی کورد لەو قۆناغەی ئێستادا بە تەنیا شکستێکی سەربازی سیاسی نابێت وەک ئەو شکستانەی لە رابردوودا روویداوە، بەڵکو لەدەستدانی یەکجارەکی زۆر بەشی گرنگی کوردستان دەبێت. ئەگەر لە رابردوودا، دەوڵەتە داگیرکەرەکان سیاسەتی گۆڕینی دیمۆگرافیای نەرم و نیان و لە بەرەی پێشەوەیان پەیڕەو کردبێت، واتە لەو سنوورە دیمۆگرافییەی لەنێوان سەنتەرو خاکی کوردستان هەبووە، ئەوا لە ئێستادا لە قووڵایی کوردستان و لەسەر سنوورەکانەوە دەستیانپێکردووە، کە بەداخەوە ئەمەش واتای هەڵتەکاندنی کوردستانە لەناوەوەو دابەشکردنیەتی لەسەر بنەمایەکی دیمۆگرافی!.

کەواتە ئەمریکا بۆ مانەوەی لەناوچەکە پێدەچێت بەهەموو مەرجەکانی تورکیا رازی بووبێت، ئەگەر بیربکەینەوە، وەک ئەوەی بەناو سیاسەتمەداران و میدیاکانی کوردی دەهۆڵی بۆ دەکوتن، کە ئەمریکا زەمینە خۆشدەکات بۆ لێدانی ئێران، بەراستی لە وەهمێکی گەورەدا دەژین، گەمە کردن لەسەر سیاسەتی دروستکردنی ململانێ لەنێوان هەردوو ئیمپراتۆریای سەفەوی و عوسمانی نوێ، وەک ئەوەی بەدرێژایی نزیکەی چوار سەدە روویدا، تەنیا وەهمێکی گەورەیە، چونکە ئێستا لاوازبوونی ئێران، دەبێتە هۆی تێکچوونی هاوسەنگی جیۆپۆلەتیکی نێوان روسیاو تورکیا، ئەمەش وا دەکات روسیاو تورکیا هەرگیز رێگا بەوە نەدەن و تورکیا هەرگیز پاڵپشتی ئەمریکا نەکات لە لێدانی ئێران، بۆیە ئێرانیش بەشێکە لەو گەمە سیاسیەو لە هەموو ئەو شتانە ئاگادارەو بەشدارە، کە لەناوچەکەدا دەگوزەرێت، رووداوەکانی زینی وەرتێ، کە واتای پەڕینەوەی هەژموونی تورکیایە بۆناوچەی هەژموونی ئێران، بە بێ رەزامەندی ئێران ، کە بەشێکە لە هاوپەیمانیەتی سێلایەنە، بە

ئاسانی مەیسەر نابێت!. کەواتە لاوازترین خاڵ لەو هاوکێشەیە، کە لەپەرتەوازەیی دەژی و نەیتوانیوە خۆی ڕێکبخاتەوە، کوردە، بۆیە سیناریۆیەکان بەروونی دیارە، کە هەموو سازشەکان لەسەر بەرژەوەندیەکانی کوردە، بەداخەوە هێزە کوردیەکانیش، یاخود ئەوانەی، کە بەناوی ئەو هێزە کوردیانەوە بازرگانی دەکەن، خۆیان وەک بەشێکن لەو گەمەیە و بەناوی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردەوە بەکاردەهێنرێن.

بەکورتی هاوسەنگی هێز لەناوچەکە گۆڕاوە خەریکە لەسەر حیسابی کورد دادەڕێژرێتەوە، بۆیە دەبێت بەهەر شێوەیەک بێت کورد خۆی لەو شەڕە رزگار بکات و ڕێگا لەبەرپابوونی بگرێت، لەژێر هەر بیانو و بیانگەیەک بێت، نابێت کوردستان بکرێتە گۆڕەپانی ئەو شەڕەی چەندین ساڵە زەمینە سازی بۆ دەکرێت. دەبێت کورد هەوڵبدات بە زووترین کات ناوماڵی خۆی ڕێکبخاتەوە، نابێت چیتر خەڵکی کوردستان لەو گەمە سیاسیە قێزەونە تەنیا وەک رەخنەگرو تەماشاکەر بمێنێتەوە.

**بەشی دووەم**

ئێستا لەلایەن هەردوو هێزی سەرەکی باشووری کوردستان، دەهۆڵ بۆ دووئیدارەیی لێدەدرێت و تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا هەڕەشە بە دووئیدارەیی دەکرێت، بە داخەوە خەریکە ئەو بیرۆکەیە شۆڕدەبێتەوە بۆ کادیرەکانی ئەو دوو حیزبەو بەشێکی زۆری خەڵکی ئاسایش پێی وایە، کە دوو ئیدارەیی چارەسەری کێشەکانی ئەو دوو بنەماڵەیە دەکات، ئەمە راسیتیەکیشی تێدایە، چارەسەری بەشێکی گەورەی کێشەکانی نێوان ئەو دوو بنەماڵەیە دەکات، وەلێ کێشەی کورد بەرەو پەرتەوازەیی و ئاقارێکی ترسناک دەبات، بۆیە ئەمە نەک چارەسەری نیە بەڵکو چەند مەترسیەکی چارەنوس ئامێزیشی لێدەکەوێتەوە، کە دەتوانین لە چەند خاڵێکدا کورتی بکەینەوە:

١- هەرێمی کوردستان جارێکی تر دابەشدەکاتەوە، واتە دابەشکردنی کوردستان لە چوار بەشەوە دەکاتە پێنج بەش، دیارە ئەمەش لەبەرژەوەندی کورد دانیەو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش رێگا بۆ دابەشکردنێکی تری هەموو پارچەکانی تری کوردستان خۆشدەکات و ئەگەری ئەوەی لێدەکەوێتەوە پارچەکانی تری کوردستانیش بە هەمان شێوە لەسەر بنەمای خێڵەکی و ئابووری و جوگرافی و ئەتنیکی جارێکی تر دابەش بکرێتەوە، شایەنی ئاماژە پێکردنە ئەو هەوڵە لە رۆژئاوای کوردستانیش درا، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا بەهۆی بوونی یەک هێزی چەکداری و بوار نەدان بەهێزی چەکداری تر، کە دەوڵەتە هەرێمیەکان، لەوانە تورکیا کاریان لەسەر دەکرد، وەک هێزی سەربەخۆ بچنە ئەو پارچەیەوە.

٢- کاریگەریەکی زۆر مەترسیداری لەسەر سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان دەبێت، دەبێتە سۆنگەی ئەوەی هەر بنەماڵەیەک لەو دوو بنەماڵە سیاسیەی کوردستان زۆنێک بە موڵکی خۆی بزانێت و وەک موڵکی خۆی رەفتاری لەگەڵ بکات، بەهۆی نەبوونی بەرهەڵستی هیچ هێزێکی تر، سیستەمێکی دیکتاتۆری وا بێنێتە ئارا کوردستان لە خەڵکەکەی بکاتە دۆزەخێک، راستە رەنگ بێت ئەمە بۆ دەڤەری سەوز زۆر ئاسان نەبێت بە هۆی بوونی هێزی تر، کە بەجدی کاری سیاسی دەکەن، بەڵام لە دەڤەری زەردا هیچ هێزێک نامێنێت،

كە ركابەری پارتی بكات و ئەوانەی ئێستا بەرەو رووی ئەو حیزبە دەبنەوەو دەیانەوێت رادەیەک بۆ هەژموونیەكەی دابنێن، لە كۆتایی ملكەچی بن، كە بەهۆی یەک ئیدارەییەوە، ئەگەر لەرووی رووخسارەوەش بێت، لە ئێستادا بە كردەیی هیچ لایەنێک نیە بەناچاری بكەوێتە ژێر هەژموونی پارتی، بۆ نمونە وەكو شاری هەولێر، كە پایتەختی هەرێمی كوردستانە، ئەگەرچی پارتی بەناوچەی هەژموونی خۆی حیساب دەكات، بەڵام لەم بۆچوونەیدا هەڵەبوو، لەبەرئەوەی زۆرینەی خەڵكی هەولێر لە ئێستادا بۆ هیچ حزبێک یەكلایی نەبوەتەوە رێژەی بەشداریكردنی خەڵكی هەولێر لەم هەڵبژاردنەی دوایی راستی ئەو بۆچوونەمان دەسەلمێنێت، رۆڵی پارتی لە هەولێر باڵادەستیەكی سەربازیەو شەرعیەتی لە رووداوەكانی ٣١ ئاب وەرگرتووە، كە لەبنەڕەتدا ئەو رووداوە شەرعیەتی نیەو گەمەكردنێكی قیزەون بوو لە هاوكێشە هەرێمیەكەدا.

٣- لەسەر ئاستی ئابووریش، بەهۆی جیاوازی پێگەی ئابوری لەنیوان ئەو دوو زۆنەو بەستنەوەی ئابووری هەردوو زۆن لە بواری وزەو گەیاندنی وزە، وا دەكات، دابەشكردنی هەرێم بۆ دوو ئیدارە نەک بە تەنیا كێشەكە چارەسەر نەكات، بەڵكو قووڵتری بكاتەوە، لەبەرئەوەی ناوچەكانی دەڤەری زەرد بۆ نمونە تا رادەیەكی باش پشتیان بەگازی دەڤەری سەوز بەستووە، هاوكات دەڤەری زەرد ئەو رێڕەوەیە، كە سەرچاوەكانی وزە لە دەڤەری سەوز دەتوانێت لەرێگایە بگاتە دەریای سپی ناوەراست و بازاڕەكانی جیهان، ئەگەر بیەوێت لە دوارۆژدا خۆی كۆنترۆڵی وزەی خۆی بكات و بە نرخی جیهانی بیفرۆشێت، بۆیە ئەو دوو ئیدارەیە لە رووی ئابووریەوە بەشێوەیەكی وا تێكەڵی یەكترن، لەیەكتر جیاكردنەوەیان زیانێكی زۆر گەورە بە هەردوو لایان و كۆی هەرێم دەگەیەنێت، ئەمەش ئەو خاڵەیە تا ئێستا هەردوولایەن بە دروستی و بە بێدەنگی لەسەری رێكەووتووینەو بەهێمنی بەرژەوەندیە ئابووریەكانیان رێكخستووە، كە بێگومان ئەگەر ئەو بەرژەوەندیە بە تەنیا لە خزمەتی ئەو دوو بنەماڵەیە بەكارنەهێنرێت و بخرێتە خزمەتی خەڵكەوە كاریكی باشەو كاریكی باشیش دەبێت. هاوكات لە بواری كستوكاڵیش، ئەگەر هاتوو لە ئایندەدا ئەو كەرتە بوژایەوە، لەبەرئەوەی ئێمە دەزانین، كەوا لە ئێستادا ئەو كەرتە لەژێر فشاری شەڕی كشتوكاڵی دەوڵەتە هەرێمیەكاندایەو بە تەواوی پووكاوەتەوەو لاواز بووە، بەڵام ئەمە ئەو راستیە رەتناكاتەوە، ئەگەر بێت و هەرێمی كوردستان بكەوێتە دەستێكی ئەمینەوە باشترین بنەماو بنكەی كشتوكاڵی تێدایە!.

٤- دابەشكردنی هەرێم بۆ دوو ئیدارە كاریگەری لەسەر پێگەی هەرێمی و نێودەوڵەتی هەرێم و پەیوەندیەكانی لەگەڵ بەغدا دەبێت، سەنگی جیۆپۆلەتیكی هەرێمی كوردستان لە هاوكێشە سیاسیەكان بچووک دەكاتەوە، هاوكات بەغداش وەک دوو یەكەی جیاواز مامەڵە لەگەڵ هەرێم دەكات و دژی یەكتر بەكاریاندەهێنێت، رەنگ بێت لەسەرەتا هەوڵبدات دەرگای خۆی بۆ لایەكیان ئاوەڵا بكات و لە رێگای ئابووری و مووچەوە هانی لایەكیان بدات بۆئەوەی بەسەر لایەكەی تر زاڵ بێت، بەڵام ئەگەر گریمانی ئەو زاڵبوونەش بكەین، كە گریمانەیەكی نا تەندروستە، ئەوا سەرەتای زاڵبوونەكە خاڵی دەستپێكی كەوتنیەتی، بۆیە گرەوكردن لەسەر دابەشكردنی هەرێمی كوردستان و نزیكبوونەوە لە بەغدا، تەسلیم بوونەوەیەكی پڕ شەرمەزاریەو رێگا خۆشدەكات

## بەرامبەر دووئیدارەیی دەنگێکی تری نامۆ لەکوردستان زەق بۆتەوە، ئەویش گەڕانەوەیە بۆ تورکیا

بۆ لەناوچوون و نەمانی ئەو هەرێمە، ڕەنگ بێت بەهۆی دۆخی سەختی ئابووری هەرێم و ئەو ناعەدالەتی و سیاسەتە کرچ و کاڵەی لەهەرێم پیادە دەکرێت، هەندێک پێیان وابێت، کە گەڕانەوە بۆ بەغدا باشتر بێت، تا زووە با هەرێم هەرێم تیکبچێت و لەو دەسەلاتە گەندەڵە رزگاریان بێت، بەڵام ئەمە دەرئەنجامی تووڕەییەو دیدێکی نا نیشتیمانیانەیە، پێویستە بوونی هەرێم وەک دەستکەوتێت و قەوارەیەکی کوردی، لەو دەسەڵاتە سیاسیە گەندەڵ و نابەرپرسە جیا بکەینەوە، کە ئەمڕۆ حوکمی کوردستان دەکات، ئەو هەرێمە هی خەڵکەو هی ئەو دەسەڵاتە نیە، ئەگەر وانەبوایە لە ماوەی رابردوودا هێندە ئەو دەسەڵاتە دوژمنی ئەو هەرێمە بووەو زیانی پێگەیاندووە، هێندە دوژمنەکانی ئەو زیانەیان پێنەگەیاندووە، لە راسیدا هەر ئەوانیش بوونە دەستی دوژمنیان راکێشاوەو لەپێناو بەرژەوەندی و مانەوەی خۆیان کوردستانیان کردە کۆلۆنیایەکی ئابووری دوژمنانی کوردستان و ئێستا واخەریکە کار لەسەر ئەوە دەکەن، راستەوخۆ تەسلیم بە سەربازانی دوژمنانیشی بکەن، بۆبە نزیک بونەوە لە بەغدا راستیەکی تیایە، بەڵام لەڕیگای دوو ئیدارەوە نا، بەڵکو لە رێگای یەک هەرێمەوە، چونکە بەغداش هەمیشە خەون بەوە دەبینێت، هەرێم بگەڕێنێتەوە ئامێزی خۆی و دەسەڵاتێکی مەرکەزگەرایی بەعس ئاسا زیندوو بکاتەوە.

٥- بەرامبەر دووئیدارەیی دەنگێکی تری نامۆ لەکوردستان زەق بۆتەوە، ئەویش گەڕانەوەیە بۆ تورکیا، واتە ئەگەر تۆ نیازت وایە بچیتەوە سەر بەغدا، ئێمە دەگەڕێینەوە سەر تورکیا، ئێستا بەتایبەتی لایەنگرانی پارتی بانگەشە بۆ ئەمە دەکەن و دەهۆڵی بۆ دەکوتن، لە بواری پراکتیکیشدا بەجدی کاریان لەسەر ئەمە کردووەو دەیکەن، دەڵێن بۆ چەند سەدەیەک ئەو ناوچەیە لەبەردەستی تورکیا دابووەو ئێستاش باشترە بگەڕێتەوە سەر ئەو وڵاتە نەک بەردەستی بەغدا، تورکەکان خۆشیان بانگەشە بۆ ئەمە دەکەن و گوێچکەی هاوڵاتیانی کوردی پێگۆش دەکەن، دیارە ئەمەش واتای گۆڕینەوەی داگیرکەریک بە داگیرکەرێکی ترە، واتای دوونیەت و خۆ بەکەمزانینی ئەو کەسانەیە بەرامبەر تورکیای داگیرکەر، ئەگەرنا تورکیا چی بۆ کوردەکانی خۆی کردووە، جگە لە کوشت و برین و لەناو بردن، زۆر سەیرە لەباتی ئەوەی بیر لەوە بکەیتەوە چۆن ناو ماڵی خۆت ریکبخەیتەوە، بیر لەوە بکەیتەوە داگیرکەرێک بەداگیرکەرێکی تر بگۆڕیتەوە!، بێگومان ئەمەش وەستانی ئەقڵ و بە کۆیلە بوونێکی رەهایە. لەهەموو دۆخێکدا کورد ئەگەر خۆی بەهێز نەکات و یەکرێزی خۆی نەپارێزێت و پتەو نەکات، ئەوە بچێتە هەر بەرەیەکەوە شکست دێنێت، جا ئەگەر ئەو بەرەیە بەغدا یا تاران یا ئەنقەرە بێت، کە بە بۆچوونی من لە ئێستادا بەهۆی ناچاری دۆخی سیاسی دەبێت هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی ، یاخود بەلایەنی کەم رێگا لە تەشەنەکردنیان

بگرێت لەگەڵ بەغدا، چونکە دەبێت ئەوە باش بزانین، کە بەغدا لەو هاوکێشە هەرێمیەی هاتۆتە ئاراوە هەرگیز نایەوێت لەگەڵ کورد بەتەواوی رێکبکەوێت و هەمیشە لەدەرفەتێک دەگەڕێت بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکانی خۆی بگەڕێنێتەوە هەرێم، ئەوەی بەوردی چاودێری هەڵوێستەکانی بەغدا بکات لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) وە بەئاسانی ئەمەی بۆ دەردەکەوێت!.

٦- ئەوەی سەیرە ئەو دەنگەی، کە باس لە رێکخستنەوەی ناوماڵی کورد دەنگێکی زۆر لاوازە و تەنانەت زۆر جار دەبێتە هۆی گاڵتەجاری، نەک بە تەنیا لە لایەن خەڵکی تووڕەو بێئومید بوو، بەڵکو لەلایەن ئەوانەی جلی رۆشنبیرو سیاسەتمەداریشیان لەبەرکردووە، ئەمانە کۆیلە بوون و سیاسەتی رابردووی ئەو دوو بنەماڵەیە دەکەنە بیانگە، وەلێ ئەمە هیچ راستیەکی تیادا نیەو کۆیلە بوونە بۆ رابردوو، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا کارەسات و نەخۆشیەکی گەورەیە دووچاری ئەقڵی کوردی لەم پارچەیە هاتووەو نەک دوژمنان بگرە دەسەلاتی کوردیش بۆ مانەوەو نەمرکردنی خۆی زۆر بەچڕی کاری لەسەر کردووە!. کە رووی راستی مەسەلەکە ئەوەیە لە بنەڕەتدا کرۆکی سیاسەتی کوردی دەبێت بە ئاراستەی ئاشتەوایی و ریکخستنەوەی ناوماڵی کورد کاربکات و ئەو رێکخستنەوەش بە تەنیا بە هێزە سیاسیەکانەوە نەبەستیتەوە، دیارە، کە هۆی ئەم رەشبینی و بێئومدیەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێک:

أ- ئەو سیاسەتەی ئەو حیزبانە لە ماوەی رابردوودا پەیڕەویان کردووە.

ب- هەمیشە لە چوارچێوەی ئەو دوو بنەماڵەیەوە لێکدانەوە بۆ یەک رێزی ناوماڵی کورد کراوە، کە مێژوو دەریخستووە، هەرگیز ناتوانن یەک رێز بن و ناکۆکی و ململانێکانیان بە میرات لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازنەوە.

ت- نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی راستەقینە، کە خاوەن ئاوەزو میکانیزمێکی نوێ بێت.

پ- نەزانین و تیگەیشتن لەکۆی دۆخی کوردستان و ئەو قۆناغە هەستیارەی ئەمڕۆ پیایادا تێدەپەڕێت.

ج- بیرکردنەوەی تاکەکان لە چوارچێوەیەکی تەقلیدی گەڕان بەدوای ئەلتەرناتیف لە چوارچێوەی دۆخی چەق بەستووی ئێستا، کە مێژووی سەد سالی رابردوو ئەوەی سەلماند ئەو میکانیزمەی کارکردن، جگە لە کۆیلە بوون و کارت بوون بەدەستی هێزە هەرێمی نێودەوڵەتیەکانەوە، هیچ دەرهاویشتەیەکی تری لێنەکەوتۆتەوە، هەمیشە بۆ تراسندن و بەهێزکردنی هەژموونی خۆیان کارتی کوردیان بەکارهێناوە هەرکاتێکیکش کاریان بەکورد نەمابێت، پشتیان تێکردووەو دەسحەق ئەو بەناو سەرکردانەشیان داوە، کە ئەو بەناو شۆڕشانەشیان بۆ هەلگیرساندووە، بۆ نمونە، کاتێک ئەوەی ناونراوە شۆڕشی ئەیلوول تێکچوو، بەماوەیەک ئەمریکا وەک پاداشتێک بڕی چوارملوێن دۆلاری دایە سەرکردایەتی کورد، کە ئەوانیش وەریانگرت و تا ئێستا نازانرێت بۆ کوێ چوو، وەک ئەوەی قۆنتەراتەکە تەواو بووبێت، بۆیە ئەوانەی لە رابردوو بەناوی شۆڕش ناونراوە، جگە لە قۆنتەرانێک زیاتر نەبووەو کەمینەیەک لێی سوود مەند بووەو زۆرینەی خەڵکی کوردستان و مەسەلەی کورد زەرەمەندی یەکەم بووە، بۆیە مەرجی یەکەم بۆ رزگاربوون لەو دۆخە سیاسیە گۆڕینی میکانیزمی کارکردن و تێگەیشتنە لە کێشەی کورد، بەداخەوە گەورەترین کێشەی کورد ئەوەیە، کە تا ئێستا لە کێشەکەی خۆی نەگەیشتووە، مرۆڤ تا لە

**دەوڵەتانی هەرێمی لەرێگای دەسەلاتی کوردیەوە توانیویانە ئەو ئەزموونەی هەرێم، یاخود بە واتایەکی تر ئەو دەستکەوتانەی کوردی تا ئەوپەڕی سووك بوون سووك بکەن**

کێشەیەکیش نەگات ناتوانێت چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە!. هەر بۆنمونە لە لێدوانەکەی ئەمڕۆی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ناتێگەیشتنێکی قووڵ هەبوو، کاتێک بەگاڵتەوە باسی شیکردنەوەی ئەو پڕۆفیسۆرانەی کرد، کە دەربارەی رووداوەکانی زینی وەرتی دەکەن و ناوی ئەمریکا دەهێنن، کە هیچ پەیوەندیەکی بە واقعەوە، لە راستیدا ئەم جۆرە خوێندنەوەیە تەنیا دوو خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، یا نەخوێندەواری و تێنەگەیشتن لەکێشەی کورد، کە زۆر بەتوندی بە هاوکێشەیەکی ئاڵۆزی هەرێمی و جیهانی بەستراوەتەوە، یاخود بە ئەنقەست لە پێناو پاساوهێنانەوە بۆ هەڵە، تەنانەت بۆ خیانەتە سیاسیەکانی خۆیان خەڵکی کوردستان فریو دەدەن.

**بەشی سێیەم**

کەواتە ئەگەر دوو ئیدارەیی چارەسەر نەبێت، ناکرێت ئەو کێشانە تاسەر بەردەوام بن و چارەسەریان بۆ نەدۆزرێتەوە، چونکە لە کۆتاییدا بەردەوام بوونیان لە خودی خۆیدا سەری ئەو هەرێمە بچووکە دەخوات، کە میللەتی کورد قوربانیەکی ئێجگار زۆری لەپێناو داوەو جێگای چاوەڕوانی ئومێدی هەموو پارچەکانی تری کوردستانە!. بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت پڕۆسەی چارەسەری بنەڕەتی کێشەکانی هەرێم لە چەند رەهەندێکەوە تاتوێ بکەین:

١- رەهەندی ستراتیژی هەنووکەیی

٢- رەهەندی ستراتیژی ئایندەیی

ئەوەی پەیوەندی بە رەهەندی یەکەم هەیە، بەڕاستی دەبێت لەوەوە سەرچاوە بگرێت، چۆن ئەوەی، کە هەیە لە ئێستادا بپارێزرێت، مەترسی گەورە ئەوەیە، کە دەوڵەتانی هەرێمی لەرێگای دەسەلاتی کوردیەوە توانیویانە ئەو ئەزموونەی هەرێم، یاخود بە واتایەکی تر ئەو دەستکەوتانەی کوردی تا ئەوپەڕی سووک بوون سووک بکەن، ئەمە کاریگەریەکی نەرێینیانەو رەنگدانەوەیەکی خراپی لەسەر دەروون و ئیرادەی تاکی کوردی دروستکردووە، تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەو رادەیەی خەڵکی کوردستان بە بەشێک لە خوێندەوارەکانیشیەوە درووود بۆ سەدامی دیکتاتۆر بنێرن، ئەو سەدامەی کوردی کیمیاباران و ئەنفال کرد، لە راستیدا ئەمە کارەساتێکی گەورەیە، هەرچەندە ئەو دەسەڵاتە لە سەدامی کەمتر بەکورد نەکردووە، ئەگەر سەدام پڕۆسەی ئەنفالی دژی دوژمنەکەی خۆی ئەنجام دابێت، ئەوا ئەو دەسەڵاتە ئەو پڕۆسەیەی دژی میللەتەکەی خۆی ئەنجامدا، لە راستیدا شەڕی ناوخۆ، وەک لە سیمینارێکمدا ئاماژەم بۆ کردووە

تەواوکەری پرۆسەی ئەنفالی بەعس بوو ناوم ناوە بە ئەنفالی نۆیەم، سەدام بە هەشت قۆناغ ئەنفالی ئەنجام دا و دواتر بارودۆخی نێودەوڵەتی گۆڕاو نەیتوانی نەخشە فراوانەکەی بۆ پەرتەوازەکردن و سڕینەوەی کورد وەک ئەوەی کێشابوویان پیادە بکات، ئەو دەسەڵاتە کوردیە هات و بۆی تەواو کردو ئەنفالی نۆیەمی ئەنجامدا، چونکە ئەگەر تێبینی شەڕی ناوخۆ بکەین، دەبینین لە زۆر رووەوە لە ئەنفال دەچێت، بەشێکی زۆری ئەو هێزانەی ئەو شەڕەیان کرد، هەمان ئەو جاش و موستەشارو بەکرێگیراوانە بوون، کە پێش سوپای بەعس کەوتن و خەڵکی خۆیان ئەنفال کرد، هاوکات شێوازی شەڕەکان ئەو کوشتن و بڕین و تاڵانی و گوند سوتاندن و ماڵ سووتاندن، کە ئە لەئەنفالەکان ئەنجامدرا، لەشەڕی ناوخۆش رێک بەهەمان شێوە ئەنجامدرا، دەربارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاویش، وەک بەرپرسێکی سەربازی پێشمەرگە بۆی باس کردم: « ئەگەر چەکی کیمیاویشمان هەبوایە دژی یەکتر بەکارمان دەهێنا».

ئەوەی لێرە مەبەستم بیڵێم ئەوەیە ، کە ئەوەی دەگوترێت و دەنووسرێت بەرامبەر کردارە قێزەونەکانی ئەو دوو بنەماڵە سیاسیە بەرامبەر کورد، زۆر کەمترو بچووکترە لەوەی، کە کردوویانە، ئەگەر رۆژێک دۆکیومێنتەکان بکەونە بەر دیدی خەڵک ئینجا دەزانین ئەوانە چیان دەرهەق بە کوردستان و خەڵکی کوردستان کردووە، وەلێ لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، دەبێت ئێمە جیاوازی بکەین، لەنێوان ئەو دەسەڵاتەی، کە لە دوژمنەکان زیاتر دژی هەرێم کردوویەتی، لەگەڵ ئەو قەوارە سیاسیەی، کە هیواو ئاواتی خەڵکی هەموو کوردستانەو یەک سەدە لە مێژووی نویدا قوربانی لە پێناو دراوە، پێویستە دەسەڵاتی کوردی بخرێتە بەردەم دادگاکان و دادگایی بکرێت، بەڵام هەرێمی کوردستان دەبێت بپارێزرێت و پێشبخرێت، بەداخەوە بەهۆی ئەو رەخنە نا تەندروست و نازانستیانەی لەو قۆناغە گیراوە، خەڵک وایلیکراوە، کە تەنانەت ئامادەبێت پێشوازی لە (سەگێک) بکات حوکمی بکات، تەنیا لە دەستی ئەو دووبنەماڵەیە رزگاریان بێت، کە ئەمە لوتکەی لەدەستدانی ئیرادەی سیاسی و ئیرادەی بونیاتانی ئایندەیە، لەو خاڵەدا بەشێکی زۆر لە بەناو نووسەرو رەخنەگرانی کورد لەگەڵ دوژمنانی کورد یەکدەگرنەوە و دەکەونە نیو یەک چوارچێوەوە، ئەویش وێناکردن و بچووکردنەوەی مەسەلەی نەتەوەیەکە، لە چەند کەسانێکی خاین و نابەرپرس، کە ئەمڕۆ دەسەڵاتی کوردیان لە دەستدایە، ئەمەش تاوانێکە دەرهەق بە دۆزی رەوای میللەتێکی بەش مەینەت دەکرێت، بە داخەوە هەر ئەمەشە ئێراقچیەتی و تورکچیەتی و ئەمریکیچیەتی و ... هتد بەرهەم هیناوە، لەجیاتی ئەوە کوردچیەتی راستەقینە بەرهەم بێنێت.

لێرەدا خاڵێک هەیە دەمەوێت هەڵوەستەی لەسەر بکەم، ئەویش رەچاوکردنی دۆخی جیۆپۆلەتیکی کوردستان و مامەلەکردنە لەگەڵ هاوسێکانی لە چوارچێوەی ئەو نەخشە سیاسیەی لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا لە ئارادایە. بە حوکمی جوگرافیا کورد ناتوانێت مامەڵە لەگەڵ تورکیاو ئێران و ئێراق نەکات، ئەمانە بەتایبەتی فارس لەگەڵ کورد مێژوویەکیان بەیەکەوە هەیەو هەردوو لا بەشدارن لە دروستکردنی شارستانی ئێرانی، هەرچی ئەرەبیشە زیاتر لە هەزار ساڵە و تورکیش چەند سەد ساڵێکە هاتۆتە ئەو ناوچەیە، لە دۆخی دیفاکتۆی ئێستا

ئەوانە هاوسێیی کوردن و زۆر قووڵایی ستراتیژی و جیۆپۆلەتیکی بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، پێناچێت لە ئایندەدەیەکی نزیشکیشدا هیچ یەکێک لەو نەتەوانە لە هاوسێیەتی کورد دووربکەوێتەوە، تەنیا لەو حاڵەتەدا نەبێت ئەگەر ئەو پرۆسەی گۆڕینی دیمۆگرافیایەی ، کە ئێستا لە کوردستان زۆر بەخێرایی بەڕێوە دەچیت، بەردەوام بێت، ئەوکاتە کورد لەرووی دیمۆگرافیەوە لە سنورەکان دووردەخرێتەوەو کوردستان لەرووی دیمۆگرافیەوە سەرلەنوێ دابەش دەکرێتەوە، لەو حاڵەتشدا جگە لە ئابڵووقەدانی سیاسی و یاسایی و جوگرافی، کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە نوێیانەی کوردستانیان بەسەر دابەشکرا هاتە ئارا، لەرووی ئەتنیکیشەوە ئابڵووقە دەدرێت، ئەمە بۆ کورد کارەساتیک و شکستێکی ئێجگار گەورەیەو بە درێژایی مێژوو هیچ یەکێک لە دوژمنانی کورد نەیانتوانیوە کورد دووچاری ئەو شکستە بکەن!. راستەقینەیەک هەیە دەبێت ئاماژەی پێبکەین، ئەویش ئەوەیە سەرباری دڕندەیی داگیرکەرانی کوردستان، سیاسەتی هەڵەی ئەوانەی لەماوەی یەک سەدەدا بە ناوی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردەوە کاریان کردووە، پشکێکی گەورەی لەو کارەساتە بەردەکەوێت، بوون بەکارت بە دەستی هەرهێزێکی نامۆ، کە هاتبێتە ئەو ناوچەیە، بیانووی داوەتە دەست ئەو دوژمنانە بۆئەوەی ئاسانتر پلانەکان و ستراتیژیەتەکانی خۆیان بەرامبەر کورد دابڕێژن، پراکتیزە بکەن، ئەمە لە مێژووی ناوەڕاست و بەشێک لەمێژووی نوێشدا رووینەداوەو یوونی نیە، چونکە لەو قۆناغانەدا کورد هەمیشە هەوڵیدەدا بچێتە پاڵ لایەنە بەهێزە هەرێمیەکان و لەرێگای ئەمەشەوە نەک بە تەنیا توانی خاکەکەی خۆی بپارێزێت ، بگرە لە زۆر شوێندا پێشڕەویشی کرد، سەردەمی سەلاحەدینی ئەیووبی، کە ئێستا رەخنە باران دەکرێت، سەردەمی زێڕینی ئەو سیاسەتەیەو کورد نەک هەموو گەلانی ناوچەکەی نەکردە دوژمنی خۆی، بگرە هاوشان هەموو گەلانی ناوچەکەی تەیار کردو لەپێناو پرۆژە سیاسیەکەی خۆی خستیە گەڕ، لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیش بە هەمان شێوە. بۆ نمونە تا هاتنی سەردەمی مۆدێرنیتە، سەرباری ئەو شەڕو شۆڕانەی لەنێوان میرنشینە کوردیەکان هەبوو، کە ئەمە مۆرکی ئەو سەردەمە بوو، توانی خۆی بپارێێت و نیشتیمانەکەی لە دەست نەدات، راستە مۆدێرنیتە دەسەڵاتی سیاسی کورد لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی ناوەندی لەناوبرد، وەلێ جوگرافیای کوردستان تاوەکو جەنگی یەکەمی جیهانی وەک خۆی مایەوە!. ئێمە زۆرجاران رەخنە لە قۆناغی مۆدێرنیتە دەگرین و هەمیشە باس لە سایکس پیکۆو لۆزان و دابەش کردنی کوردستان بۆ چوار بەش دەکەین، بەلام خەریکە دەرفەت دەدەینە قۆناغی پۆست مۆدێرنیتەو شۆڕشی گەیاندن، نەک هەر وڵاتەکەمان دابەش بکاتەوە بەڵکو زۆر بە ئاسانی، دیمۆگرافیای کوردستانیش بگۆڕێت، بۆ نمونە ئەو پرۆسەی بە عەرەبکردنەی، کە لەگەڵ هاتنی ئیسلامەوە دەستپیکردوە، تاوەکو ساڵی (٢٠١٤)، نەیتوانی ئەو سەرکەوتنە بەدەست بێنێت وەک ئەوەی لە دوای ئەو ساڵە بەدەستیهێنا، راستە لەماوەیی رابردوودا کۆمەڵێک ناوچە تەعریب کراو رژێمەکانی ئێراق بە وردی کاراین لەسەر کرد، وەلێ لە دوایی (٢٠١٤) لە ژێر دروشمەکانی جیهانگەرایی ئەمریکی، مافی مرۆڤ و دیموکراسی و ... هتد، دەسەڵاتی سیاسی کوردی خۆی پرۆسەیەکی تەعریبی ئەنجامدا، کە بەمەترسیترین قۆناغی

تەعریب هەژمار دەکرێت!. سەیرەکە لەوەدایە، هەردوو بنەماڵەی سیاسی کورد، کە ناوی حیزبیان لە خۆیان ناوە، رێگە بە یەکتر نادەن لە سنووری دێگەڵە بپەڕنەوەو زۆرجار لەکاتی قەیرانەکاندا ئەندامەکانی یەکتر سنووورداش دەکەنەوە، کەچی بەرامبەر ئەمەش دەرگایان بۆ شەپۆلی ئاوارە عەرەبەکان کردۆتەوە، کە من پێم وایە گەورەترین پرۆسەی بە عەرەبکردنە لەمێژوودا. کەواتە بەر لە هەموو شتیک کورد دەبێت بە پەیوەندیەکانی لەگەڵ نەتەوەو گەلانی دەوربەری دابچێتەوە، سیاسەتی ترساندن و بە دوژمنکردنی داروبەرد، کوردی خستۆتە مەترسییەکی گەورەوە، ناکرێت ئێمە دوژمنایەتی هەموو کەسێک بکەین و لەسەر دروشمە ناتەندروستەکان بژین، کە جگە لە خزمەتکردنی چەند دەستەو تاقمێک، زیانیکی زۆر گەورەی بە کورد گەیاندووە، دەبێت لە دۆخی دیفاکتۆی کوردستان تێبگەین وەک ئەوەی هەیە و بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین،، نەک وەک ئەوەی خۆمان دەمانەوێت، دەبێت کورد دنیابینی خۆی بگۆڕێت و بەسەرلەبەری پەیوەندیەکانی دابچێتەوە بە دەوروبەرەکەی لەسەر بنامەیەکی تەندروست بەیەکەوە ژیانێکی ئارام هەڵبژێرێت، پێویستە سەرەتایەکی تر لە پەیوەندیەکی دۆستانە تر دەست پێبکات، تەنانەت لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی بەسەریشیاندا دابەشکراوە، دەبێت هەوڵبدات خۆی لەگەڵ دۆخەکە بگونجێنێت و لەرێگای پێشکەوتنی خۆیەوە شوێن بگرێت و کاریگەری دروست بکا، نەک هەمیشە دەست لەسەر تفەنگ بێت و بەرەی شەڕ بگرێت، ئەمە تەسلیم بوون نیە، بەڵکو ئەمە میکانیزمیکی ترە بۆ کارکردن و هێنانەدی ستراتیژیە نەتەوەییەکان

## بەشی چوارەم

کەواتە کورد پێویستە لە چوارچێوەیەکی گەورەتر لە چوارچێوەی شێوازی سیستەمی سیاسی و مۆدێلی حوکم کردن و چوارچێوە یاساییەکان بیر بکاتەوە، بۆ نمونە زیاتر لە یەک سەدەیە کورد لەژێر دروشمی رزگاری و ئازادی قوربانی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی دەدات، لەکاتێکدا دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دەرهاوێشتەی قۆناغێکی دیاریکراوە لە پێشکەوتنی ئابوری و سیاسی و هزری مرۆڤایەتی، بەگۆڕانکاری ئەو بنەمایانە، دەوڵەتی نەتەوەیی دەگۆڕێت و بێبەها دەبێت، کەواتە ئەگەر لە چوارچێوە فراوانەکەیەوە سەیر بکەین، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کورد لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا قوربانی لە پێناو شتێک داوە، کە بەهاکەی کاتی بووە، بەڵام قوربانیدانەکە بەردەوام و ستراتیژی بووە، لەگەڵ ئەوەش هەموو هێلکەکانی خۆی خستۆتە سەبەتەی ئەندێشەیەک، کە بەرهەمی خۆی نەبووە و نەک لە کوردستان بەڵکو لەهەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەوڵەتێک نەبووە نەتەوەیی بێت، وەک دەوڵەت نەتەوەی رۆژئاوا، کە بەرهەمی پێشکەوتنی ئابووری و هزری ئەوروپا بوو، ئەو قەوارە خێڵەکیانەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دامەزراون و ناوی دەوڵەتیان لێنراوە، لە راستیدا هیچ پەیوەندیەکیان بە دەوڵەت نەتەوەی ئەوروپیەوە نیە، چونکە لە بنەڕەتدا ئەو دەوڵەتانە بەرهەمی گەشەسەندنی ناسیونالیستی خودی ئەو کۆمەڵگایانە نیە، کە دەوڵەتەکەی لێ دامەزراوە، بەڵکو دەرهاویشتەی قۆناغێکی دیاریکراوە لە هاوسەنگیەکی هێزی جیهانی، دیارە لێرەدا مەبەستمان لە هێزە بە مانا مەعریفیە فراوانەکەی. لە لایەکی تر ئەگەر بەوردی بیری لێبکەینەوە

## لە ئەوروپا وتەیەك هەیە دەڵێت، پاشای تێر هەرگیز نایەوێت پاشایەتی گەلێکی برسی بکات

دەبینین پێکهاتەی ئەو دەوڵەتانە لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای دام و دەزگاکانی مۆدێرنیتەو دەوڵەت نەتەوەی ئەوروپی دانەمەزراوە، بەڵکو لەسەر بنەمای هاوسەنگی نێوان خێڵەکان دامەزراوە، ئەم شرۆڤە کردنە لەسەر زۆربەی دەوڵەتە عەرەبیەکان و تەنانەت ئەو دەوڵەتانەش پراکتیزە دەبێت، کە کوردستانیان بەسەر دابەش کراوە، بۆ نموونە هەر لە سعودیەوە بگرە تا دەگاتە کوێت و میرنشینەکانی تری کەنداو، هەموو لەسەر ئەو هاوسەنگیەی نێوان خێڵەکان دامەزراوە، دەسەڵات دراوەتەوە دەست گەورەترین خێڵ، بۆئەوەی کۆنترۆڵی تاک بە تاکی خێڵە بچووکەکانی تر بکات، بەمەش هەموو خێڵە بچووکەکان لەترسی ئەو خێڵە گەورەیە پەنا بۆ هێزی داگیرکەر، یاخود ئەو هێزەی لەسەر ئاستی هاوسەنگی هێزی جیهانیەوە هەژموونی بەسەر ناوچەکەوە هەیەو دەوڵەتەکە لەژێر سایەی ئەودایە دەبەن، بۆ ئەوەی لە مەترسیەکانی خێڵە گەورەکە بیانپارێزێت، هاوکات خێڵە گەورەکەش لە ترسی یەکگرتنی ئەو خێڵانە، هەمیشە لەژێر رەحمی دەوڵەتی داگیرکەردایە، بەمەش هەردوولایان بەرژەوەندی هێزی هەژموونکار مسۆگەر دەکەن، نەک بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانیان، وەک بانگەشەی بۆ دەکەن، هەر ئەمەشە سۆنگەی ئەوەی، ئەگەر تەماشای دام و دەزگاکانی ئەو دەوڵەتانە بکەین، بە شێوازە سیستەمە جیاوازیەکانیانەوە، زۆر جیاوازن لە دام و دەزگاکانی دەوڵەت نەتەوەی ئەوروپی، بۆ نمونە لەو دەوڵەتانە سوپا ئەرکی پاراستنی دەوڵەت و میللەت نابینێت، بەڵکو ئەرکی پاراستن و مانەوەی بەرژەوەندیەکانی بنەماڵەی دەسەڵاتدارو هێزی هەژمونکار دەبینێت، هاوکات رۆڵی بازاڕێکی گەورە دەبینێت بۆ ساغکردنەوەی چەک و ئەو کەل و پەلە سەربازیانەی دەوڵەتە سەرمایەداریەکانی رۆژئاوا بەرهەمی دەهێنن، واتە رۆڵی تەواوکاری خولی ئابووری سەرمایەداری و سوسیالیستی دەگێڕێت!.

لە ئەوروپا وتەیەک هەیە دەڵێت، پاشای تێر هەرگیز نایەوێت پاشایەتی گەلێکی برسی بکات، بۆیە هەمیشە هەوڵدەدات گەلەکەی تێر بێت، کەچی لەو دەوڵەتانەی، کە سیستەمی پاشایەتیان هەیە، جگە لە شانشینی ئوردن، کە ئەویش لەبەرئەوەی دەکەوێتە قووڵایی ستراتیژی و ئاسایشی ئیسرائیلەوە، هەموو پاشاکانی تر تێرن و گەلەکانیان لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین!. رەنگ بێت هەندێک جار دۆخەکە بە پێچەوانەوەی ئەو خوێندنەوەیە بێتە بەرچاو، وەک ئەوەی لە میسر روویدا، کە سوپا بەناو چووە پاڵ خەڵک و لە ململانێی نێوان دەسەڵات و خەڵک خۆی خستە بەرەی خەڵکەوە لەسەردەمی (حوسنی موبارەک)، بەڵام دوای ئەوە رێک بەگوێرەی رێنماییەکانی زلهێزەکان، بە تایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کودەتای بەسەر دەسەڵاتی ( موحەممەد مورسی) داکردوو خستیە زیندانەوە، راستە مورسی لە بەڕێوەبردن شکستی هێناو نەیتوانی لەو دۆخە هەستیارەی کۆمەڵگای میسری و هاوسەنگیە

جیهانیەكە تێبگات و لە رەهەندێكی ئیخوانیەوە، وەک میسریەكان خۆیان دەڵێن خەریک بوو هەموو دام و دەزگا مەدەنی و سەربازیەكانی میسر هەڵبوەشێنێتەوە، وەلێ ناتوانین ئەو راستیە فەرامۆش بكەین، كە مورسی لەرێگای هەڵبژاردن و ئەو ئامرازانەی دیموكراسی هاتە سەر كورسی دەسەڵات، كە پێوەری رۆژئاواییەكانە بۆ حوكمێكی دیموكراسی و دەبوایە لە رێگای هەمان ئامرازەوە لە كار لابردرابوایە، كەچی سوپا، بەرێككەوتنێک لەگەڵ وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا كودەتایەكی سەربازی ئەنجامداو دەستی بەسەر دەسەڵات داگرتەوە!. ئەو نمونانە بۆیە شیدەكەمەوە دەمەوێت بیسەلمێنم، كە دەولەتی نەتەوەیی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی، كە پێیان دەگوترا جیهانی سێیەم، لە ژێر كاریگەری گەشەسەندن و فراژی بوونی ناوەخۆیی نیە، بەڵكو مۆدێلێكی هاوردەكراوو چەسپێنراوە!.

هەندێک نمونە هەیە تێگەیشتن و شرۆڤەكردنی سەختترە لەوەی باسمان كرد، وەک نمونەی توركیا، چونكە دیارە لە ناوەڕاستەكانی سەدەی نۆزدەهەمەوە لەژێر كاریگەری مۆدێرنیتەی رۆژئاوا، بزووتنەوەی ناسیونالیستی توركی گەشەسەندنی گەورەی بەخۆیەوە بینی، بەڵام دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی توركیا بەرهەمی ئەو گەشەسەندنە نیە، بەڵكو لەسەر بنەمای دابەشكردنێكی جیۆپۆلەتیكی و شارستانی دامەزرا بە مەبەستی سڕینەوەی كەلتووری ئیسلامی و سۆفت پاوەری ئیسلامیانە لە توركیا، بۆیە دەبینین لە ماوەی زیاتر لە یەک سەدەدا توركە ناسیونالیستەكان ئەركیان سڕینەوەی هەموو مۆركێكی رۆژهەڵاتی و ئیسلامی بوو لە توركیا، چونكە دوای جەنگی یەكەمی جیهانی، راستە دەوڵەتی عوسمانی تێكشكا، وەلێ تێكشكانەكەی بە تەنیا سیاسی و سەربازی بوو، لە رووی پرەنسیپ و سۆفت پاوەرەوە، كە ئیسلام و ئاینزای سونی بوو بە بەهێزی مایەوە، بۆیە ئەگەری ئەوەی لێدەكرا بانگێكی خەلیفە ببێتە هۆی سەرلەنوێ بووژانەوەی ئیمپراتۆریای عوسمانی، كە ئەمەش لەگەڵ دارشتنەوەی نەخشەی سیاسی مۆدێرنیتە لە دوای جەنگدا نەدەگونجا، كە قۆناغی هەڵوەشانەوەو نەمانی ئیمپراتۆریاكان بوو.

ئەو دەوڵەتە توركیەی (مستەفا كەمال پاشا) بە یارمەتی بەریتانیەكان دایمەزراند، لە راستیدا ئەركی تێشكشاندنی ئەو سۆفت پاوەرەی كۆمەڵگای توركی بوو، كە جەنگی یەكەمی جیهانی نەیتوانی بوو تێكیبشكێنێت!. بۆیە مستەفا كەمال هەوڵیدا كەلتووری ئیسلامی لە توركیا لە رەگەوە دەربهێنێت، راستە لە كۆتاییەكانی سەدەی بیستەم بزووتنەوەی ئیخوانچیەتی لە توركیا سەریهەڵدایەوەو لە سەرەتاكانی هەزارەی سێیەمدا ئیسلامیەكان لە توركیا جڵەوی دەسەڵاتیان گرتەوە دەست، وەلێ ئەمجارەشیان یاریكردنی هەمان رۆل بوو بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەویش هاوسەنگی پێكردن بوو لەگەڵ ئێرانێكی شیعی، كە لە سالی (١٩٧٩) شۆڕشی بەرپا كردو هاتە سەر دەسەڵات. شایەنی ئاماژە پێكردنە لەو ماوەیەدا و لە پەنای هەمان دروشمی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، بزووتنەوەی كورد بەكارهێنرا بۆ ترساندن و باڵكردنی دەسەڵاتی سیاسی لە توركیا و ئەو دەوڵەتانەی كوردستانیان بەسەر دابەشكرا، بەمەبەستی زیاتر ملپێكەچكردنیان بۆ بەرژەوەندیەكانی رۆژئاوا. كەواتە لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا ئەوانەی پێیان دەگوترا دەولەتی نەتەوەیی ئەوانەشی وەک خەباتكاری دامەزراندنی


> ## ئەو ناوچەیان کردە تاقیگەیەك و گۆڕەپانێکی شەڕ بۆ ساغکردنەوەو تاقیکردنەوەی چەکەکان و پاراستنی ئەو هاوسەنگی هێزەی لە بەرژەوەندی ئەواندایە

دەوڵەتی نەتەوەیی نمایشیان پێدەکرا، هەردوولا لەیەک سەرچاوەوە سروشیان وەردەگرت و لە مەتەڵەکەی گیسکی هەیاسێ و راگرتنی هاوسەنگی لە نێوان هەردوولا زیاتر نەبوو، ئەمەش لەپێناو هێشتنەوەو خزمەتکردنی بەرژەوەندیەکانی وڵاتانی سەرمایەداری بەم دواییەش سۆڤیەت، کە لایەکیان لەسەر ژێی ناسیونالیستی و لایەکەی تریش لەسەر ژێی سوسیالیستی گەمەی دەکرد، ئامانجی هەردوولاش هێنانەدی بەرژەوەندیە جیۆپۆلەتیکیەکان و وەدەستهێنانی هەژموونی جیهانی بوو.

کەواتە کورد دەبێت جیاوازی لەنێوان دووشت بکات، ئەو شێوە سیاسیەی، لەچوارچێوەیدا کاردەکات، کە وەک ئاماژەمان پێکرد رەهەندێکی کاتیەو بەگوێرەی گۆڕانکاریەکان دەگۆڕێت، لەگەڵ ئەو چوارچێوە شارستانیەی، کە مۆرکی کوردبوون و مرۆڤ بوونی خۆی پێدەپارێزێت، دەبێت خاڵی یەکەم بکرێتە قوربانی خاڵی دووەم، کەچی بە پێچەوانەوە لەماوەی سەد ساڵی رابردوودا هەمیشە خاڵی دووەم، واتە ستراتیژ، کە مانەوەو پێشچوەچوونە کراوەتە قوربانی خاڵی یەکەم، ئێستا کورد گەیشتۆتە قۆناغێک لە مەترسیەکان، کە پێویستی بە بەخۆداچوونەوەیەکی جدی هەیە، لە پێناو مانەوەو پاراستنی رەهەندە ژیاری و تەنانەت ئەتنیکیەکەی خۆی، بۆیە دەبێت دەست بەرداری سیاسەتی بەدوژمنکردنی هەموو دەوروبەربێت و وازی لێبهێنێت، دیارە ئەمە بۆ هەموو گەلانی تری ناوچەکەش راستە و دەبێت لەشەڕو رووبەڕووبوونەوەی یەکتر خۆیان بپارێزن، کە لەبنەڕەتدا ئەو سیاسەتە بەرهەمی ئەو گەمە سیاسیە قێزەونەیە، کە مۆدێرنیتەی رۆژئاوا لە پێناو مانەوەی خۆی لە ناوچەکەداو پاراستنی بەرژەوەندیەکانی هێنایە بەرهەم، هەموو دژی هەموو، هەموو لە هەموو بترسێت!، کەواتە وەبەرهێنانی ترس لەلایەک گەورەترین زیانی بە پەیوەندی ئاشتیانەی نێوان گەلان و بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانە گەیاند، بەرامبەر ئەمەش گەورەترین قازانجی بۆ زلهێزو رکابەرە جیهانیەکان هەبوو، لەبەرئەوەی هەمیشە بەکارکردن لەسەر ئەو ترسە ئەو ناوچەیەیان کردە بازاڕیکی گرنگ بۆ چەک و کەل و پەلی سەربازی خۆیان، بە شێوازێکی تر، ئەو ناوچەیان کردە تاقیگەیەک و گۆڕەپانێکی شەڕ بۆ ساغکردنەوەو تاقیکردنەوەی چەکەکان و پاراستنی ئەو هاوسەنگی هێزەی لە بەرژەوەندی ئەواندایە

وتـار

# تازەگەری دیموکراتی بەرانبەر مۆدێرنیتەی سەرمایەداری



بەشی دوانزدە

## و . ڕەهەندی کۆمەڵگای ئەخلاق و سیاسی (کۆمەڵگای دیموکراتیك)

هەروەکو چۆن دەکرێ لەژێر سێ ڕەهەندی گرنگدا بیر لە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بکرێتەوە، دەشێت هەڵوێستێکی هاوشێوە سەبارەت بە تازەگەری دیموکراتیش جێگای باس بێت. بەرامبەر بە کۆمەڵگای بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، کۆمەڵگای پیشەسازی و کۆمەڵگای دەوڵەت . نەتەوە کە وەك ماهیەتی تایبەت و نابەردەوامە سەرەکیەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بیری لێدەکرێتەوە، ڕەهەندەکانی کۆمەڵگای ئەخلاق و سیاسی، کۆمەڵگای ئیکۆ . پیشەسازی و کۆمەڵگای کۆنفیدراڵی دیموکراتی وەك ڕەهەندەکانی تازەگەری دیموکراتیك دەردەکەونە پێش.

سەبارەت بە هەردوو سیستەمیش لە وردەکاریدا دەتوانرێت ڕەهەندەکان زیاد بکرێن. بەڵام بە هێڵە گشتیەکانیەوە ئەم ڕەهەندە سێیانەیە واتای پێویست بە پێناسەکانیان دەبەخشێت. لە بەشەکانی پێشووتردا بەشێوەیەکی فراوان شیکارمان دەرهەق بە ڕەهەندەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری ئەنجامدابوو. هەرچی تازەگەری دیموکراتییە لەمیانەی چوارچێوەی پێشکەوتنی مێژوویی و باسکردنی فاکتەرە سەرەکیەکانی و بەراوردکردنی لەگەڵ مۆدێرنیتەو شارستانیەتی کلاسیك هەوڵی خستنەڕووی درابوو. هەربۆیە جیاکردنەوەی بەشێوەی ڕەهەندە سەرەکیەکان و لە نزیکەوە پێناسەکردنیان، باس و هەڵوێستە کرداریەکانی بەهێز دەکات.

هەروەها دەمانتوانی کۆمەڵگای ئەخلاق و سیاسی وەك کۆمەڵگای دیموکراتی (کۆمیناڵی دیموکراتی) پێشکەش بکەین. چونکە دەشێت گونجاوترین پۆلێن بێت کەبەرامبەر کۆمەڵگای سەرمایەداری وەڵام بداتەوە. هەروەها لەبەر ئەوەی سروشتەکەی کۆمەڵگای دیموکراتیش لەخۆوە دەگرێت، لە بەبنەما گرتنی کۆمەڵگای

ئەخلاق و سیاسی وەك دەستەواژەیەکی پۆلێنی سەرەکی دوودڵیمان نەکرد. لە بەشە جیاوازەکانی بەرگرینامەدا کۆمەڵگای ئاماژە پێکراومان تاوتوێ کردووە. هەربۆیە ئەوەی لێرەدا ئەنجامی بدەم کۆکردنەوەو ئامادەکردنێکی بنەڕەتییە. بەر لە وەسفکردنی کۆمەڵگای ئەخلاقی و سیاسی، چەند خاڵێکی گرێدراو بە ناوەڕۆکەکەی دووبارە بکەینەوە لەجێگای خۆیدا دەبێت. ئەویش پەیوەندی گەوهەرییانەی کۆمەڵگای ئەخلاقی و سیاسییە لەلایەکەوە لەگەڵ چاکە، بەختەوەری، راستی و جوانی، لەلایەکی دیکەشەوە لەگەڵ ئازادی، یەکسانی و دیموکراسیخوازیی. چاکەو بەختەوەری لەبنەڕەتدا گەوهەری ئەخلاق پێکدێنن. دروستیش پەیوەندی بە حەقیقەتەوە هەیە. لەدەرەوەی کۆمەڵگای ئەخلاقی و سیاسی گەڕان بەدوای حەقیقەتدا بێهوودەیە. چونکە ئەوەی خاوەن خەسڵەتە ئەخلاقی و سیاسیەکان نەبێت حەقیقەت نادۆزێتەوە. هەرچی جوانییە، ئامانجی دەستەواژەی جوانناسی (ئەستاتیکا)یە. من بەخۆم جوانی دەرەوەی کۆمەڵگای ئەخلاقی و سیاسی بە جوانی دانانێم. چونکە جوانی ئەخلاقی و سیاسییە!. هەرچی سێیانەکەی دیکەیە، ئازادی، یەکسانی و دیموکراسییە چەندی بڵێی پەیوەندیەکەی لەگەڵ کۆمەڵگای ئەخلاقی و سیاسی شیکار کراوە. هیچ کۆمەڵگایەك بە قەدەر کۆمەڵگای ئەخلاقی و سیاسی ناتوانێت ئازادی، یەکسانی و دیموکراسی بەرهەم بهێنێت و دەستەبەر بکات.

یەکەمین بابەتی کۆکردنەوە پەیوەست بە ئاسۆو توانای گۆڕانکاری و وەرچەرخانی کۆمەڵگای ئەخلاقی و سیاسییە. بەو سیفەتەی پێکهاتەو هەبوونە سەرەکیەکەیەتی تا رەهەندی ئەخلاق و سیاسیەکەی لە ئارادابێت کۆمەڵگای ئەخلاقی و سیاسی بە کۆمەڵگایەك دادەنرێت کە خاوەن بەرفراوانترین ئاسۆو توانای گۆڕانکاری و وەرچەرخانە. بێگومان لە هیچ کۆمەڵگایەکدا ناتوانرێت ئەخلاق و سیاسەت بە تەواوی لەناوببرێت. بەڵام رۆڵەکەیان تا دواڕادا سنووردارو تەسك دەکرێتەوە. بۆ نموونە لە کۆمەڵگای مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا، لە ژێر حوکمڕانی دەوڵەت . نەتەوەدا ئەخلاق و سیاسەت بۆ نزمترین ئاست بچووك کراونەتەوە، تەنانەت بە جۆرێك بەرتەسك کراونەتەوە کە بە سنوورەکانی لەناوچوون گەیشتوون. بەدرێژی هەڵوەستەمان سەبارەت بە هۆکارو ئەنجامەکانی کردبوو. ئایا لە رەوشێکدا ئەخلاق و پۆلیتیکا سنوورداربکرێت کۆمەڵگا گۆڕاوە؟ نەخێر. بەپێچەوانەوە بەرتەسك کراوەتەوە، گۆڕانکاری و جیاوازیەکەی وەستێنراوە، تەنانەت ناچاری چوونیەکی کراوەو لە ژێر ستاتۆیەکی حقوقی زۆر دژواردا تووشی خنکان بووە. ئاسۆو توانای گۆڕان لەولاوە بمێنێت، لەپێناو پێگەیاندنی یەك چەشنە کولتووروهاووڵاتی لە مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا لە ژێر ناوی هۆمۆژەن (چوونیەك) کردندا گۆڕان بۆ دووالیزمی ئێمە .ئەوانی دیکە بچووك و تەسك کراوەتەوە. لە رواڵەتدا دیمەنێکی هەمەڕەنگ پیشان دەدرێت، وەك بڵێی کۆمەڵگای مۆدێرن لەناو گۆڕانکاریەکی بێ سنووردایە. ئەمە دیمەنێکی میدیاییەو بەتەواوی ئامانجەکەی پڕوپاگەندەیە. رەنگە شاراوەکەی ژێری یەکڕەنگە، یان نزیك بە خۆڵەمێشییە یان رەشێکی تێرە.

بەرامبەر بەمەش کۆمەڵگای دیموکراتی کە دۆخی تازەگەری دیموکراتی کۆمەڵگای ئەخلاقی و سیاسییە، ئەو کۆمەڵگایەیە کە هەرە زێدە لەناو

بەرفراوانترین جیاوازی و هەمەڕەنگیدا دەژی. بەبێ ئەوەی مەحکومی هاووڵاتێتی و کولتووری یەکچەشنی بکرێت، لە کۆمەڵگای دیموکراتیکدا هەر گرۆپێکی کۆمەڵایەتی دەتوانێت بە یەکەوە لەناو ئەو جیاوازیانەدا بژی کە لەدەوروبەری ناسنامەو کولتووری خۆی پێکدێت. لە جیاوازی ناسنامەوە تا دەگاتە جیاوازیە سیاسیەکان، جڤاتەکان دەتوانن پۆتانسێلی خۆیان بخەنەڕوو و بۆ ژیانێکی کاراو چالاکی وەریچەرخێنن. هیچ جڤاتێك مەترسی و نیگەرانی هۆمۆژەنێتی نییە. چونکە یەکڕەنگی بە قێزەونی، بێزاری و هەژاری دادەنرێت. هەرچی فرە ڕەنگییە دەوڵەمەندی ل وێبووردەیی و جوانی لەخۆوە دەگرێت. لەم هەلومەرجانەدا ئازادی و یەکسانیەکی زیاتر دەستەبەر دەبێت. تەنیا ئەو ئازادی و یەکسانییە بەهادارن کە پشت بە جیاوازیەکان دەبەستن. هەرچی ئەو ئازادی و یەکسانیەیە کە بەدەستی دەوڵەت . نەتەوە بەدیهاتووە، هەروەك لە تەواوی ئەزموونەکانی جیهانیشدا سەلمێنراوە تەنیا لەپێناو پاوانەکاندایە. چونکە یەکسانی و ئازادی ڕاستەقینە لەلایەن پاوانەکانی سەرمایەو دەسەڵاتەوە نابەخشرێت، بەڵکو ئازادی و یەکسانی تەنیا لەمیانەی شێوازی سیاسەتی دیموکراتیانەی کۆمەڵگای دیموکراتیانەوە بەدەست دەهێنرێت، لە ڕێگای بەرگری گەوهەریشەوە دەپارێزرێت.

لەوانەیە ئەم پرسیارە بکرێت: سیستەمێك چۆن ئەم هەموو جیاوازیەی پێ هەڵدەگیرێت؟ ئەو وەڵامەی بدرێتەوە، یەکێتی لە بناخەی کۆمەڵگای ئەخلاقی و سیاسیدایە. تاکە بەهایەک کە هیچ تاك و گرۆپێك سازشکاری تێدا ناکات و دەستبەرداری نابێت، سووربوونە لەسەر مانەوە بەشێوەی کۆمەڵگای ئەخلاقی و سیاسی. تاکە مەرجی پێویست بۆ جیاوازیەکان، ئازادی و یەکسانی کۆمەڵگای ئەخلاقی و سیاسییە. چەندەی بەسەر دەچێت کۆمەڵگای دیموکراتی وەك دۆخی هاوچەرخ (مۆدێرن)ی کۆمەڵگای مێژوویی خۆی دەسەلمێنێت.

لیبڕالیزم بەو سیفەتەی ئایدیۆلۆژیای ناوەندی سیستەمی فەرمییە لەپێناو سەراوبنکردنی ئەم ڕاستییە ئامرازو بەڵگەگەلێکی زۆر بەکار دێنێت. تەنانەت هێندەی نەماوە خۆی لەگەڵ دیموکراسی هاوواتا بکات. تێکەڵاوی و ئاڵۆزیەکی تەواوی دەستەواژەکان دروست دەکات. بەرچاوترین نموونەی ئەمەش، سەرباری ئەوەی لیبڕالیزم ئایدیۆلۆژیایە بەڵام خۆی لەگەڵ دیموکراسی هاوواتا دەکات کە سیستەمێکی سیاسییە. کەچی لەناوەڕۆکدا لیبرالیزم بەواتای ئەو وێرانکاریانە دێت کە تاك لەسەر کۆمەڵگا خوڵقاندوویەتی، باڵادەستی پاوانەکان بەسەر کۆمەڵگادا ئەمە دەسەلمێنێت. بەهۆی بونیادە نادیموکراتیەکەی لە خێزانەوە تا دەگاتە دەوڵەت لەناو هەر جۆرە مەیلێکی تاکڕەوی و دیکتاتۆریەتدا دەبێت. هەرچی تاکێتی دیموکراتییە جیاوازە. بەو سیفەتەی دەنگی هاوبەش و بڕیارداری کۆمەڵگایە تاك دەردەخاتە پێش. تەنیا کاتێك ئەم دەنگ و بەبڕیاربوونە بە بنەما بگرێت، تاك بەهادار دەبێت. پێگەیەکی ڕێزدار لەناو کۆمەڵگا بەدەستدێنێت. لە دۆخێکی بەمجۆرەدا بەو سیفەتەی تاکڕەوێتی لیبڕالیزم جۆرێك لە جۆرەکانی پاوانی بێ سنوورو لە ژمار نەهاتووە، دژە دیموکراتییە. هیچ ئاڵۆزکردنی زاراوەو چەنەبازیەکی لیبڕالیزم و نیوولیبڕالیزم ناتوانێت ئەم خەسڵەتە بنەڕەتیەی بگۆڕێت. لیبڕالیزم کە وەك وشە لەجێگای ئازادبوونیش بەکاردەهێنرێت، لەبواری کرداریدا سەلماندوویەتی کە لەپێناو پەرەسەندنی بێ سنووری پاوانەکان

**لە بنەڕەتدا ئەوەی لەژێر ناوی یاسادا ئەنجام دەدرێت پاوانخوازی چینە، ئافراندنی پاوانخوازی حقوقە. چونکە ناشێت سروشتێکی یەکجار ئاڵۆزی وەك کۆمەڵگا لە ڕێگای یاساو حقوقەوە بەڕێوەببرێت.**

ئەم ناوەی لەخۆی بارکردووە. ئەو ئازادییەی لە رواڵەتدا پێشکەش دەکرێت، لە بواری پراکتیکیدا کۆت و زنجیرێکی ماددی و ئایدیۆلۆژی هەمەجۆری ئەوتۆی لێدراوە کە تەنانەت لە مێژوو و لە رژێمە فیرعەونیەکانیشدا نەبینراون. تەنیا کاتێك بە رەهەندی کۆمەڵایەتیەوە پاڵپشتی بکرێت ئازادی راستەقینە لەناو کۆمەڵگایەکدا واتادار دەبێت. هەرچی ئەو ئازادییانەی تاکە کەسە کە پاڵپشتی کۆمەڵگای لە پشتەوە نییە تەنیا واتای پاشکۆیەتی بۆ ویژدانی پاوانەکان دەبەخشێت، ئەمەش گوزارشت لە دۆخێکی پێچەوانەی رۆحی ئازادی دەکات. هەڵبەتە لیبڕالیزم کێشەیەکی نییە ناوی یەکسانی بێت.

لە هەلومەرجەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا کۆمەڵگای ئەخلاق لە خراپترین دۆخی گەمارۆدان دایە، لە بێ رۆڵی و بێ بایەخترین رەوشی مێژووی خۆیدا دەژی. هەروەها بەجۆرێك کۆدەکانی حقوق لەجێگای رێسا ئەخلاقیەکاندا جێگیرکراون کە لەهیچ سەردەمێك و قۆناخێکی مێژوودا نەبینراوە. چینی بۆرژوازی ئەخلاق دەخاتە پەراوێزەوەو لەژێرناوی یاسادا تا وردترین داتاکانی باڵادەستی چینایەتی خۆی دەکات بە جفرەو کۆد و بەسەر کۆمەڵگایدا دەسەپێنێت. کۆمەڵگای یاسایی لەجێگای کۆمەڵگای ئەخلاق جێگیر دەکرێت. لێرەدا رووبەڕووی گۆڕانکاریەکی زۆر گرنگ دەبینەوە، چونکە بە درێژایی مێژوو شارستانیەت رووبەڕووی هەوڵەکانی قانوونگەرایی بووینەتەوە، بەڵام هیچ یەکێکیان هێندەی ئەوەی سەردەمی مۆدێرنیتەی بۆرژوازی لەناو وردەکاری داتاکاندا نەخنکێندراوە. لە بنەڕەتدا ئەوەی لەژێر ناوی یاسادا ئەنجام دەدرێت پاوانخوازی چینە، ئافراندنی پاوانخوازی حقوقە. چونکە ناشێت سروشتێکی یەکجار ئاڵۆزی وەك کۆمەڵگا لە رێگای یاساو حقوقەوە بەڕێوەببرێت. بێگومان بەو مەرجەی عادیلانە بێت جێگای حقوق لەناو کۆمەڵگادا هەیە، لەم چوارچێوەیەدا حقوق دەستلێبەرنەدراوە. بەڵام ئەوەی لەژێر ناوی حقوقی پۆزێتیفیستدا لەلایەن دەوڵەتەوە بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێنرێت حقوقی عادیلانە نییە، بەڵکو پاوانخوازی نەتەوەو چینی دەسەڵاتدارە کە چۆتە ناو حقوقەوە، رێساگەرایی دەوڵەت . نەتەوەیە. وێرانکردنی ئەخلاق لەگەڵ وێرانکردنی کۆمەڵگا هەمان واتایان هەیە، رووداوەکان ئەم راستیە دەسەلمێنن. کۆمەڵگا بەرچاوەکانی لەجۆری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو روسیا تەنانەت یەك کاتژمێریش بەبێ ستاتۆ، واتا بەبێ هەبوونی رێسا فەرمیەکانی یاساو حقوق ناتوانن لەسەر

پێ بمێننەوە. هەر وەکو لە قۆناخەکانی تەنگەژەدا بینیومانە ئەگەر یاساو حقوقی فەرمی نەبێت ناوەبەناوە کۆمەڵگا دەبێتە گۆڕەپانێکی ترس و پەژارە.

لەبنەڕەتدا ئەم رەوشە گوزارشت لە راستیەك دەکات. دەوڵەت . نەتەوەمان وەک دۆخێکی شەڕ پێناسە کرد کە تا ناو شانەو مەمیلەکانی کۆمەڵگا سەپێنراوە. لە قۆناخەکانی تەنگەژەو قەیراندا بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا ئەم راستییە دەسەلمێنرێت. کۆمەڵگاکانی یاسای فەرمی گەورەترین پۆتانسێلی قەیران لە خۆوە دەگرن. هۆکاری ئەمەش بێ بەشبوونێتی لە پرەنسیپی ئەخلاقی. ئەگەر لە ئاستی کارەساتدا ژینگە دووچاری قەیران هاتووە، هۆکاری ئەمە شانبەشانی نەبوونی رەهەندی ئەخلاقی بۆ پێشنەخستنی حقوقی ژینگەش دەگەڕێتەوە. وەك دەزانرێت ژینگە بابەتێك نییە لەرێگای حقوقەوە بپارێزرێت، چونکە بێ سنوورو ناکۆتایە، هەرچی کاریگەری چالاکی حقوقییە تا دواڕادە سنوورەکان تەسك دەکاتەوە. لەم سۆنگەیەوە؛ کەوتن و بێبەری بوون لە پرەنسیپی کۆمەڵگای ئەخلاقی لە ژێر کێشەی ئیکۆلۆژیدا شاراوەیە. کۆمەڵگایەك شوێنگەی شایستە بە پرەنسیپی کۆمەڵگای ئەخلاقی نەدات نە لەناو بونیادەکەی، نە لەدەوروبەرو ژینگەکەی دەرفەتی بەردەوامبوونی نامێنێ. واقیعی ئێستامان زۆر باش ئەم مەسەلەیە روون دەکاتەوە.

هەمان خاڵ بۆ پرەنسیپی کۆمەڵگای سیاسیش لەجێگای خۆیدایە. کاتێك ئیدارە بیرۆکراتییە زەبەلاحەکەی دەوڵەت.نەتەوە لەجێگای سیاسەت دابنرێت، رۆڵ و چالاکی دیموکراتیانەی کۆمەڵگاکان نامێنێت. ئەو کۆمەڵگایەی ئیدارەگەرایی دەوڵەت . نەتەوە بۆ ناو وردترین شانەو مەمیلەکانی دزەی کردووە گوزارشت لە دۆخی کۆمەڵگایەکی ئیفلیج دەکات. کۆمەڵگایەك سەرجەم کردەکانی کارە هاوبەشەکانی بۆ بیرۆکراسی جێهێشتبێت، لە راستیدا هەم لە بواری زهنیەوە هەمیش لەبواری ئیرادەوە لەراستیدا لە دۆخێکی ئیفلیجکراودا دەژیت. ئەوروپا کە هەستی بەمە کرد، هەروا بەبێ هۆکار بە هەموو هێزیەوە خۆی لە پرەنسیپی سیاسەتی دیموکراتیەوە نەپێچاوە. پێشکەوتنە کەمەکەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شانبەشانی بیرۆکراسی هەر چەندە سنووردارێش بێت دەرفەتی بە سیاسەتی کۆمەڵایەتی داوە.

لە روانگەی دەوڵەت . نەتەوەی مۆدێرنیتەوە کۆمەڵگای سیاسی هەڕەشەیەکە بەرامبەر بە هەبوون، یەکێتی و یەکپارچەییەکەی. ئیدارەگەرایی و بیروکراتیزمی دەوڵەت . نەتەوەش چوارچێوەی گەمارۆدان و بەرتەسککردنەوەی فاکتەری سیاسی تێپەڕ کردووە کە گوزارشت لەدۆخی هەبوونی کۆمەڵگا دەکات و بەشێوەیەکی کردەیی ئیفلیجی کردووە، تەنیا وەك شمشێری دیموکلیس لەسەر سەری کۆمەڵگا رانەگیراون، بەڵکو کاتژمێر بە کاتژمێر کۆمەڵگا لەت لەت دەکات. هەروەك چۆن ئەمە سەرەکیترین کێشەی فەلسەفەی سیاسی سەردەمەکەمانە، لەهەمانکاتدا بە سیفەتی فاشیزم لەبواری کرداریدا گەورەترین کۆسپی بەردەم ژیانە. پێشتر گوتبووم وەك کەس هیتلەر دۆڕا، بەڵام سیستەمەکەی سەرکەوتنی بەدەستهێنا. لەبواری لەناوبردنی کۆمەڵگای سیاسیدا دەوڵەتگەرایی نەتەوە یەکسانە بە فاشیزمی هیتلەر (ئەگەر هیتلەر یەکەمین کەسیش نەبێت کە لەمەدا سەرکەوتووە، بەڵام ئەو کەسەیە کە بەشێوەیەکی فەرمی رایگەیاندو خاوەندارێتی لێکرد).

# هەرجارە
# و
# ناودارێك



## شێخ سەعیدی پیران

شیخ سەعید ساڵی ١٨٦٥ لە ناوچەی پاڵوو لەدایکبووە. یەکێکە لە شێخە بەرزەکانی نەقشبەندی. لە پاش مردنی باپیرەی شێخ عەلی، باوکی ناوچەی پاڵووی بەجێ هێشتووە و ڕووی کردۆتە شاری خنیس. شێخ سەعید خوێندنی دینی لەو شارە تەواو کردوە، لە کوتایی هاوینی ١٩٢٣ یوسف زیبا کە سەرۆکێکی بزوتنەوەی کورد و نائیبی کۆنی شاری بەتلیس بووە لە پەرلەمانی تورکیادا، چۆتە خنیس بۆ لای شێخ سەعید و ڕێکەوتوون لەسەر ئەوەی بڕیاری هەڵگیرسانی شۆرشێکی نوێ بدەن. لە زستانی ١٩٢٣ تا ١٩٢٤ سەرۆک هۆزەکان و ئەندامە چالاکەکانی کۆمەڵەی سەرخۆبوون کۆبونەوەی فراوانیان لە ناوچەی پاڵوو بەست کە تیایدا باس لە فراوانکردن و خۆسازدان بوو بۆ چالاکی کردن لە پێناو بزوتنەوەی نهینی و خۆ ئامادەکردن بۆ ڕاپەڕینی نۆی بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

لە کۆتایی مانگی نیسان بە هۆی خیانەتی سەرۆکی هۆزی جبرانان و قاسم بەگی جبرانەوە، شێخ سەعید، شێخ عەبدوڵا، عەلی غالب ، ڕەشید ئاغا و ٢٦ شۆرشگێڕی تر لەسەر پردی چەمی مۆراچ لە ناوچەی گەنج بەدیلی گیران. لەدوای دادگایکردنی شێخ سەعید و هاورێکانی لە کۆتایی مانگی ئایارەوە کە دەستی پێکرد و ماوەی یەک مانگی خایاند، جگە لە شێخ سەعید، ٤٧ تێکۆشەری کورد بڕیاری لەسێدارەدانی دەرکرا و لە دیاربەکر لە سێدارە دران.

/http://www.komelge.com
**goran.a.hesen@hotmail.com**
@azadi komelge
Iraq, slemani,